# دەربار

خوسرەو جاف

٢

دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی

زنجیرەی ڕۆشنبیری
*

**خاوەنی ئیمتیاز: شەوکەت شێخ یەزدین**

**سەرنووسەر: بەدران ئەحمەد حەبیب**
* * *

ناوونیشان: دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، گەڕەکی خانزاد، هەولێر

# دەربار

خوسرەو جاف

بەرگی دووەم

ناوی کتێب: دەربار – بەرگی دووەم
نووسینی: خوسرەو جاف
بڵاوکراوەی ئاراس– ژمارە: ٤٥٤
نووسیاری – تحریر: فەخرەدین ئامێدیان
هەڵەگری: جەلال ئەلیاس + شێرزاد فەقێ ئیسماعیل
سەرپەرشتیاری چاپ: ئاوڕەحمانی حاجی مەحموود
چاپی یەکەم: ٢٠٠٦
لە کتێبخانەی گشتیی هەولێر ژمارە (٣٤٠)ی ساڵی ٢٠٠٦ی دراوەتێ

## ١٤

– کوێخا مەحموو شایی هاوە دەسە و بایەت پەنجشەموو خۆمان برەسینە "کێلەبەرزە".

– وەی عومرە توات دووبارە ژن بارت؟

– نە ئەرا خۆی، ئەرای زەفەر کوڕی. کوڕگەل ئەودیو کلکردنەسە نوامانا، وەنەزەرم جەنگ وەدەسیانەوە بوت. وەقەدیم وتنە وە شایی و جەنگ ئادەم بایەد پوشتەوت. ئەول چیمنە لای مەلا حیلمی، دویوم خۆمان ڕەسنینە کیلەبەرزە ئەڕا شایی و زەماوەن. ڕەحمان! توای بایت؟

– ئەرا نیەتوام؟ وەلی وەزعەکەم دوینیت؛ نە پەلاس شایی دیرم و نە تفەنگ جەنگ.

– هەردووکی دەم پیت، وەلی ترسم بکوشنەت؟

– کوشیام، کوشیام. دونیا وەئاخر نێوت. ئمڕو یا سوو هەر کوشنەم، بیلە ڕوژی زویتر بکوشنەم.

ئەوکە هەستایە لای بوخچەیەکەوە تووڕی دا بۆ ڕەحمان و تفەنگێکی MI یەکیش بەدیوارەوە هەڵواسرابوو لەگەڵ ڕەزنێکی پڕ لە فیشەکدا لە دیواری کردەوە و بەڕەحمانی وت: بایە دەر.

پێنج فیشەکی خستە خانەی و وتی:

– وەعەقڵم زانی چجوری شەنگ وە تفەنگ خەن.

– ئەوە زانم، وەلی تیرئەندازی نەکردمە.

ئەوکە وەک مامۆستایەک کەوتە باسی چۆن چۆنین تفەنگ گرتن و چوونە قەرەوڵ و نیشان گرتن و هەناسە ڕاگرتن و فیشەکەکانی لە تفەنگەکە دەرهێنا و وتی:

– بزانم زانیت بچیتە قەرەوڵەو؟

ڕەحمان قوناغی تفەنگی لە ئامێز گرت و بەو شێوەی ئەوکە وتوبووی سیب و قەرەوڵ و نیشانی جووت کرد. ڕەحمان فیشەکەکانی دا بەئەوکە و وتی:

– بخەرەی خانە و ئنجا دەستی بۆ بەردێک درێژ کرد و وتی:

– ئەو بەردە تەرامە دونیت؟

– ئا.. دوینمەی.

– سەنگە بچکەکە بزانم دەی لە کورە؟

ڕەحمان دووبارە ڕۆیشتە قەرەوڵەوە. کە پەنجەی لە پەلەپیتکەدا هێنا دوو مەتر کورتی هێنا.

ئەوکە دەستی خستە سەر شانی ڕەحمان:

– خاس ئەرای چیت. کورت دایەتە دەمیە و یەکەمی سەر بدە دەمیە و گومانم خاستروت.

ڕەحمان دووبارە ڕۆیشتەوە قەرەوڵەوە و ئەم جارەش نەیپێکا بەڵام لە یەکەم تەقە باشتر بۆ چوو.

ئەوکە ڕەزنە فیشەکەکەی هەوادا بۆ ڕەحمان وتی:

– ئەو ڕەزنە بوەسەی تا برنویگ ئەڕات پەیداکەم.

دەستەکەی ئەوکە بەڕەحمانەوە دە کەس دەبوون، هەر یەکەیان

داستانێکی تایبەتییان لێ ڕوودرابوو بەناچاری کەوتووبوونە ئەو کەژ و کێوە و بەلای ئەوکەوە گیرسابوونەوە و بێ یەک و دوو ئەوی ئەوکە بیوتایا ئەنجامیان دەدا. بەپێی ڕووداوەکان بۆیان دەرکەوتبوو لە هەموویان بەئەزموونتر و لە هەموویان ئازاترە. ئەوکە بۆ ڕۆژی مەبادا و لێقەومان قایمەکاری زۆری کردبوو. پەیوەندی لەگەڵ کوێخاگەلی ئەم دیو و ئەودیودا بتەو و دۆستانە بوو. لە زۆربەی گرفتاری و ڕووداوەکانی ناوچەکەدا قسەیان لێ دەبیست، لە شین و شاییياندا بەشداری دەکرد. ئەوکە بێ ئەوەی لا بەلای یەکێکەوە بکا وتی:

– شەو سوو کەفینە ڕی.

کانییەکی گچکەلانە لە چەند مەتری ئەشکەوتەکەدا ئاوێکی خاوێن و ساف و زەلالی لێ دەهات؛ بە بەردوتل بەریان بەستبوو. ئەوکە ڕوو بەکانی ڕۆیشت و ڕەحمان کەوتە دوای. چەند شڵپێک ئاوی دا بەڕوخساریا. ڕەحمانیش دەستی خستە ناو ئاوەکە و وتی:

– فرە ساردە.

– تاوسانیش هەروا ساردە.

– ئیشم با شەڕ ئەی داڵک خیزە لەسەر ئەی مەردوومە کەم کەینەو.

– ڕەحمانە. یەکار ئاسانی نییە. من ترس لە دەوڵەت نەیرم ترس من وە کوردیەل ئەو دیمە. ترسم بچنە ژیر پایانە و زانی چە گرفتاری ئەڕامان دروست کەن؟ وە ئەلی ڕوژگارمان سیاکەن.

– کی چتە ژیر پایانەو؟

– ئیشم نیەزانی. باوەڕ نێکەی، دەوڵەت ئێران.

– خاسە توو خۆت بخە کەنار من دەست وەکارم فەقەت یەک دوو نەفەر بخە تەکم وە ئەلی نقی برِم.

توو نەفامی، نەفام. عەزیزی کوشتن ئاسان نییە عەزیزی با دە نەفر کەم نێتێت. گیرم توانیمان بکوشینەی. ئەی دەورو وەری شەلەقتن.

– شەلەقت. بیلە با بشەلەقت. توو گوش شل کە بزانە کوشتن عەزیزی وەی سەختییە نییە. ڕۆژیەل زندانیم وەپاسگا کوڕخاسیک وەپاسگا جریک بی وەناو ئەلانەزەر. وەختی من و باوکم وەسەر و سمیل تاشیای دی فرە وە پی گران بی. ئەڕا خۆیشی دڵ پڕی وە سەروان عەزیزی داشت. فکر کەم وەڕی ئەوە توانیم دەست بووەشینیم. ئاخر ئەلانەزە وەک شکاروان عەزیزییە هەر وەخت بچیتە شکار ئەلانەزەر دوو کەس وەل خۆیا ئەوات و بەس. هەر هەفتەش چتە شکار.

– یانی توای ئەو ئەرامان بکوشتەی.

– نا ئیمە کوشنەی وەلی ئەو دەستمان خاتە بانی. دوای کوشتنی هەشت نوو ڕۆژی ئەوتە قاڵ و دامرتە و وەسەی براکە ئاولە ئاو تەکان نیەخوات.

ئەرا ئەیقەرە ترس چەتەیەل عێراقی چویەسە دڵتەو کاریان وەئیمەوە چەس. ئەوان ئەرا خۆیان و ئیمەش ئەرا خۆمان.

– ئیشم نێفەهمی، یانی نێفەهمی. ئەوان وا نازانن وەک ئیمەون. ئیش پیشمەرگەن و وەل دەوڵەت عەبدولکەریم قاسم جەنگن.

– ئیمە زانین ئەرا جەنگین. ئەوان ئەرا چە؟

– ئەرا کورد؟

– توان چە بکەن ئەرا کورد؟

– منیش فرەخاس نێزانم، ئیشن کوردوستان ئازادکەین.

ئەی ئاشـە. ئاو فـرە توات. بیلەم باپرس و جـوی وەل مـەلا حلمی بکەم. ئەگەر وت بکوشەی کوشیمنەی، ئەگەر وەت کار گەنیە، ئەو فکرە لە مەغزت بارانە دەر.

– ئەگـەر چەتەیەل ڕاست کـەن و ئەرا کـورد ئەجـەنگن. ئیـمـە وا ئاسمان نەهاتینەسە خوار، ئیمەش وەک ئەوان کوردین مەگەر نیەوینن ئەی شمرە ڕوزگار کورد بیچارەی لای ئیمە سیا کردیە، دوینن؟ مەگەر نا؟ وەت وەپیت نە کـوشـەی کـار خـراویگە وەسـەی براکـە لە ئیـمـە چەتەترن.

هەر بەئێوارەوە. ئاسمان سکی خستبووە سەر زەوی. کزە بایەکی ســاردی لەش تەزین دار و درەخـتـی هێنابووە ســەمــا. لە نێــو ئەشکەوتەکــەدا دووسێ ژووری بچکۆلانەیان لە تل و بەرد و قــوڕ سازاندبوو، لە جویەی دەرگا پەتوویان دابووە دەرگادا. لەملاولاوە بزن و مەڕ و ماڵاتییان بەدیاری بۆ دەهات یا دەیاننارده سەر بڕێک کەس تا بۆیان بنێرن؛ شەوانە لە ئەشکەوتەکەدا دەیانپارازتن. بەفر دەستی پێکردبوو، لورەی با دەهات، ئاگـردانی نێـوەڕاسـتی ژوور پڕ بوو لە سکڵ و پشکۆی داربەڕۆ، کتریبەکی دووکەڵاوی نرابووە لای ئاگرەوە. چەندین ڕەزنی فیشـەک کرابووە مێخی سەر دیوار. تفەنگەکانیان بەدیوارا سپێرابوو، سەری لوولەکانیان پارچەیەکی تێ ئاخنرابوو کە مـشک و مـوور بەبنمـێـچـەوە دەجـووڵانەوە تا خـۆڵیـان تێ نەچێت. هەمــوویان پشــتـوێنیـان کـردبوویەوە، ئەوکـە دەمـانـچـەیەکی ڕووتی خستبووە ژێر چۆکییەوە و لە خۆی دووری نەدەخستەوە. ڕادیۆیەکی ترانزسـتـۆری لە بندەسـتـیدا گـرمـەی دەهات، ڕووی کـردە یەکێک لە چەکدارەکان:

– حوسەینە! بچوو سەرێ لە نگهبانەکە بدە. عەلی فرە وەخەو حیزە. ئیمە وە هەوای ئەوەو پشت کردینەسەو. بچوو بزانە نەخەفتیە؟ حوسەین فەرەنجی لێوەبەرکرد و ڕۆیشتە دەرەوە.

ئەوکە دەیزانی ڕەحمان بنە دەنگێکی بەلایەوەیە:

– خێر جەد و ئابادت یە دەم هورە بچڕە ئەڕام. ئیمشەو چمانە داڵەهو غەم نیشتیەتە کولْم.

حوسەین هاتەوە ژوور و وتی:

– بیدارە. وەلی فرەخاس دایدایە، ئەگەر هەروا بچت شەوسوو ڕێیەوبان بەست وەنوای عەلی نەوتن نورە نگهبانی کێیس؟

– نورەی فەرەجە. بیلەی، وە ئەلی تا هورەی ڕەحمانە نەشنەفم ئەگەر خود عەزیزیش هاتوت نیەچمە دەر.

– دەی ڕەحمانە ئەرا وسیایتە؟

دەنگم دەر نیەتت، وەلی چەبکەم چرم.. دوو سێ جار کۆکەی کرد و قورگی ساف کرد و دەستی خستە بناگوێی. ڕەحمان گەرم بووبوو بەیتی خۆماڵی دەوت:

جفتی چاو دیریت چو پیاڵەی چینی
وەقەسر خەیتەی کرمانشان دوینی

چوار پێنج پیاڵە و ژێر پیاڵە بەسەر سینییەکی چڵکنەوە نزیک بەئاگردان لەگەڵ شەکردانێکی پڕ لە شەکری کلۆی دەستکردا دانرابوو. مەجید باوەجانی، دەستەسرە چڵکنەکەی لە پشتوێن دەرهێنا و دەستەی کتری گرت و چای تێکرد؛ ڕەحمان هورەی بڕییەوە. سەرجەم وتیان: دەمخۆش. مەجید باوجانی شەکردانەکەی لە ڕەحمان نزیک کردەوە و وتی:

– بەهەرچی ئایین هەیە. ئەگەر ڕادیۆی کرمشـان بزانن دەنگی وات بەلایەوەیە. کون بەکون بەدواتا دەگەڕیەن. نەگبەتتە گەیشتووتەتە من.

ڕەحمان جۆری دانیشتنەکەی گۆڕی وتی:

– هەر وەخت بچوما تاران ئەلای مامەیارە، ئەمیر ئینتیزام کلەکردە نواما تا هورە ئەرای بچڕم.. وەمامۆ یارە ئەوت:

– یارە ڕیقو وە ئەلی ئەی یەتیمە ئەگەر خاوەن خۆی بووت. ئەوتە کارەیی.

ئەوکە ڕادیۆکەی خستبووە سەر ئێستگەی کرماشان بەرنامەی شیعر و موسیقایان پەخش دەکردەوە. ئەوکە دایە سەر چۆکیدا و وتی:

– حەیف سەواد نەیرم وەی شیعرانە نیەفەهمم. وەلی پەیداس فرە نازەنینە.

ڕەحمان کلۆیەک شەکەر لە دەمیدا بوو پفی لە چای ناو ژێرپیاڵەکە دەکرد وتی:

– من سەواد دیرم و فرە کەم لەلی فەهمم.

– با قاتی کورگەل ئەو دیو بایت ئەو وەخت خاس فەهمی. شەوەکی کەفیمنە ڕا.

مەجید باوەجانی وتی:

– دەمەوێ ئاو گەرم کەم، مەلە بکەم.

ئەوکە سەرێکی سووڕدا و وتی:

– لە کەیەوە خۆت نەشۆردووە؟

– سێ ڕۆژ دەبێت.

– هەم خۆت شوریت؟

مەجید سەرێکی بۆ لەقاندەوە.

دووبارە ڕووی کردە یەکێکی دی لە چەکدارەکان و وتی:

– سوبحان! تۆ چی؟

.. من چە؟

– چەند مانگە مەلە نەکردیتە؟

– وە یادگار گشتی بیست ڕۆژ نیەوت مەلە کردمە. چییە مەگە سونەم گشت هەفتە مەلە بکەم.

– ڕاست کەیت فایدە نەیرت تەواو ئاو ڕێژاو تویەکی تەمێز نیەکاتەو. شەرت وەسم وەلتا هەریەک دانە لە سپێیەکانت مەگەر بڕنەو بکوشتەی، ئەیقەرە گەورەن مەگەر نا؟

– بیشم چە؟

یەک دوو کار و بزن لە ئەشکەوتەکەدا دەیانباران. ئەوکە لە ئەشکەوت وەدەرهات. هەوری ئاسمان درنێی دابوو تا دەبوو ڕۆشنتر دەبوویەوە. سەرتاسەری چیا و دۆڵ و دەربەند و دەوروبەر سپیپۆش و زەردەی هەتاو کەم هەناسە و بێ گوڕ دەیدا لە دەشت و دەر. ئەلماسەی بەفری دەبریسکانەوە هەتا تا دەبوو گوڕی دەسەندەوە هەڵەپەلانە لە لووتکەی چیا چیا دەبوویەوە، ڕەحمانیش لە ئەشکەوت وەدەرهات و باویشکێکی دا و هەردوو دەستی بڵاوکردەوە و لەشی ڕاکێشا و بەدەم باوێشک دانەوە وتی:

– گومانم لە نیم مەتر فرەتر بارییە.

ئەوکە نەڕاندی:

– سوبحان! سوبحانە! سەلیم! بانە ئەیرا.

سوبحان و سەلیم هاتنە پێشەوە. سوبحان کراسەکەی بەسەر ڕانەکەکەیدا شۆڕ کردبوویەوە.

- ئیمە چیمن. دووسێ ڕۆژی وەپیمان چت هەردووکتان مەننە ئەیرا، موازب ون.

سوبحان وتی:

- ئیشی ئیمە نەیاین؟

- ئەیرا نەبایەت چووڵ بوت. یەک دوو کەسی بایەت موازب ئەیرا وت.

ئەوکە چاوەڕوانی وەڵامی سوبحان نەبوو. سوبحانیش کە نواڕییە چاوی ئەوکەدا زانی لە مێژدا بڕیاری داوە ئەو و سەلیم بمێننەوە.

ئەوکە لە پێشەوە، حەوت چەکداری گورج و گۆڵ و بەقولی بەدواوە بوو. هەر هەشتیان وشک بوون لە فیشەکدا، تا خوارتر دەبوونەوە بەفرەکە تەنکتر و کەمتر دەهاتە چاو.

ئەوکە بێ ئەوە لا بەدواوە کا:

- ئەگەر هەروا بچیمن تا نیوەڕو ڕەسیمنە "بیلولە". مەلا حلمی خۆی فرِدایەسە جای خاسی وە ئەلی! دە کوڕ خاس نوای ئەرتشی گرت.. ئیمە ئەول چیمنە جەنگ. هەرکی نیەتوات بجەنگد. مەیل خۆیەسی، وەلی من یەکی جەنگم.

هەموویان یەک دەنگ وتیان! جەنگیمن. مەگەر ئەڕا چە هاتیمنە؟

- دوای جەنگ چیمنە زەماوەن. خاس وی قاڵ ئەی عەروسیە بڕیاوەو. زەفەر کار خۆی کرد و مارف کوێخا زەمان نک نائومید ئاو سارد بخواتەو. ئیشن دوێتە فرە شرینە، هەر دەعوا و مەرافەیی ئەڕای

بکەی. تیرت. ئەوکە ڕاوەستا و دەستی بۆ دوور درێژ کرد و وتی:

– ئەو قەلەڕەشە دوینن؟

چەکدارەکان ڕوویان بۆ لای دوورەوە چەرخاند. ئەوکە چووبووە قەرەوڵەوە. دەنگ لە دەسیەوە هات، قەلەڕەش لە جێگەی خۆیدا کەوت.

لە دامێنی بەردەڕەشەوە دوور کەوتووبوونەوە، هەتاو بەئاسمانەوە بەفر تادەبوو دەتوایەوە. پرشە و خوڕەی ئاو جۆگەلەی بچووک و گەورەی پێک هێنابوو، لە دۆڵەکانا دەبوونە یەک تا بەرەو خوارتر دەچوون جۆگەلەکان گەورەتر و بەگوڕتر هەڵهەڵەیان دەکرد. ئەوکە و هاوەڵانی. هەر بگەیشتنایەتە ئاوێک کەوش و کڵاشیان لێ دادەکەند و ڕانەکەکانیان تا سەرچۆک هەڵدەکرد. پاوپلیان لە سەرما و ساردی بەفراوەکەدا سوور هەڵگەڕابوو. هەنگاونان و ڕانەوەستانیان سۆزی ساردی ئاوی بێ تین و کەم ئازارتر دەکرد و بێ دەربەستانە لە ڕێ ڕۆیشتندا بەردەوام تەکانیان دەدا.

گەیشتبوونە دامێنی دەربەندی بیلولە. بەدوولای دەربەندا دوو چەکدار لە سەنگەردا بوون. ئەوی لای ڕاست هاتە خوارەوە. لەگەڵ ئەوکەدا دەست ماچانیان کرد، شەش حەوت خانووی وشکەکەڵەک لەژێر درەختەکانا سازێنرابوون سەربانەکانی بەگەڵای دار و سروتی گەنم داپۆشرابوون، نایلۆنیان کێشابوو بەسەردا. سەرجەم بیست و پێنج چەکدار لەژێر هەتاوی زستانا هەریەکە بەجۆرێک خۆیان دەدایە هەتاو. مەلا حیلمی و مەلا ئەنوەر لە نزیکی یەکەوە بەسەر گابەردێکەوە دانیشتبوون. کە ئەوکەیان لێ نزیک بوویەوە، تۆزێک چوون بەپیریەوە لەگەڵ ئەو و دەستەکەیدا کەوتنە چۆنی و چاکی. ئەوکە و هاواڵەکانی تا ناو قەد تەڕی ئاو بوون. یەک دوو کەس لە چەکدارەکانی ئەوکە،

ڕەزنەکانیان بەسەر فەرەنجییەوە بەستبوو. هەر هەشتیان سمێڵیان با دەیشەکاندەوە، ڕەحمان نەبێت یەشتا بەو شێوە نەبووبووە خاوەن سمێڵ. چایان لە دۆڵکەی فافۆنا بەسەر دەوریەوە هێنا.

مەلا حیلمی:

- بێ شک لە قۆڵی لای ئێوەوە بەفری زۆرتری لێ بارییە. دوێنێ شەو ئەیراش سپی پۆش بووبوو وەک دەبینی تواوەتەوە.

- لای قسمەت سەر بەردەڕەش بیشم نیم مەتر فرەتر باریوت، درووو نیەدەم؛ وەلی تا بایتەخوار کەمترە. ئەو دیو بەمۆ پشت زمناکۆ ئیمە هاتین چەرمگ چەرمگ بی، وەنەزەرم تا ئیوارە باتە ئاو. ئەگەر دووبارە نەوارت.

- جارێک سایەقەیە. خۆزگە دووبارە دەستی پێ دەکرد تا ببارێت لە تەشقەڵەی جاشەکانی عەبدولکەریم قاسمەوە دوور دەبین. هەر لەبەر ئەوەش ناردمە دواتا. هەواڵمان پێ گەیشت گوایە دەیانەویست هێرشمان بۆ بهێنن.

ئەوکە نەیهێڵا مەلا حیلمی قسەکەی تەواو کا وتی:

- بیلە با بان. وەفرە، فرەتر کوشیەت وەکەمیش کەمتر. وە سەی براکە ئەرا چەنگ هاتیمنە نەزری کەم. یان.

مەلا حیلمی و مەلا ئەنوەر قاقا پێکەنین، مەلا ئەنوەر وتی:

- کوڕی کورد لە هەرکوێنە بێت بۆ خۆی ئازایە و شەڕی بەلاوە شاییە.

ئەو قسەی مەلا ئەنوەری بڕی. ئەوەسا کوێخا مەحموو دەعوات شاییمان کردییە. وەکوڕیەل وتم ئەول چیمنە جەنگ دویوم شایی.

مـەلا حـیلمی چاویلکەکـەی لە چاوی دەرهێنا بەسـەری پشـتـوێنەکـەی خاوێنی کردەوە و وتی:

– ئێـمـە شـەڕی مـیللەتێک دەکـەین و خـۆمـان نوێنـەر و چاوسـاقی کـوردی چەوسـاوە دەزانین ئـەمڕۆ بێت یا سـبـەی ئەم شـەڕە و شـەڕی تریان لەگەڵ دەکەین، لێیان نابێتەوە. لە سەرەتاوە ئاواتەخوازی بەفر و باران بووم، چونکە زۆر شت هەیە دەبێ بیکەین و یەشتا نەمانکردووە؛ بەڵام بەخت ياربێت وا کـاروبارمـان بەرەو جـەخت بوون دەڕوا. وایان نیـازبوو هێـرشـمـان بۆ بێنن.. بەگوێرەی هـواڵێکی تر کە دوێنێ پێـمـان گەیشتووە جارێک هێرشیان بەدوا خستووە.

ئەوکە وتی:

– ئەوان جەنگ دواخستنە بیلە با ئیمە بچینە گیانیان.

– کـاک ئەولکەریم. تـامـوڵەت هـەبێت دەڕۆینە سـەریـان؛ بەڵام لە کـاتی خۆیدا ئاگادارت دەکەم.

– ئەگـەر زەحـمـەت نەوت توام تەک تـەنـهـا بوینـمـەت. مـەلا حـیـلمی هەسـتایـە سەرپا دە پانزە هەنگاو لەگەڵ ئەوکەدا دوورکـەوتنەوە هـەروا بەپاوە بەرانبەر یەک ڕاوەستان، ئەوکە وتی:

– حەتمەن ناو سەروان عەزیزی شنەفتیتە؟

– ناویم بیستووە. دەڵێن گەلێک نامەرد و بێ نامووسە.

– سـەد ڕەحـمـەت وەباوگت! نـە فـەقـەت نامـووس نیـەرت زندەگی وە مەردووم بیچارە تفت و تاڵ کردییە. وە ئەلی کاری ئەی نامەردە کەتەی شمر زولجوشەن وەدەشت کەربەلا نەکردیەسـەی. توام بکوشمەی وەلی ترسی دیرم.

– ترسی چی؟

- ترس لە ئیوە.

- ئێمە؟ ئێمە بۆ؟ ئێمە کارمان بەم بەزمەوە نییە کوردێکی ئێرانی ئەفسەرێکی زاڵم و زۆرداری ئێرانی بکوژێت، ئەویش لەسەر حەق و مافی ڕەوای خۆیەتی، لامان خۆش نەبێت بێ گومان ناخۆش نابێت.

- لە ئیوە ترسم، حەق دیرم. ترس من وەئەمرِو نییە. بانە ڕۆژ بچنە ژیر پاتانەو ئەو وەخت گرفتاری گەورەیی ئەڕامان دروست وت.

مەلا حیلمی تۆزێک ڕاوەستاو سەرێکی بەچەپ و ڕاستدا سووڕدا و هەردوو دەستی خستە سەرشانی ئەوکەو وتی:

- چاک گــوێم لێ بگرە چی دەڵێم، منێک ژیان و گــیــانی خــۆم خـــســـتـــووەتە مـــەترســـیـــیـــەکی ڕۆژانەوە لە پێناوی بەرژەوەندیی مـیللەتەکـەمدا، لە پێناوی نەمـان و ڕیچـەڵەک کـەندنی زوڵم و زۆرا. میللەتی کورد چ لە ئێران و چ لە تورکیا یا لەهەرکوێیەی ئەم جیهانەدا بێت، بەئەرکی سەرشانی خۆمی دەزانم ئەگەر بتوانم بیپارێزم. دەستی خستە سەر سمێڵی و وتی:

- بەم سمێڵە قەسەم! شوانێکی هەژاری ناوچەی داڵەهو ناگۆڕمەوە سوپەهبودێکی سوپای شا لەوە دڵنیابە. هەرچیت لا باشە بڕۆ بیکە. ئێمە پشتیوانیتان لێ دەکەین. بەمەرجێک زەرەروزیانتان بۆ خەڵکە هەژارەکە نەبێت.

گەڕانەوە لای خەڵکەکە. لە ڕەحمان زیاتر کەس نەیدەزانی ئەوکە بۆ مەلا حیلمی جوێ کردەوە. چاوی بڕیبوە ناوچاوی ئەوکە، دەیویست شتێکی لێ تێبگا. هەرچی دەینواڕی ئەوکە لەوە قووڵتربوو.

بۆنی چیزلک و دووکەڵی کەباب دەگەیشتە لووت مەلا حیلمی هاواری لێ هەڵسا:

– ئەرێ نانمان دەدەنێ؟

دەنگێک وەڵامی دایەوە:

– ئەوەندەی نەماوە.

گوێرەکێکیان بەدیاری بۆ هاتبوو، دوای سەربڕینی پشک پشک کرابوو هەر یەکە پشکی گۆشتی خۆی بردبوو.

مەلا حیلمی ڕوو بەئەوکە:

– ئەمشەو بمیننەوە و سبەی بگەڕێنەوە.

– ئەگەر ئیجازە بفەرمایت چیمنەو. چەنگ کە دوا کەفتیە ئەمشەو ڕەسیمنە دومەیلان و سارەشەو چیمنە کیلەبەرزە. ئەڕا شایی.

دوسێ سینێ نان و گۆشتیان هێنا. ئەوکە و مەلا حیلمی و مەلا ئەنوەر بەسەر سینییەکەوە ئەوانی دی هەرسیان چوارێک بەسەر سینییەکەوە. کزەبایەکی سارد هەڵیکردبوو کە دەیدا لە چڵ و پەل و پۆی داربەڕووەکان، گیزە و هاژەی زۆرتر دەبیسرا. چایشیان خواردەوە و ئەوکە هەستایە سەرپا:

– ئیجازەی مرەخەسی تواین، با نەکەفینە شەو لەگەڵ تەوقە و دەست ماچکردنا دەیوت:

– هەر وەخت ئەمر بفەرمایت وە باڵ مەلا خۆم ڕەسنم.

ئەوکە کەوتە پێش و چەکدارەکانیش بەدوایدا بەناو دۆڵ و دەربەندی بیلولەدا سەرەخوار بوونەوە. لە کەوانەی دێی بیلولەوە بەدامێن و لووت و پوزەی بەمۆدا سەرەو ژوور بوونەوە. پارێزیان لەوە کرد بەقەرەی دێی تەپە سپیدا بڕۆن، دەیانزانی پەیوەستە ماشینی ژاندارمری تیادایە و کوێخاکەشی یەکێکە لەسەر سوپوردەکانی دەوڵەت و چەندین چریکیش لەناو دێدا دەژین.

لە خـــوارەوە پەڵـە پەڵـە هـەوری ڕەش تا دەبـوو کــۆ دەبـوونـەوە، ئـەوکــە ئاورێکی لە ئاسمان دایەوە:

– خودا بکەت تا ڕەسیم نەوارت. وە فەتەراتا چیمن.

ڕەحمان خۆی گەیاندبووە پشتی سەری ئەوکە:

– خـودا خـودای ئـیمـە بڕ هیچ کوی نـیـەکات، ببـارنت بـارنت، وەتیـە مەلا حیلمی؟

– ئا، وەتم. وەت مـەیل خۆتانە. چە کـەن، بکەن. دەسـتی خسـتە سـەر سمێڵی کاروەکار ئیمە نەیرن، نە ئەمڕو وە نە سوزی.

دەمت گەرم! ئاغا ئەولکەریم! لەوە چت کوردیەل عێراقی چەتە نەون. ئیشم با من جیا بمەو بچمـە ئەڕا گاوارە بزانم خـەوەری لە ئەلانەزەر وەدەست تێرم؟

– نا نیـــەتوات. ئـەی کـــارە وە هەڵـەپەڵە نیـــەوت؛ بیلە با بگەڕینەو بەردەش ڕەش ئەو وەخت ئیشم چە کەین.

– دەمت گەرم! ئەوڵ ڕوژ زانستم ممانەعەت نیەکەی. ئاخری نیەزانی داخ ئەو براگە وەدڵمـا چەند فرەس؛ هـەر وەخت سـەروسـمـێڵ تاشـیـای باوکم دێتـە بەرچـاوم، گـڕ گـرم؛ کـوشـتن و دشنـام وە تیـرە و تایفـە و ئاینمان وەیەک قەران.

– هـەقی کەینەو، یەکەم سەور توات؛ فەقەت سەور.

ئاسـمـان تا دەبـوو تاریک و هـەورەکـان یەکـدەست ڕوو بەڕۆژهەڵات ملیـان دەنا. گـەیشـتـبـوونە دامـێنی دێی دومـیـلان. وەک هەمـیـشـە سەگەلیان ڕووبەڕوو هات. خۆر یەشتا ئاوا نەبووبوو. هەوروهەلا سکی نابووە زەوی لە ئێـوارەیەکی درەنگ دەچوو. یەکـڕاست ڕوو بـەمـاڵی کوێخـا ڕەسـوڵ ملیـان دەنا. ڕانی دێ لە گـەژمـاڵ دەگەڕایەوە؛ قـاڕە و

بارە و هوهوی شوان تێکەڵاو بووبوون. کوێخا ڕەسووڵ لە دەرگای حەوشی هاتە دەرەوە سەر دەر و دیواری حەوشەی ماڵیان دڕک و کونارێکی زۆریان پیا چەقاندبوو. کوێخا کەوا و سەڵتەی لەبەر دەکرد و جامانیەکەی مشکی تێکەڵ و خنجەرێکی مشت ڕەشی گۆپکەداری بەبەرۆکا دەکرد؛ ئەو خەنجەر هەڵگرتنەی بەسونەت دادەنا. تەنکە ڕیشێکی هێلابوویەوە هەرکەس کوێخای بدیبا دەیزانی سەرێکی هەیە و چەندین سەودا. کەسی نارازی نەدەکرد هەرچی بکردبا سوودی خۆی لە مێژا لەیەک دەدایەوە. دێی ناومیلان بەسەر ڕێگەی هاتوچۆکەرانی ئەمدیو و ئەودیوی سنوورە و نزیک و کوێخا بەناچاری پەیوەستە دەبوا میوانداری ئەم و ئەوی کردبا. لە دوورەوە دەستەکەی ئەوکەی دیبوو بەسەر سەکۆی پێش ماڵا دانیشتبوو؛ کە ئەوکە گەیشتە بەرەوە، هەڵسا و ڕووبەڕوویان چوو، ئینجا کەوتە پێشیانەوە بەرەو دیوەخان.

کوێخا چەندین جار لەسەر زروف بازی و خەرج نەدان بەکاربەدەستانی دەوڵەت خرابوویە بەندیخانەوە؛ جارێک بەتۆمەتی قاچاخچێتییەوە، جارێک یارمەتیدانی یاخی و چەکدار و جارێکی دی بەتۆمەتی کوشتنی کابرایەک لە نزیکی دێکەیانەوە فەیلەسوفانە دەیوت:

– کاکە! ئێمە بێ شار نامانگریت؛ هەر دەبێت هاتوچۆی شار بکەین. من لە هاتوچۆی غەوزی بەغا کەوم، وەک ماسی بێ ئاوم لێ دێت، یا دەبێ لەم ناوە بارکەین و بڕۆین. خۆ ئەوە دەتوانین؛ بەڵام بۆ کوێ بڕۆین؟ بڕۆینە ئەو دیوا؟ خۆم بخەمە ژێر بەخت و جەختی نامەردێکی وەک سەروان عەزیزی؟ ئەگەر دوورم نەخەنەوە بۆ ئەولای کرمان. نەوەڵا پۆلیسێک بنێرێتە دواما، دەڕۆم.

سازشکاری کوێخا ڕەسووڵ لە ڕووی تاقیکردنەوە و سوودی خۆی و چۆنیەتی ناوچەکەی بوو.. کاربەدەستانی دەوڵەتیش کوێخایان بەچاکی دەناسی بەتایبەت معاوەنی قوەی سەیاری خانەقی دەکەوتە مشتومڕ و حیساب و یەک و دووە. جارەوبار دەینارده دوایا یا بەدووسێ ماشینی پڕ لە پۆلیسەوە خۆی دەگەیاندە دومیلان و خەراج و خاوەی خۆی لێ دەسەند و بەشی قایمقامیشی دەدا. کوێخاش زمان و خوو خسڵەتی کاربەدەستانی دەوڵەتی دەزانی و جاروبار بێ داوالێکردن مەیدان و مەئموور، مەرکەزیشی بێ بەش نەدەکرد.

ئەوکە بەسەر دۆشەکێکەوە پشت بەچەندین سەرین چوار مشقی لێی دانیشتبوو. تفەنگەکەی لەبەردەستیدا درێژ کردبوویەوە. یەشتا پشتی نەکردبوویەوە چەکدارەکانیش بەدوولادا دانیشتبوون. مەقاڵەیەک پڕ لە ئاگر کابرایەک چایی تێ دەکرد.

کوێخا ڕەسوڵ ڕوو بەئەوکە:

– بەخێر هاتن بەسەر چاو زەمانێکە دیار نین؟

– کوێخا زمستانە فرە سەرد کردییە. ئەگەر مەلا حیلمی کل نەکرداسە نواما. جولە نەئەکردم. دونیا وەک ئەوسا نەمەنییە، دەوڵەت کەم کەم زوور هاوردییە. وەک جاران نیەتوانم بێمەبادا وە ئاوایەکا بگەردم، نیەتوام بامە مایەی گرفتاری مەردومەکە. ئەی سەروان عەزیزی بیشەرەفە ڕوژگار مەردم سیا کردیە. ئیوە چجورن؟

– هەیی. خراو نییە؛ بەڵام خەڵکی ئەم دەورو وەرەش وەک ئەوسا نەماوە و چاو و گۆیان دریەتەوە. چەند ڕۆژ پێش کاروانێک لەوبەری سیروانەوە هاتبوون چوار پێنج چەکداریشیان لەگەڵا بوو. بایەکی زۆر لە کەپوو بن هەنگڵیانا بوو بەلالووتەوە وەڵامیان دەدایەوە.

- چ کارەبین؟

- باقارک ناوێکیان لەگەڵا بوو پشتی بەحەمە فەرەج خانی دەربەندیخانە قایمە و بەودا دەینازی. بەسەر ئەوەشدا پێم ڕاگەیاند حەق و حیسابی خۆت دەدەی، هاتی بەخێر بێی سەرچاوان؛ وەئیلا جارێکی دی لەیراوە بگوزەری هەرچیت دی، دیوتە.

- تو فەقەت خەوەردارم کە بزان چجوری ئەرا هەقت، پشت حەمە فەرەج خان شکنم و عاقل کەم.

- بێ شک ئاگادارت دەکەم و دەستت دەخەمە سەریان.

- مەگەر دەعوات لە ئیوە نەکردنە ئەراشایی؟

- با، بەڵام نارۆم. هەردوو لایان دۆستی و ناسیاومانن نامەوێت لە نێوانا پیاوخراپ بین. کوێخا مەحموود و کوێخا زەمان، هەردووکیانم لا عەزیزە. حەیف هەردووکیان عەقڵی خۆیان داوەتە دەستی منداڵ و مەزنەوە بەنەزەرم ئەم هەوێرە ئاو زۆر دەبات.

- ئیمە کار وەی دوو وەرەکییە نەیرین؛ هەرکی دەعواتمان بکا چیمن.. کوێخا مەحموو فرە خاسەی وەسەرمانەوە هەس شەوسوو چیمن.

- یانی سبەی دەڕۆن؟ باشە دوای شایەکە وەرنەوە چەند ڕۆژێک بحەوێنەوە.

- نا هەڵی گریم ئەرا وەختی خەوەر کلکەیت.

ئەوکە ڕوو بەمەجید باوەجانی:

- بچو سەیر ئاسمان بکە بزان هەور چ خەیاڵی دیرت؟ شەوسوو وارانە یا نا؟

یەکێک لە پیاوەکانی کوێخا ڕەسووڵ هاتە جواو:

– نا ئاسمان درنی داوە؛ پێم وانییە سبەی بیکاتە باران. مەجید دووبارە دانیشتەوە. کوێخا سەیرێکی ڕەحمانی کرد و بەئەوکەی وت:

– ئەم تولەکەم تا ئێستا لەگەڵتا نەدیوە، فرە زیتەڵ و چابوک دێتە چاوم کۆینەرییە؟

– قەوم و خوێشی خۆمە؛ تازە مولحەق بییە. ئەوکە لە هەرکوێدا شەوی بەسەردا بهاتایا لە مێژدا بەرنامەی چاودێری شەوانەی دابەش دەکرد و کار و کردەوەی بەهاوالانی دەسپارد. نان خورا بوو. ڕەحمان فەرەنجی یەکێک لە هاوەڵانی دا بەسەر شانیدا و ڕۆیشتە دەرەوە.

ئەوکە لەبەر کەم تەجروبەیی ڕەحمانی لە سەرەتای شەو کردە چاودێر و کاتێک ڕۆیشتە دەرەوە کوێخا وتی:

– وانازانم جێگەی مەترسی بێت و ئێمەش شەوانە چاودێری خۆمان هەیە.

– کوێخا زەرەر نیەیرت. ئەرا مەبداس.

– چۆنتان پێخۆشە، بیکەن. وتوومە بۆ سبەی توێشووتان بۆ ئامادە بکەن. تا کیلەبەرزە ئاوەدانی لە ڕێگەوبانا وەدەی ناکرێت.

کیلەبەرزە کەوتبووە دامێنی چیای زمناکۆوە هەر لەسەر ناوچەی مەیدان دەدرا لە قەڵەم. جێگە و شوێنەکەی بەدژوار پێی دەگەیشت بەتایبەت بۆ ماشین. دەریاچەی دەربەندیخان کەوتبووە ڕۆژئاوایەوە. ئەگەر بەرەو شارەزوور بڕۆیشتیبا یا دەبوا بەرەو باشوور تا شاری هەڵەبجە و لەوێڕا بەرەو دۆڵی شارەزوور یا بەسەرتەک و بەرەو مەیدان و گەرمیان. کیلەبەرزە بەپێی ڕووداو ناوباوێکی زۆری دەرکردبوو. بووبووە هەوارگەی خێزانی پێشمەرگە و ئەوانەی قورەیان دەرچووبووە و لە سەربازی هەڕایان کردبوو. چەندین جار لە لایەن فڕۆکەکانی

سوپاوە بۆمباردومان کرابوو و درابوویە بەر تۆپ و لەبەرئەوەی بەسەر سنووری عێراق ئێرانەوە بۆ تۆپەکانی عێراق سەری کردبا دەچووە خاکی ئێرانەوە شکاتی وەزارەتی دەرەوەی ئێران گەیشتبووە نەتەوە یەککگرتووەکان و ناوی کیلەبەرزەش لەگەڵیا.

چیشت تەنگا بەسەر گۆمە سپییەوە توێشوویان کردەوە، چایشیان لێنا؛ ماندوو بووبوون هەریەکەیان لە لایەکەوە پاڵی بەتاشەکەوە دابوو. لەسەرنویشتی خۆی بیری دەکردەوە. ئەوکەش بیری دەکردەوە چۆن چۆنێ زەبروزۆری بگەیەنێتە هاتوچۆکەرانی ئەمدیو و ئەودیودا و باج و خاوەیان لێ سێنێت و ئەوی قاچاخچی هەیە بیخاتە ژێر ڕکێفییەوە و لە فەرمانی دەرنەچن. یەک دوو لە کوێخاکانی دەوروبەر نەدەچوونە ژێر تەڵەکەیەوە، چەند پاپێچێکی بۆ سازاندبوون، یەشتا نەبووبوون بەتەڵەوە. یەکێک لەوانە کوێخا ڕەسووڵی خانەخۆی دوێشەوی مارێکی وابوو، بوو بوو بەئەژدیها و سەد تەڵەی بەکلک تەقاندبوو.

ڕەحمانیش لە بیگرە و بەردەی دونیای تازەی خۆیدا تا ڕادەیەکی زۆر هەستی بەبێ هێزی و بێ دەسەڵاتی دەکرد؛ کاروباری دەوروبەر و ڕووداوەکان زۆر لە توانا و تاقیکردنەوە و دەسەڵاتی ئەو گەورەتر و بەربڵاوتر بوو. دڵخۆشی خۆی دەدایەوە و دەیوت:

– ڕەحمانە. سەرێکە و هێناوتە و نایگەڕێنیتەوە. مەجید باوەجانی، تەنها سوونی مەزهەوێک بوو لەناو دەستەکەدا؛ بۆ دە ساڵ دەچوو هەر بەکەژ و کێوە بووە، لە منداڵییەوە دزیی کردبووە پیشەی، ناوباوی دزییەتی نەک تەنها لە ناوچەی باوەجانی سەلاس و جوانڕۆدا بەڵکو لە ڕوانسەر و پاوەیشدا دەناسرا و ناویان دەبرد. شێوەی دزییەکەی بەهێمنی و ئاسایش ئەنجام دەدا ناچار نەبوایە چەک و تەقەمەنی

بەکار نەدەبرد؛ لەم دوا دوایەدا یەک دوو چەکدار وەگیری دێنن هەرچی دەڵێت لێم گەڕێن و بڕۆن بەڕێگەتانەوە گوێی بۆ شل ناکەن. دەبێتە تەقە لە نێوانیانا و یەکێکیان دەکوژێ و ئەوی دیش بریندار دەکا. ماندوو بووبوو دەیویست لە جێگەیەکدا ئۆقرە بگرێ و بگیرسێتەوە و ژن بهێنێ. بیری بڕی هیچ لای نەدەکرد؛ زۆر کۆشا بڕواتە دیوی عێراقا و خۆی بهاوێژێتە بندەستی ئاغایەکەوە؛ بەڵام دەیبینی ئاغاگەل و دەست ڕۆیشتووەکان لە ترسی چەپڵە و بەن و باوی چەپ گەراکانا دانە دانە دێنە ناو ئێرانەوە و دەبنە پەنابەر. دەیشترسا لە خۆیەوە بڕواتە ئەو دیوا نەکا بەخەفیەی بزانن و دووچاری کەن. ئەوانی تریش هەریەکە زادەی ڕووداوێکی دڵتەزینی کۆمەڵایەتی دەوروبەر و دێهاتەکانی دوور و نزیک بوون، جگە لە عەلی کەروێشک نەبێت بەمنداڵی شاد دەژمێردرا. لە منداڵییەوە لە شائەبادی غەربدا پێش خزمەتی ماڵانی کردبووە پیشە. چەند ساڵێک بەلای حاجی ئاغا یوسفی ناوێکەوە گیرسابوویەوە لە نێوان بازاڕ و ماڵدا دەهات و دەچوو. ژنەی حاجی تەماحی تێ کردبوو نەچووبووە ژێر؛ سەرئەنجام تومەتی خشڵ دزینی پیا دەکا و دوو ساڵی ئازگار دەخرێتە بەندیخانەوە. کە ڕزگاری دەکەن شەوێک لە شەوان بەدەمانچەوە هەڵدەکوتێتە سەر ماڵی حاجی و ڕەشبگیریان دەکا و دەستی حاجی و ژنەی لە پشتەوە دەبەستێتەوە و بەوردیی هۆی تۆمەتەکە بۆ حاجی دەگێڕێتەوە. حاجی هەرچی دەکۆشێت دڵی بەجێ بهێنێت، عەلی ئاڵۆزتر دەبێ. دەمانچە دەخاتە ناودەمی حاجی و دەڵێت:

– دوو ساڵ بێ تاوان.. بەتاوانی پاراستنی شەرەفی بێ شەرەفی تۆوە خراومەتە بەندیخانە. وە ئیمام حوسەین هەرچی خشڵ و

نەقدینەت هەیە بۆم نەخەیتە ناو دەستەسرێک، مێشکت وەک شۆربا دەرژێنمە سەر زەوی.. کاتێکی زۆریشم بەدەستەوە نییە تا دە دەژمێرم.

عەلی لەبەر خەواڵوویی ناونرابوو کەرویشک. دەمانچەی بردە بەر کار و وتی:

– ئەمە یەک.. دوو.. سێ، ئینجا وتی:

– من هیچم نییە لە دەستی بدەم. دەمکوژن بەدەرەک و ئەسفەلە سافلین. ئێوە پێتان وایە مەرگ و میر هەر بۆ خەڵکە و هەزار ساڵ دەژین.. چوار.. پێنج.. شەش.. ژنەی حاجی قیژاندی ئەم لامەسەبە دەمانکوژێت. عەلی تا توانی مشتە دەمانچەیەکی ئاڵاندە بندەستیدا:

– لامەسەب باو و باپیرتانە هەردوو چاوی عەلی پڕ بوو بوو لە خوێن ئینجا وتبووی:

– نامەوێت بتانکوژم.. وا دیارە ناچارم دەکەن.

حاجی دیسانەوە کەوتبوە تکاو ناڵە.

– ناڵە بێ سوودە. ئەشهەدوت بخوێنە. وە ئیمام حوسەین بیشم دە هەرچی دارایی دونیا هەیە بمدەنێ دەتکوژم..

حاجی کە دەبینی کوژراوی ناوە دەڵێت ئەو کەرویتەی لای دیوارە لابە. عەلی کە لای دابوو سنوقێکی ئاسنین لە ناو دیواردا دەردێنێ و کلیل لە ملی حاجی دەکاتەوە و ئینجا ڕوو دەکاتە ژنە و دەڵێت: دەزانم لات خۆشە سوارت بم؛ بەڵام نامەردی وا لە من ناوەشێتەوە. حاجی و ژنەی پەلەکێش دەکاتە ژێر زەوی و ڕووبەڕووی یەکتر تەناف پێچیان دەکا و دەمی هەردووکیانیش پڕ لە پەڕۆ دەکا و بۆی دەردەچێت بەرەو تاران. کە دەبیسێت "ئاگاهی" بەدوایدا دەگەڕێت بەرەو خورەم ئاباد

وەڕێ دەکەوێ بەهەوای ئەوەی بڕوا بۆ عێراق بەهەر فەلاکەتێک دەبێ دەگاتە ناوچەی دالّەهو و شێخ سەلە و لەو کەژ و کێوەدا لووتی دەتەقێتە ئەوکە و کۆمەڵەکەیدا.

گۆمەسپی تا کێلەبەرزە دوو سەعات ڕێی پێیانی گورجوگۆڵ دەبوو. دووبارە کەوتنەوە ڕێ، بەرەو باکوور ملیان نابوو دەریاچەی دەربەندیخان داکشابووە نێو دۆڵ و دەربەندی ڕۆژهەلاتەوە. دەشتی شارەزوور تا چاو بڕی دەکرد ڕاکشابوو، چیای هەورامان فەخری بەقوولایی مێژوو دەفرۆشت. ئاوی بەربەستی دەربەندیخان ژیانی ناوچەکەی گۆڕی بوو، زۆر لە دێهاتی ناوچە بوو بووە ژێر ئاو، زۆر کەس دەربەدەر و بڕێکیش ڕاوەماسییان کردبووە پیشە و بەو بۆنەوە گەیشتبوونە نان و نەوا.

ئەوکە و دەستەکەی گەیشتبوونە کەوانەی دێی کیلەبەرزە دێ پڕی خەڵک و سوار و عەشامات بوو بوو دووسێ ڕۆژ بوو شایی و هەڵپەڕکێ لە دێدا دەکرا، یەشتا بووکیان نەهێنابوو.

کابرای گۆرانیبێژ لەسەر یەکە دەیوت:

بیژەن.. بیژەن ژەنیاوی
بای دالّەهو لێی داوی

نە جارێک و نە دە وەک دەرزی قەوان لەسەر درزی قەوان گیرکا هەروا بیژەن بیژەنی دەوت.

ڕەشبەڵەکیش بەردەوام بوو. کوێخا مەحموو هاتە پیریانەوە، هەڵپەڕکێکەران یەک دوو تەقەیان کرد؛ ئەوکە و دەستەکەی هەریەکە لە لای خۆیەوە وەلامی تەقەکەرانیان دایەوە، ئەوکە ڕیزێک دەمانچەشی کردە سەر شاییکەرانا. خۆرەتاو هاتبووە هانای شاییکەرانەوە

چەندین قاڵی و لاکێشیان لە بن دیوارەکانا داخستبوو. کوێخا دەستی ئەوکەی گرت و لە سەرینەوە پێکەوە دانیشتن. کوێخا وتی:

– خۆ نابێت نانتان خوارد بێت. نان ئامادەیە؟

– نە وە ئەلی وە ڕێگە قاوڵەتی کردیمنە.

– بەهەرحاڵ ماڵی خۆتانە. تازە شاییە و منەتی نییە زەفەر سەرچۆپی گرتبوو، دەستی بەردا و هاتە خێرهاتنی ئەوکە و دەستەکەیەوە ئینجا بەئەوکەی وت:

– بڵێ بەبرادەران بابێنە ناو هەڵپەڕکێکەوە.

– میەل خۆیانە. هەرکی توات. با بچت.

ڕەحمان و مەجید و عەلی کەروێشک چوونە ناو کۆڕی هەڵپەڕکێکەرانەوە. خڕ هەڵدەپەڕین گەرم بەزوییان دەگێڕا. کچان و ژنان هێندە بەتاسەوە هەڵدەپەڕین لەگەڵ هەر پاداکوتانێکدا ڕوومەتیان دەلەرییەوە، مەمکی بێ مەمکدانیان جیلی ئاسا نەرم نەرم دەلەرییەوە. زۆربەیان چاویان بەکل ڕێژابوو. بۆنی مێخەک و سملّ عەرەقی بندەست و ژێر مەمک تێکەڵاو بوو.

بە دەگمەن شایی بگیرایا. خەڵکی ئەو دەوروبەرە ڕۆژگارێکی پڕ لە ڕووداو و دەردەسەرییان دەبردە سەر. ئەو دووسێ ڕۆژە پڕ لە هەڵپەڕکێ و گۆرانییەیان بەهەل زانی بوو بەتایبەت کچە تازە پێگەیشتووەکان یەکەمین هەڵپەڕکێ بووە لە سەرتاسەری ژیانیان بەبەر چاوی خەڵکەوە دەیانکرد. شەرم دەیانگرتن؛ بەڵام حەزی ژنایەتی ئەو ئازاییەی پێ بەخشیبوون شەرم بخەنەلاوە.

خۆر بەلادا کەوتبوو، شایی گەرم و تێکەڵاو، خەڵکەکە دەست بەردار نەدەبوون. لە پڕ کابرایەک بەهاوار خۆی کردە نێو دێدا بەهاوار هاوار.

هەی بردیان، هەی بردیان خۆی گەیاندە لای کوێخا مەحموو. کابرا هەناسەی سوار و دەمی وشک بوو بوو بەپچڕ پچڕ وتی:

– نامەردت نەکەن هەرچی پەز و ڕانت هەیە بەتاڵان بردیان.

دەست لە شایی بەردرا. ڕەحمان کردییە تفەنگ دا و خۆی گەیاندە یەکێک لە ئەسپە بەسراوەکان و وەک تیر لە دێ بۆی دەرچوو؛ لە چەند لاوە درایە دەم دەست ڕێژەوە. ڕەحـــمـــان دەیزانی لای ڕۆژئاوا ئاوە. بەرەو ڕۆژهەلات تاوی دەدا. جۆرێک پێچایەوە، پشتی لە تەقەکەرەکان کرد و ڕۆیشتە سەنگەرەوە. چەند چەکدارێک ڕانیان بەرەو باکوور دەڕانی. ڕەحمان کەوتە شانی ڕان و پشتی تەقەکەرەکانەوە. تالان کەران بەتەمای پشت لێکردن و بەرانبەرکێیەکی نادیاری و نەبینراو نەبوون. ئەوانەی ڕانەکەیان دەڕانی ڕۆیشتنە سەنگەرەوە ڕەحمان نەیدەهێلا سەر وەدەر بێنن. ڕان لە تەقە و دەستڕێژدا بەخش و بلاو بووبوویەوە زۆری نەخایاند لە دێشەوە هاتنە یارمەتیی ڕەحمانەوە. تالان کەران لە پشت و لە ڕوویشەوە کەوتنە ژێر دەستڕێژەوە. ئەوی پردی پساندبوون، سەنگەری پشتیان بوو بەهەموویانەوە کەوتنە تەقالاوە تا هەڵی کەنن. دەستڕێژ بەدوای یەکدا. سەنگەر بێدەنگ بوو. لەوە دڵنیابوون کە کابرا کوژراوە. لە سەنگەر پاشەکشەیان کرد و بێ ڕان کشانەوە. مارف بەهاواڵەکانی وت ئێوە نەرم نەرم بڕۆن، منیش دەڕۆم تفەنگی ئەو کابرایە دێنم. هوشیار لە سەنگەرەکەی ڕەحمان نزیک بوویەوە. ڕەحمان لەسەر دەم کەوتبوو، خوێن ڕێچکەی بەستبوو، تفەنگەکەشی لە باوشدا و بەسەریا ڕاکشابوو. مارف تفەنگی دانا تا ڕەحمان بتلێنێتەوە سەرپشتیدا ڕەحمان چاپووکانە لوولەی تفەنگەکەی خستە سەر سینەی و هەستایە سەرپا، دەستی برد دەمانچەکەی قەدیشی کردەوە و میلی تفەنگەکەی دەرهێنا و وتی:

– وەسەی براکە جمە بکەی مەغزت پژنم.

ڕەحمان گوللە بەر شیلکەی ڕانی کەوتبوو. بەزەحمەت خۆی پێ ڕادەگیرا.

کتوپڕ ڕاپەرینی ڕەحمان، مارفی ڕاچڵەکاند؛ گێژوویژ و سەرسام لە بەر دەست ڕەحمانا ڕاوەستا.

ڕەحمان تفەنگی بێمیلی دایەوە مارف و وتی:

– بیکە ملت بەمەرجێک تفەنگەکە بکەوێتە پشتەوە.

مارف وای کرد کە ڕەحمان وتی. ئینجا ڕەحمان دەمانچەکەی مارفی بردە بەرکار و دەمەکەی نا بەکەللەیەوە و وتی:

– پیشە ڕەفیق یەلت تەقە نەکەن و بچن؛ ئەگەر نەچن من تۆ کوشم. من نیەزانم تو براسەگی کیت، هەرکی هەیت کوشمەت.

مارف کە نوارییە ڕوخساری ڕەحمانا زانی ئەمە کابرایەک نییە شتێک بڵێ و نەیکا ڕووی کردە هاوڕێکانی و وتی:

– تەقە مەکەن. تەقە مەکەن.

دوای تەقە مەکەن مارف تەقەیەکی دی کرد.

مارف بەدەنگی بەرزتر هاواری لێ هەڵسا: بێ شەرەفینە تەقە مەکەن.

تەقە لەلای هاوەڵانی مارفەوە بڕایەوە؛ بەڵام لە کەوانەی دێی کیلەبەرزەوە تەقە بەردەوام بوو. ڕەحمان وتی:

– وە ڕەفیقیلت بیشە بچنە ڕێیانەو وەکورە هاتنە بچنەو.

– یانی دەتەوێ چیم لەگەڵ بکەی؟

ڕەحمان تا هێزی تیا بوو مشتە دەمانچەیەکی ئاڵاندە لاسەری مارفدا خوێن چووڕایە سەر سنگیدا.

– چە وەلتا ئەکەم؟ توای وەی تەمیزیە بوەمەت؟ ئەگەر بکوشمەت شوکر خودا بکە. وتم بیشە بچن. ڕەحمان دووبارە هاواری لێ هەڵسا: هەروا . ڕەحمان مارفی لە سەنگەردا گیردا تا ماوەیەک، لە پاشا مارفی دا بەپێش خۆی و بە دۆڵا بەرەو دێ گەڕایەوە. ڕەحمان بۆی دەشەلی، ئازار بەدەم و چاوییەوە نمایان بوو. مارفیش چاوە چاوی بوو بەڵکی لە خوێن ڕۆیشتنا بێ هۆش کەوێ. زۆری نەخایاند ئەوکە خۆی پێگەیاندن. کە نواڕی ئەوی دەستگیر کراوە، مارفە. مارف ڕوو بەئەوکە:

– کا ئەوڵکەریم. چاکت کرد وا ئابڕوومانت برد؟

– من یا توو؟ ئاخر مەرد ناحساوی توو وە ڕوژی بەڵام ئاوایە هاوردیتە، چوارسەد پونسەد سەر زەلام هاوە تیا، وەی پونسەد زەلامە دوو نەفەر وە پیاو نەزانیتە؟

ڕەحمان ڕوو بەئەوکە وتی:

– یە چ سەگیکە؟

– دوایی زانی.

چەکدارەکانی دیش گەیشتنە بەرەوە. مارفیان دا لەبەر بەرەو دێ. کوێخا مەحموو هاتە پیریانەوە ڕوو بەمارف:

– ئێمە بەتەما بووین سبەینێ بووک بهێنین، وا ئەمڕۆ گەیشتە بەرەوە. ئاخر نامەردی بێ شەرەف! ئێستا حەقی ئەوە نییە دە فیشەک لە مێشکتا خاڵی کەم.

ئەوکە کوێخا مەحمووی بردە ئەولاوە:

– نا.. نەکوشەی بیلە باتەواو مەردوم یان دەست و پات ماچ کەن ئەو وەخت حەرف و حساو خۆت بیشە. کوێخا یەک دوو هەنگاو

دوورکەوتەوە. دوای تاوێک گەڕایەوە ڕوو بەمارف:

– سەیر دەکەی خوا چۆن زەلیلتی کردووە؟ تۆ ئەم هەموو خەڵکەت بەپیاو نەزانی.

لەم کاتەدا زەفەریش گەیشتە بەرەوە، کە زانی دەستگیرکراو مارفە هەڵیکێشایە دەمانچە بیکوژێت. کوێخا دایە سەردەستیدا تەقەکەی لە زەوی کەوت و قیڕاندییە سەر زەفەردا:

– دەتەوێ ناویاوی نامەردیمان ببێتە بنێشتە تاڵەی ناودەمی خەڵک و نامەردی بەناوچاوانمانەوە تۆمارکەیت و بڵێن کابرایەکی یەخسیریان کوشت؟ ئا تۆ لێم گەڕێ بزانە چۆن بۆ هەرچی نامەردی دونیا هەیە ژێری دەکەم. لێگەڕێ با جارێک بارمەتەمان بێت و یەک دوو مانگێک لە گەوڕدا بیبەسمەوە، ئەو حەلە دەزانێ مەحموو خروشانە کێیە و چۆن چۆنینیش سەگی وا بەکوشت دەدا.

مارفیان بەرەو دێ دا لەبەر. ڕەحمان خوێنێکی زۆری لێ ڕۆیشتبوو سواری ئەسپیان کرد.

کوێخا ڕوو بەڕەحمان:

– هیچ نیگران مەبە هەر ئێستا دەنێرمە دوای علی تەیب دا، بەدووسێ ژەم دەوا و دەرمان دەتکاتەوە پۆلا. کوڕی ئازا شایانی هەموو شتە، شایستەی ڕێز و حورمەتە. نایەڵم لە کیلەبەرزە بجووڵێی تا لەوسا چاکتر نەبیت. ئێمە هەمووان قەرزاری تۆین، ئەگەر چاپکی و زیرەکی و لەخۆبووردنی تۆ نەبووایە ئاوڕومان ڕۆیشتبوو. دایک ڕۆڵە ڕۆڵەت بۆ نەکا کوڕم! ئا تو سەورکە تا بزانە من چیت بۆ دەکەم؟

## ١٥

فەلامەرز شاسییەکی چوار گۆشەی دوومەتر لە دوومەتردا لە پیکاپ داگرت. لێخوڕەکە لە داگرتنیا هاتە هانایەوە، تەوژمی نا فەلامەرز و شاسی بەلادا خست. لێخوڕ هەرکە دی یا دەبێ بکەوێ یا دەست بەردا دووهەمی هەڵبژارد زۆر بەتەنگی شاسییەوە نەبوو. فەلامەرز لە ترسی ئاو و تۆز و باران ڕووی شاسی گرتبووە نایلۆن، لە کەوتنەکەشیدا توانی شاسییەکە لە جۆگە قوڕکەی لای شەقام دوورخاتەوە.

فەلامەرز یەشتا تەختی زەوی بوو، کابرایەکی بلیت فرۆشی بەخت هاتە ڕاسەری و وتی:

– بلیت ناکڕی؟

فەلامەرز هەڵسایە سەر پا ئەگەر شەرمی لە شرۆڵی کابرا نەکردبا دەیدا بەناو دەمیدا. کابرای لێخوڕ لە مێژا پارەی خۆی وەرگرتبوو؛ بێ چاوەڕوانی قونییە نێو ماشێن و بۆی دەرچوو. دوکانی کاسێت فرۆشی سەرشەقام دەنگەوەرەکەی خستبووە سەرشەقام، عەهدیە گۆرانی دەوت:

من امشب لول لولم
چە محزون ملولم

فەلامەرز لەبەر خۆیەوە: من ئێستا چەندە قوڕم.. بەدژوار شاسییەکەی بەدیواری کەناری دەرگای نووسینگەدا هەڵسپارد و

دەستی بەزەنگ دانا. ئاغای فەرەجی پێش خزمەت هاتە دەرەوە. فەلامەرز لایەکی شاسی گرت و ئەولاکەش فەرەجی. وردە وردە بەشێنەیی شاسییان بردە ژوورەوە. ڕۆژی بیستەم بوو؛ نووسینگە پڕ بوو لە هەراو کاغەز و ڕەنگ و دەنگ و مۆسیقا ئاتیلەیەکی زانکۆیی لێ هاتبوو. موهەندیسەکانی نووسینگە هەر یەکە دووسێ کەسیان هێنابووە هانایانەوە. کە فەلامەرز دەینواڕی و لێیان ورد دەبوویەوە زۆربەیانی نەدەناسی. دەبوا ئێوارە سەعات شەش هەمووان دەست لە کار هەڵگرن و کارەکەیان بەپێی ئەندازە و قەد و قەوارە و شکڵ و شەمایلێک باتا کە لە پێشت پێیان ڕاگەیانرابوو.

فەلامەرز لە پرۆژەی هاوالانی وردبوویەوە و لەگەڵ چۆنیەتی پرۆژەکەی خۆیدا بەرئاورد و هەڵیسەنگاند و تۆزێک ئاسایش ڕووی تێکرد و باوەڕ و گوڕی بتەوتر بوویەوە. ترس و خورپەیەک لە دڵیا تاو تاو سیخورمەی دەدا، پرۆژەکەی موهەندیس دیبا بوو. بڕیاری دا هەرچۆنێک بووە چاوێک بخشێنێتە پرۆژەکەی ئەویشدا: نەیدەزانی بە چ بەڵگە و هۆیەکەوە بڕواتە ژوورەوە و ئاخری پای بەجەرگی خۆی دانا و دای لە دەرگا و ڕۆیشتە ژوورەوە. خۆشنووسێک لە پاینی شاسییەکەوە خەریک بوو دەینووسی. کامەران لە پشتی مێزەکەیەوە دانیشتبوو. هەردوو پای نابووە سەر مێزەکە، ماندوویی پێوە دیاربوو. فەلامەرزی دی هەستایە سەر پا و دەست گۆشیان کرد وتی:

– دانیشە..

فەلامەرز وەڵامی دایەوە:

– ئەوەندە ماندووم خۆم لەسەر پێ ڕاناگرم. دەمەوێ بڕۆمەوە بۆ ماڵ تا بنووم.

- یانی کارەکەت تەواو کردووە و هێناوتە؟

- ئەوسا لە ژووری خوارەوەیە هەڵمسپاردووە بەدیوارا و ئامادەی ژوژمانە.

کامەران دەستی بۆ پڕۆژەکەی خۆی درێژ کرد و وتی:

- بڵێ. بزانم چۆنت دێتە بەرچاو؟

فەلامەرز ئاوڕێکی سەرتاسەری لێدایەوە و وتی:

- پێشینان وتوویانە:

- نان بۆ نانەوا و گۆشت بۆ قەساو ئەشهەدو بەلامەوە جوانە لە خۆڕا ناڵێن کامەران.

- هەڵم مەنە. سبەی مەعلووم دەبێت. داوام لە موهەندس سەیحون کردووە سبەی لە ژوژمانا بەشدار بێت. وەک ئاشکەرایە شاسییەکان ناویان لەسەر نییە منیش هیچی پێ ناڵێم؛ نە دەڵێم ئەوەیان هی منە و ئەویان هی ئەندازیارەکانمە. جا ئێوە دەبێت لەوەی دڵنیابن هەرکامیان لە تاقیکردنەوەی سبەینێدا سەرکەوت، ئەوەیان دەگەیەنمە لای عولیاحەزرەت و سەرئەنجام پێشگای شاهەنشا. دووبارە دەست گۆشیان کرد و لە نووسینگە هاتە دەرەوە. دوودڵ بوو: بڕواتەوە بۆ ماڵ یا گوێ لە ماندوویی بیست ڕۆژەی نەدا و خۆی بگەیەنێتە یاسی. خۆی پێڕانەگیرا و گەڕایەوە بۆ ماڵ و پای لێ ڕاکێشا. تازە چاوی چوبووە خەو، کارەکەری ماڵ دای لە دەرگا و تەلیفۆنەکەی لەناو سەوەتەیەکدا هێناو وتی:

- ببوورە. هەرچی وتم نوستووە، سوور بوو لەسەر بیدارکردنت.

- هەلەو، یاسەمین تۆیت؟

- دەمەوێ هەر ئێستا بتبینم.. وەرە بۆ دەرگای سینەما

ڕادیۆستیی، لەوێرا چاوەڕوانتم.

فەلامەرز هیچی نەوت، زانی کارێکی پێویستە و بەستەگی بەبرادەرانەوەیە بەپەلە خۆی کۆ کردەوە و کەوتە ڕێ. بیری بەیەکدا دەیدا و دڵواپەس بوو. کەوتە ئەو باوەڕەوە ڕووداوێکی گرنگ ڕووی داوە؛ ئەگینا یاسەمین بەو پەلەیە لە خەو بێداری ناکا و لە ماڵ بیهێنێتە دەرەوە. زۆرتر لەوەی دەترسا کارێکی ناجۆری بۆ پێش هاتووبێت یا کەوتووبێتە داوێکەوە. لە دەرەوە یاسەمینی لە کەناری شەقاما بەدی کرد و ماشێنی ڕاگرت و یاسەمین سواربوو.

یاسەمین بێ چۆن و چاکی وتی:

– لەوە دەڕوا ڕۆژنامەکانی ئەمڕۆت نەخوێندبێتەوە؟

– جا من کەی ئەو ڕۆژنامانەم خوێندۆتەوە تا ئەمڕۆ بیانخوێنمەوە؟ یاسەمین ڕۆژنامەی کەیهانی لە نێو جزوەکەی دەستی وەدەرهێنا و لاپەڕەی یەکەمی خستە بەرچاوی فەلامەرز. مانشیتەکەی نووسرابوو تروریستەکان تیمسار فەرسیویان ترۆر کرد.

فەلامەرز ماشینی لێدەخوڕی دووسێ جار لەسەر یەک وتی:

– ئەمڕۆ سەعات هەشتی بەیانی کاتێک تیمسار "فەرسیو" سەرۆکی دادگای سوپا دەیویست لە ماڵ وەدەر بێت و بڕوا بۆ سەر کار ماتۆر سوارێکی مارکەی "سوزەکی" کە دوو کەسی بەسەرەوە بووە وە هەردووکیان کڵاوی تایبەتی ماتۆر لێخوڕینیان لە سەردا بووە، لە نزیکەوە تەقە لە تیمسار دەکەن و دەیکوژن. بەم شێوە ڕۆڵەیەکی دڵسۆزی ئێران و شاهنشا ڕوحی پاکی دەبەخشێتە خاک و وڵاتی ئێران زەوی.

– هەر ئەوەندە.

– بۆچی ئەوەندە کەمە؟

– تۆ بڵێی کاری برادەرانی خۆمان بێت یا تاقم و گرووپی تر بن؟

– هەرکامیان بن دەستیان خۆش و سەد ئافەرین. زۆر ناخایەنێت ئەمڕۆ یا سبەی ئاگادار دەکرێین!

– ئاگادارم کە.

– هەر هەواڵم پێگەیشت. دەتگەمێ.

– چاکت کرد لە خەوت کردم، سەرەتا ویستم تەلیفۆنت بۆ بکەم تا پێکەوە بین.. ماندوویی ئۆقرەی لێ بڕیبووم و خەو زاڵ بوو بەسەرما و نوستم.

– من بگەیەنەوە و بگەڕێرەوە. بنوو.

– تازە خەوی چی؛ دای لە شەقەی باڵ و فڕی. چاوم پڕی پڕ بووە لە تۆ. جێگەی هیچی تری تیا نابێتەوە، کام خەو؟

فەلامەرز دەستی خستە سەر شلکەی ڕانی و وتی:

– چی دەڵێی ئەو دەم و لێوە گۆشتنەت هەڵمژم و تەواوی ماندوویی بیست ڕۆژ ماندوویی و شەونخوونیم لە بیرکەم.

– گەلێک بێ حەیا بوویت، ئەوسا ئەوەندە چاوچڵیس نەبووی؟ یاسەمین سووری کەوتبووە ڕوخساری. بەسەر ئەوەشدا وتی:

– جا بۆ وەستاوی؟ فەلامەرز بەدەم لێخوڕینەوە قژی درێژی لای چەپی هەڵدایەوە و بنا گوێی ماچ کرد. زۆر نەڕۆیشت و لە کەنارا ڕایگرت و سەری هێنایە لای خۆیەوە و توند توند دەمی خستە نێو دەمی. لە پشتەوە یەک دوو ماشین هۆرنیان بۆ لێدان. دووبارە کەوتنەوە ڕێ. فەلامەرز نیوە ئاوڕێکی لە یاسەمین دایەوە و وتی:

– تۆ فکرت لە چۆنیەتی پەیوەندیی من و خۆت کردووەتەوە؟ من

زەمانێکە بەدرێژا لەم ڕووەوە تێدەفکریەم و یەشتا نەگەیشتوومەتە هیچ و بەسەر چەند ڕیانا ڕاوەستاوم. دەڵێم بۆ خۆمان نەدەینە دەستی ڕووداو؟

هەرچی دێت با بێت و هەرچیش ڕوو دەدا با بیدا و ئێمەش وەک ئەم میلۆنەها خەڵکە؟

- بەگاڵتەتە؟ یا..

فەلامەرز قسەکەی بەیاسەمین بڕی:

- ئەوەندە لە یەکی مەدەرەوە ڕاستە؛ ئێمە ڕێگەکەمان پڕە لە مەترسی و بیگرە و بەردە و کوشتن و بڕین. خۆ دەبێت بژین. هەر نەبێت تا وەختی خۆی. خۆ ناکرێ بژین بۆ مردن، ژیانی ڕۆژانەمان لەبیرکەین. مادەم مەرگ جارێک نەهاتووە، یانی ئێمە هەین کاتێک مەرگیش بێت، ئێمە نین. ئەگەر ڕازی بیت با عشقەکەمان ئاشکەرا کەین؟

- پێم سەیرە وا تێدەفکرێی؟ ئێمە کەی لە هەڵوێستێکداین وا بیرکەینەوە؟ هەر سات و ئان مەترسی ئەوەی تیادایە ناومان بچێتە سەر مێزی ساواک. دەتەوێ دەرحەق بەمنداڵەکانمان تاوانێکی گەورەی وا بکەین؟ نا ئاغا من یەکێکم ناچمە ژێر ئەو گوناحەوە. ئەوەسا ڕۆژ بەڕۆژ گەمەکە گەورەتر و ئاڵۆزتر دەبێت و مەگەر بۆنی خوێن نابیسی؟

- تۆ منت خۆش دەوێ؟

- بەئەندازەی ئەو چیای ئەلبورزە.

- کە وایە با بەنهێنی ببین بەژن و مێرد و نایەڵین منداڵمان بێت ئەمەیان خۆ دەکرێت؟

– ئەمەیشم پێ چاک نییە هەرنەبێت جارێک و لەم هەلومەرجی ئێستایەدا لەم بیرانە گەڕێ. برادەران سەلاوت لێ دەکەن، دەڵێن: ئایا کەسێک لەو سەر سنوورە دەناسیت تا چەک و تەقەمەنی لێ بکڕین؟ فەلامەرز تۆزێک لاملی خوراند و وتی:

– لێم گەڕێ با بپرسم لەم یەک دوو ڕۆژەدا وەلامیان دەدەمەوە.

– ئەرێ ئالەمتاجی خوشکت لە مانگی هەنگوین گەڕایەوە؟

– بۆ کەوتیتە ئەو بیرەوە؟

– هەروا.

– تۆیش بتەوێ سبەی دەیکەینە مانگی هەنگوین.

– بلە بارەکا و عەلە شارەکا. کفرم کرد ئەو پرسیارەم پرسی؟

– نا.. نەگەڕاونەتەوە. ڕەنگە لە هەفتەی داهاتوودا بگەڕێنەوە. برسیت نییە..؟

– با.. بەلام ڕستوران و موستوران بخە ئەولاوە. شتێک بکڕە هەر لە نێو ماشیندا دەیخۆین.

– گۆشتی سوور یا مریشک؟

هەرکامیان بوو.

– کەواتە دەربەند خۆت بگرە و هاتم. پڕە لە ڕستورانی گورج و گووڵ و پاک و تەمیز و ئینجا دەستی یاسەمینی گرت و وتی:

– ئەشهەدو لوڕی.. لوڕیی.. بەئاسانی نارۆیتە ژێر.

– دەڕۆمە ژێر، نەک ژێری قسە و بەرنامەی پڕوپووچ. ئاواتی شەوە ڕۆژیشمە سەرتاسەری ژیانم لەگەڵتا ببمە سەر ژێر لەوە ژێرتر؟

– وەعدەی سەر خەرمانە.

– ئەوە نییە سەلەم و سەروزخریشی دەکەین و تاوێک گەیشتبوونە

پێچ و پەناکانی دەربەند بەدەستی ڕاستی شەقامەکەدا چەندین ڕستوران بەناوی نیلوفەر و شیراز و ڕامسەر و تابلۆکانیان بەگلۆپی زەرد و سوور چاوە قلیچکەیان دەکرد.

ماشینیان بەدژوار ڕاگرت یەک دووجۆر خواردنیان سەند و فەلامەرز کەوتە پێچدانەوەی ماشین، یاسەمین نەیهێڵا و وتی:

– لێگەڕێ با لەیرا بخۆین و ئەو دەم دەڕۆین.

بە نانخواردنەوە خەریک بوون.. پۆلیسێکی هاتوچۆ بەپەنجە دای لە شووشەی ماشینەکە و فەلامەرز شووشەی داگرت و پۆلیس وتی ڕێگەکەتان سەخڵەت کردووە، فەلامەرز پارچەیەک شرینی بۆ درێژ کرد و وتی:

– دەمت شرینکە وا ڕۆیشتین..

پروزە. پروزە دەباری. شەو داهاتبوو، فەلامەرز لە شەقامە پڕ پێچ و تەنگەبەرەکەی دەربەند وەدەر هاتبوو لە گۆڕەپانی "تەجریش"دا وتی:

– بەچ لایەکدا بڕۆم. چەپ یا ڕاست؟

– مەیلی خۆتە، بۆ من بەهەرکوێدا بڕۆیت، دونیا یەک ڕەنگە. ئەدی ئەوە لەبیرم نەبوو دەربارەی بەزمی نووسینگەکەتان بپرسم. تۆ کارەکانی ئەوانت دی؟

– منیش ئەوەندە بەتۆوە گرفتارم. هەرچی گرفتاری تر هەیە هەمووم لە بیر چووەتەوە.

– درۆزن.

– درۆزن دوژمنی خوایە. ئا هەر چواریانم دی.

– جا؟

– ڕاستت بوێت توزێک لە کارەکەی موهەندیس دیبا چەکەرە دەکەم.

ئەوانی دی هەر سیانییان لەیەک دەچن و هیچ هەناسەیەکی تازە بابەتم لە هیچ کامیاندا وەدی نەکردووە. لام وایە بەسەریاندا زاڵ ببم. ئەگەر ئەملاولای تیا نەکرێت.

– قوماش و قەیچی بەدەست موهەندیس دیبا خۆیەتی و هەرچیی بەباش بزانێت دەیکا. ڕەنگە هەر هینەکەی خۆی هەڵبژێرێت؟

ئەی ئەم بەزمە چییە گێڕاویەتی؟ خۆ دەیتوانی لە سەرەتاوە هەموومانی بەیەک پرۆژەوە خەریک کردبا و بەهەفتەیەک تەواو دەبوو. من وای بۆناچم، لە هەردوو حاڵەتەکەدا کار بەناوی ئەوەیە و دەربار هەر ئەو دەناسن و نووسینگەی ئەو دەناسن؛ ئێمە وجودێکمان نییە. جا بۆیە دەڵێم هەرکامیانی پێ باش بێت. هەڵی دەبژێرێت بۆ ئەم مەبەستەش موهەندیس سەیحونی هێناوەتە یارمەتییەوە.

– سبەی سەعات چەند کۆ دەبنەوە؟

– دەی بەیانی. سبەی بەیانییەکەی بێکارم، دێم بۆ کۆلیژ.

– سەعات چەند؟

– یانزەی بەیانی لە کافەتریادا دەتبینم.

– بۆ وا درەنگ؟

– دەمەوێ وەک ورچ لێی بخەوم..

– خۆ زستانیشە.

– ئەی ورچی قوتبی چی، هەمیشە لەناو بەفردایە؟

گەیشتبوونە پانسیۆنەکەی یاسەمین.

– بەدوعا.

– بەدوعا.

بەفر دای دابوو. توێژێکی سپی ناسک دەوروبەری داپۆشیبوو. لە

سەریش دەباری. تا لە دامێنی ئەلبورزەوە سەرتر دەکەوتی توندتر و توندتر کزەبایەکی سارد لە "توچال"ەوە هوژەی دەکردە خوارەوە بەرەو نێو شار. شار تا دەبوو خاووخلیچکتر هەنگاوی بەرەو شەو دەنا هاتوچۆی ماشین، ئارام و تێکەڵاو دەچوون بەیەکدا. فەلامەرز خوا خوای بوو نیازی نەکەوێتە زنجیر بەستنەوە. چەندین ماشین لەملاو لاوە خلیسکابوونە نێو جۆگەی کەناری شەقامەوە. بەدەست و پەنجەی ڕچاوە خەریکی جەک هەڵدانی ژێر تەگەر و ماشینەکانیان بوون سەد خۆزگەیان بەهاتوچۆکەرانی پیادە دەخواست و هاتوچۆکەرانی پیادەش لە دڵەوە سەد جنێویان پێ دەدان. لووت بەرزە نامەردەکان! بۆ وا دەزانن ئەوی پیادە بێت لە هەمووشت پیادەیە و سوکانی ماشین کێشانە و تەرازووتانە؛ دەبخۆن هەتیم چەگەل! فەلامەرز ترسی گت و سەربەرەو ژوورەکەی "پارک نیاوەران"ی لە دڵا بوو دەیزانی لەوێڕا سەرکەوی بەبێ زنجیر بەستن گەیشتووەتەوە ماڵ. ئینجا بیری کردەوە زنجیری پێیە یا نا؟ پێی نەبێت چی؟ گەیشتە نزیک پێچی سەر بەباڵا. لە سەردا ماشینێکی بەفر خاوێنکەری شارەوانی بەرەو خوار شەقامی دەتاشی. ماشینی دا بەلادا و ماشینی بەفر تاشی بەدوولای پوزەیدا دووتاقگە بەفری فڕێ دەدایە دوولای شەقامدا ئەگەرچی شەقامەکەی خاوێن کردبوویەوە بەڵام ماشینەکەی فەلامەرزی لووس کرد لە بەفردا. فەلامەرز لەژێر لێوەوە وتی:

– نامەردی حەماڵ! لەسەر خۆت. دووبارە کەوتەوە ڕێ بەرەو ماڵ کە هۆڕینی لێدا یارە ڕێقو لە ناو کونەباجەی دەرگاوە سەری دەرهێنا و دەرگای کردەوە. کاتژمێر لە دەی شەو تێپەڕیبوو. دایکی دەست و پێکانی لە کرماشانەوە هاتبوون؛ دوایی کەوتە بیری کە هاتووەتە پیری ئەلەمتاجەوە. دایکی کە ئاوڕی لە فەلامەرز دایەوە وتی:

– چیتە ئەوە. بۆ وا شپرزەی؟ مەگەر نەخۆشی؟

– نە دایەگیان! نە نەخۆشم و نە شپرزەش. تۆزێک ماندووم و بەدژوار خۆم گەیاندووەتەوە ماڵ. بەفرێکی زۆر باریوە لە سەریش دەبارێ.

– ماندووی چیت؟ خۆ کرێکاریت نەکردووە؟

– باوکم بۆ تەشریفی نەهێناوە؟

– بەقەولی خۆی تامولّ و حەوسەڵەی هیچی پێوە نییە. لام وا نییە جارێک بتوانێت بکەوێتە ڕێ. پێی وایە تەواوی ئاسمان هەرووژاوە بەسەریدا.

– وا بکا لەناو دەڕوا.

– بۆچی لەناوچوون چۆنە؟ بەمەقاش قسەی لە دەم وەدەر ناهێنێ.

فەلامەرز یەک دوو باوێشکی لەسەریەکدا دا و جارێکیش خۆی لوولدا. دایکی وتی:

– ڕاستەکەی ماندووی. هەستە برۆ بنوە، دوایی بەدرێژی باسی ئەمیرت بۆ دەکەم.

فەلامەرز بەرەو نهۆمی دووهەم بەڕێکەوت. لە منداڵییەوە هەرکات بەسەر پلەکانا سەرکەوتبا دەیژماردن. ڕەنگە تا ئەو حەلە یەک دوو ملیۆن جار ژماردبووین. تەمەلانە سەردەکەوت حەڤدە و ژەهری مارە هەژدە و هەلاوردە، نۆزدە و زەقنەبووت ئیتر تا بیست و حەوتەکەی تەواو دەکرد. تا ئەم دوا دواییەش نەیدەزانی بۆ وا خۆشی لە ژمارەی بیست و حەوت نایە تا هەڵی هێنا و زانیی پۆ و پەیوەندی بەپلەکانەکەی نێو ماڵیانەوەیە. ئەی خۆ ژمارەی حەڤدە و چواریشی خۆش ناوێ، ئەوان چی؟ ڕۆژێ لە ڕۆژان هۆی ئەوانیشم بۆ دەردەکەوێ؟

زەنگی کاتژمێری سەر دیواری ژوورەکەی لێی دا ئەو دەمە بەلای ڕاستیدا نوستبوو. بەیەک چاو نوارییە سەعاتەکەدا و خۆی پلاندە لای چەپدا. بۆ تاوێک هەروا مایەوە؛ لە پڕ لێفەکەی توورڕدایە لاوە و بەسەر کەمەی سیسەمەکەوە دانیشت و باویشکێکی دا و هەڵسا ڕۆیشتە حەمامەوە، بەپێچەوانەی ئەفشینی برای کە دەربەدەری خۆ شۆردن و سەرشۆرگە بوو، خۆ شۆردنەکەی تەنها پێنج دەقیقەی خایاند و خۆی گەیاندە کافەتریای کۆلیژی هونەرە جوانەکان. یاسەمین یەشتا نەهاتبوو ژیلا و کوڕێک هاتنە ژوورێ. یەکڕاست بەلای فەلامەرزەوە هاتن ژیلا و فەلامەرز ڕوومەتی یەکتریان ماچ کرد و ژیلا کوڕەی ناساندە فەلامەرز و وتی:

– ناوی میهرانە. فەلامەرز دەستی بەرزکردەوە پێشخزمەتەکەی کافەتریا هاتە لایانەوە، لەم کاتەدا یاسەمینیش گەیشتە بەرەوە بەپاڵتاو داکەندنەوە خەریک بوو فەلامەرز وتی:

– لە پێشدا بڵێ چی دەخۆیت؟

– شیرقاوە.

هەر ئەوەندە؟

– ئەوەم بەسە.

چوار کەسی لێی دانیشتن. یاسەمین لە مێژا دووسێ جارێک چاوی بەمیهران کەوتبوو بۆ ئەوەی فەلامەرز تێبگا بەپێکەنینەوە ڕوو بەمیهران وتی:

– لەوەی دەچی حەزت لە کافەتریاکەمان نەبێت، یا ژیلا ناتهێنێ بۆ ئەیرا؟

– زۆرتر دووهەمیانە. بۆچی دەرس خوێندن و گرفتاری کۆلێژ هیچی بۆم هێلاوەتەوە؟

ژیلا قسەکەی بڕی و وتی:

- چەندین جار دەعوەتم لێ کردووە بۆ ئەیرا، ئەیرای لاگرانە و دەڵێت:

- زۆر نییە هیچ لەزەتێکی لێ نابەم. هەرچی ناسک نارنجی ئەم شارە و سەرتاسەری ئێرانە لەم کافەتریایەدا کۆبوونەتەوە. کە دەیان بینم، ڕقم هەڵدەستێ کوڕەکانی ئەیرا ژنانە ڕەفتار دەکەن. فەلامەرز هەڵیدایە و وتی:

- بۆچی کۆلیژ و کافەتریاکەمان چییەتی؟ سەیر سەیر چەند کچی جوانکیلەی ڕەنگاوڕەنگ گەلیان بەستووە؟ سەیری جلوبەرگیان کە. دەڵێی هەسونە زێڕینەن. چۆنە لەگەڵ کافەتریاکەی لای ئێوەدا بۆنی ڕیخۆڵەی مردووتان لێ دێت. لە سەرتاسەری کۆلیژەکەتانا بزە و کەنینێک لە ڕوخساری کەسدا نابینی، پێتان وایە تازە باوکتان مردووە. لەمەش زیاتر بەخراپە ناوی کۆلیژەکەمان مەبەن و داوای لێبووردنمان لێ بکەن.

میهران دەستی خستە سەر سینەی و داوای لێبووردنی کرد و پێش خزمەت سینییەک چایی و قاوەی هێنا. یەکێک لە کچانی کۆلیژ تیژ هات و شانی دای لە سینی و تەواوی فنجان و شەکەردان کەوتنە سەرزەوی هۆڵەکەش زرنگایەوە.

میهران وتی:

- ئاخر لەبەر ئەم جۆرە پەت بڕینانەیە نایەم بۆ ئەیرا.

## ١٦

ڕەحمـان لە سـەر گازی پشت کەوتبـوو، عەلە تەیب سـەری شـۆڕکردبووە ســـەر زامـــەکـــەیدا، گـوللەکـە لـە پێـشــەوە دابـووی لە بنە ڕانـی و لەناو گۆشتا مابوویەوە. عەلە تەیب سـەری بەرز کردەوە و وتـی:

– ئەم گـوللە داویە لـە زەوی و کـەوانەی کـردەو ئەم کـوڕەی پێکاوە. جێـی شـوکری بـاقیـە نەیداوە لە ئێسک و لـە شـادەمـاریشـەوە دوورە. هەڵەفـەی توورەکەکەی کردەوە، پڕی بوو لە ئەبزار و ئالاّتی جۆراوجـۆر وەک قەیچـی و مـەقاشـی چکۆلانە و گاز و چەقۆی گـەورە و بچووک و دە دوانزە کـیسـەی بچـووکی کلدان مـانەند؛ پڕبوون لـە گـەرد و پۆدرەی ڕەنگاوڕەنگ هەروا بەڕیزکردنی کاردەستییەکانییەوە خەریک بوو وتـی:

– یەک دوو پارچـە بلووری یا خـــامم بۆ بهـێنن، قـــازانێک ئاویـشـم بۆ بخەنە سـەر با بکوڵێت. ڕوو بەڕەحمان وتـی:

– ها بڵـێ تا و تامـوڵی ژانت پێوەیە یا نا؟

– بیشم چە؟ چ بەرگە بگرم یا نا چارەیەتر دیرم؟ کە نەیرم.

– گوللەکـە لـە ناو ڕانتـا مـاوەتەوە، ئەگـەر وەدەری نەهێـنم گـرفـتـاری زۆری بەدواوەیە. ئەوەنەشـی نەمابووە دیمـە و دەربێت. هـاتن وتیان:

– ئاوەکە دەکوڵێت.

ئەبـزار و ئاڵەتـەکــانی پێ دان تـا بیــخـــەنە نێـو قــازانی پڕ لـە ئاوی کولاّوەوە، وتـی:

– با چارەکێک تیادا بێت و بەقازانەکەوە بۆم بهێنن.

ئەوکە بەڕاسەری ڕەحمانەوە وەستابوو وتی:

– ڕەحمانە ئاوڕوو دیریم. هاوار و فیزاع بێ فیزاع. ئەمڕو کار فرە مەردانەیی کردیتە، بۆرەی سەر.

– یانی ترس دیریت وەک ژنیەل هاوار بکەم؟

حەیف کەیت.

قازانی ئاویان هێنا، قوڵەی دەهات. عەلە تەیب هەڵم و قوڵەی ئاوی دی وتی:

– کەوگیرێک و دووسێ دەفرم بۆ بهێنن. بەڕەحمانی وت:

– هەڵپلێ سەر دەما. ڕەحمان ئارام هەڵپلایە سەردەمیا. عەلە تەیب بەکەوگیر ئەبزاری لە ئاوی کوڵاو دەرهێنا و خستییە نێو دەورییەوە پەڕۆ خامەکەی ڕایەڵی ڕەحمان کرد و وتی:

– بیئاخنە دەمتەوە با هاوارت نەبیسن.

ڕەحمان پارچە خامی وەرنەگرت و وتی:

– وەیادگار وە دەمی نیەخەم. چە توای بکەرەی، مەگە مڵاڵم؟

عەلە تەیب دەیزانی گوللەکە زۆری نەمابووە دیمەو دەربێت و لە کوێنەدا ڕاوەستاوە. مەقاشەکەی نەدەگەیشتە نێو قووڵایی زامەکەیدا بەناچار دیوی ئەولای ڕانی تلیشاند و خوێن ڕێچکەی بەست بەئەوکەی وت:

– خوێنەکەم بۆ خاوێن کەرەوە. عەلی تەیب بەجۆرێک چەقۆی لە شلکەی ڕانی ڕەحمان دەنا تا بەر ڕەگی گەورە نەکەوێت تا نووکی چەقۆکەی دای لە قرقوشمی گوللەکە. دەبوو برێکی دی دەمی زامەکەی

ئاواڵەتر کردبا تا مەقاشەکە لە گوللەکە گیر کا. ڕەحمان دەنگی لێ وەدەرنەدەهات، ڕەنگی زەرد هەڵگەڕابوویەوە، تەواوی لەشی شەلاڵی عەرەق ببوو عەلی تا دەبوو دەمی زامی ئاواڵەتر دەکرد دەمی مەقاشی خستە ناو زام و گوللەی وەدەرهێنا و خوێنی تەمیز کردەوە و بڕێک دەوا و دەرمانی ڕژاندە سەر زاما و توند توندێک زامی بەست و یەک دووجار دایە سەر پشتی ڕەحمانا و وتی:

– ئافەرین کوڕم! ئافەرین!

گوللەکەی بەئاو شۆردەوە و لە چاوی نزیکی کردەوە وتی:

– نەموت لە مێژدا داویە لە زەوی و داویە لە ڕانی بەرەو ئەوکە رایاڵی کرد و وتی:

– ئاها، سەیری کە پان بووەتەوە؟ ئەوکە قورقوشمی لە عەلی تەیب وەرگرت و سەیری کرد و نۆرە هاتە سەر کوێخا مەحموو، ئەویش بەوردی تێی نواڕیی وتی:

– عەلە تەیبە مەگەر گاڵتەیە؟ بەخوا بەخوا ئەگەر نەخۆشخانەکانی بەغدا و تاران بەزبرەدەستی بزانن دەنێرنە دوایا. یەکێکیان بەدیار ڕەحمانەوە دانا و هەموان گەڕانەوە دیوەخان؛ چایان هێنا و بەدەم چا خواردنەوە ئەوکە ڕوو بەکوێخا وتی:

– توایت چە وەل مارف کوێخا زەمانا بکەیت؟

– بۆ حەوت پشتی عاقڵی دەکەم. لێی گەڕێ با لەو گەوڕەدا بمێنێتەوە تا بزانێت بەڕۆژی ڕۆشنا تالانکردن یانی چی؟

– ئەیە وەجای خۆی، وەلی وەنەزەرم کوشتنی کار دروستی نییە. وەخاتر ئیمەش بییە مەکوشەی.. چون پای ئیمە هاتیەتە ناو؛ ئیشم ئەگەر مومانەعەت نەکەی، باخەوەر ئەڕا کویخا زەمان بنیرم بزانم

مەزەنەی چەس و چەتوات بکات؟

– هەواڵی بۆ دەنێری، بنێرە. بەڵام خۆ دەبێت لە پێشدا ئێمە قسەمان یەک بێت و چۆن چۆنین لەگەڵیا بدوێین!

– بەد فکریەک نییە، فەرمایشت چەس؟

– لە باتی سەری مارفدا دوو سەد سەر مەڕم دەوێت لەگەڵ چوار تفەنگی بڕنەو و دوو دەمانچەی چواردە خۆر، ئەڵبەتە جگە لە تفەنگ و دەمانچەکەی قەدی خۆی کە ڕەحمان لێی سەندووە.

– منیش نەزەرم وەی دەوروبەرە بی. تا دووسێ ڕوژتر چاوەڕوان مەنیم؛ وەنەزەرم ئەو وەی دووسێ ڕوژە یەکیک کل بکات..

– بەهەر حاڵ تۆیش جارێک نابێت بگەڕێیتەوە تا بزانین ئەم مەرافەیە دەگاتە کوێ، باوەڕ ناکەم پەنا بباتە دەوڵەت؛ بۆخۆی باش دەزانێ گرانی بۆ تەواو دەبێت.

– وەی چەشنە. چارەی تر نەیریت هەربایەت دەست وەدامین مەلا حلمی وت.

– ڕوحم هەر لەوە ترساوە.

– ترس نیەتوات مەلا حلمی ئادەم حەقانیەگە و خۆشی وە زوڵم و زوور نییە.

عەلە تەیب هەڵسا و ڕۆیشتە لای ڕەحمانەوە.

ئەوکە ڕوو بەکوێخا:

– یە شەو و ڕوژیکە مارف وەناو گەوڕدا بەستیتە و چ یەک ڕوژ و چ سەد، ئیشم بابچم دەری بارم و بخەمەی دیویک و لاکیش ئەڕای درێژکەن؟

– کاک ئەولکەریم شایانی ئەوە نییە لەگەڵ سەگیشدا ببەسرێتەوە، یەشتا کەمە.

– فەرمایشت دروستە، وەلی بیلە ئەی بزورگەواریە لە تۆوە بوین، مەردوم چاو و گوش دیرن، دودوسو ئازادی کەیت بیلە با ئەو خەجاڵەت بکیشت و بزانن مەردانەگی یانی چە؟

– باشە لەبەر خاتری تۆ. ڕووی کردە یەکێک لە خزمەکانی، وتی:

– ژوورێکی بۆ ڕێکخەن.

ئەوکە بەرەو گەوڕ وەڕێ کەوت؛ دەست و پای مارف گوریس پێچ کرابوو. بێ ئەوەی هیچ بەمارف بڵێت هەڵەفەکانی دەست و پای کردەوە و بندەستی گرت و بردیە دەرەوە. گەوڕ تاریک بوو، کاتێک مارف هاتە دەرەوە بەرپای خۆی نەدەدی، یەک دوو لەتری بەست و ئەگەر ئەوکە نەبوایە تەختی زەوی دەبوو. ئەوکە ڕووی کردە یەکێک لە پیاوەکان و وتی:

– ئاو و خوراک ئەرای بارن.

بێ ئەوەی لە ژوورەکەدا بەلای مارفەوە دانیشیت وتی:

– ئاغا مارف یە چە دەستە گولی بوت وە ئاو دای؟

ئەڕا شەهر هورتە؟ هەرکی ئەرا خۆیەسی. ئاخر مەرد حساوی ئەی مەردومە خزم و خویش یەکن.. زانی چەپاو یانی چی؟

– کا ئەولکەریم. هەرچی بوو گوزەشت و تێپەڕی.

– نا، یەشتا مەنییە. وە سەی براکە ئەگەر کویخا بوزرگەواری نەکردا مەردوم تیکە پارت ئەکردن.

– جا باشە مردن خاسە یا ئەم وەزعەی منی تیادام؟ من ڕێکەوت

وای لێ کـردم. ئەگـەر تۆ و جـەمـاعـەتـەکـەت نەبوایە من وام بەســەر نەدەهات.

یەکێک لە چەکدارەکانی ئەوکە هاتە ژوورا و وتی:

– مـەلا حـیلمـی یە عـیـدە هاوەلیـاو هاتن. کـویخـا ئیـشت با باتە دەشتەو.

ئەوکــە لە ژوور هـاتە دەرەوە. دەرگـایان لە ســەر مـارف کلۆم کــرد. کوێخا و ئەوکەو خـەڵکەکە چوونە پیری مەلا حیلمییەوە. هـەم کوێخا هەم ئەوکـەش دەیانزانـی مـەلا حلیـمی بۆچ هاتووە. هیـچیـان نەوت و چاوەڕوان چـێـــــشـت تـەنگـا بـوو.. هـەتـاو نـەدەبیـنـرا. هـەور ڕووی داپۆشیبوو. نیوەڕۆ نان خورا مەلا حیلمی ڕوو بەکوێخا:

– ئەم هەراو بەزمە هەروا بووە وا من بیستوومە؟

– من نازانم چییان بـەعەرزی جەنابت گەیاندووە.. ئەوی ئاشکەرایە کوێخا زەمان بەڕۆژی ڕۆشنا ویستویەتی خانەبگیرمان بکا و شـەرەفی سەد ساڵەمان بدا بەبادا. ئێمە خۆ برا و باوکی یەکترمان نەکوشتبوو تا بەم ڕادەیە هەرچی ئاشنایی و ڕابووردوو هەیە وا پامـــاڵی کـــا. ئەویش بەم ئاشکەرایە و لە ڕۆژی شـاییشدا. ئاغا حەیعەلا سەلات ئەم کچە زەفـەری ئێـمـەی ویست و مـارفی نەویست بـۆ ئاسمـان هەرووژا؟ ئەم بیگرەوبەردەی نەدەویست بۆچی بیگەیەننە ئەم ڕادەیە؟

– کوێخا ئەوی من دەبینم، منداڵ بازی و هەوەسێکی گەوجانە لەم کـارەدا بەکـار ڕۆیشـتـووە. ئەمـەیان ئاشکەرایە کـوێخا زەمـان ســەد قورئان و تەڵاق دەخـوا کە بۆ خـۆی ئاگاداری ئەم بەزمە نەبووە. مارفی کوڕی لە ڕووی گەنجییەتی و نەفامییەوە ئەم کارەی کردووە.

– جا تۆ باوەڕی پێدەکەی؟

– ئا، چونکە قورئانێکم خستە بەردەستی و سوێندی بۆ خواردم کە بەهیچ جۆرێک ئاگاداری ئەو هاتنەسەرەی نەبووە. تا چەکدارەکان گەڕانەتەوە و ڕووداوەکەیان گێڕاوەتەوە. بەهەرحاڵ من بۆ ئەوە هاتووم ئەم گرفتارییە بخەمە لایەکدا و نەیەڵم لەمە زیاتر کاری گەوجانە ڕووبدا و ببێتە هۆی ناکۆکی نێوان. ئێمەی کورد لە مێژەوە لەسەر شتێکی زۆر بێ مانا و پڕوپووچ دەستمان چووەتە خوێنی یەکتر و دوژمنیش لە نێوانا گاڵتەی پێکردووین. وەک دەنوارِی گەنجێکی گەوج کارێکی نەشیاوی لێ وەشاوەتەوە و تیادا نەک سەر نەکەوتووە بەڵکو تا ژیانی ماوە وەک لەکەی نەنگ بەناو چاوانییەوە دەمێنێتەوە. جا با لەیرەدا بیبڕینەوە و تۆ لەوە دونیا دیدەتری. وام پێ باشە لەیرەدا بیبڕیتەوە؟

– دەفەرمووی بیبڕیتەوە؟ سەرچاو! دەبڕێتەوە؛ بەڵام دەبێ جۆرێک ببڕێتەوە سبەی هەرکەسێک ویستی و پەلاماری خەڵک بدا و دەبێت بزانێت ئاکامی پەلاماری خەڵک یانی چی. ئەوەسا کابرایەک لەو ژوورەدا کەوتووە گوللەی مارفی پێوەیە. ئەگەر ڕێکەوت نەبوایە ئابڕوومان ڕۆیشتبوو هەروا بێ حساو و بێ کتاو ئەم بەزمە بۆ کوێخا زەمان و مارفی کوڕی بڕواتە سەر؟

– نا منیش قبووڵ ناکەم، مەرجتان چییە؟ با لێی بدوێین.

ئەوکە هاتە قسە و وتی:

– وە ئەلی ئەی مارفە ئەرا کوشتن خاسە. وەلی ئەیقەرە نەفام و خەرە.. حەیفە ئادەم بکوشتەی.

هەم مەلا حیلمی و هەم خەڵکەکە تێکڕا پێکەنین.

ئەوکە دووبارە وتی:

– بیشـە ئاخر مـەرد ناحساوی! ئەی جـورە چەپاوکردن وەکـام شوین کردنەسەی؟ مەگەر مەردم شەروالْ وەپا نەیرن؟

مەلا حیلمی نەیهێڵا ئەوکە درێژایی بداتێ:

– کـاک ئەولکەریم لەوانە گـەڕێ، دەمانـەوێت ئاو بەسـەر ئـاگردا کـەین نەک پووی لێکەین.

– وەتەواو هـەرچـی مـەزهـەو هـەس نیـەتوام ئەی ئـاگـرە گـڕ بگـرت تا جـەنابت نەوەتـی کویخـا زەمـان وەی خـەربازیـە ئاگـادار نەویە، حـەتم داشتم کویخا زەمان مەغز خـەر خواردیە. ئیجازە دایەسـە ئەم مەلال و مەزمە تا کار وا بکەن.

– نا لەوەی دڵنیـابـە ئاگاداری ئەم مـەرافـەیە نەبووە. من بـەهـەر پێـنج پەنجـەم بێ تاوانی کـوێخـا زەمـانتـان بۆ ئیـمـزا دەکـەم. ویسـتـم لەگـەڵ خـۆمـا بیـهـێنم، دوایـی بیـرم کـردەوە جـارێک زووە. پێم بـڵـێن چیتـان دەوێت؟

کوێخـا تەزبیـحـەکەی لە لەپێکدا گـرمـۆڵە کـرد و فـڕەی دایە لەپەکەی دییەوە و وتـی:

– هـاتـوونەتە ســەرمــان، بریندارمــان هـەیە، ئـەسپ و پەزمــانیــان کوشـتـووە، شـاییمانیـان تێکداوە، بەڕۆژی ڕۆشنا ویستـوویانە تالآنمان کەن، بەسەر ئەمانەدا جەنابت چی بفەرمووێت ئامادەین.

– نا، بۆ خۆت بڵـێ. ئەوسا گوێت لێ دەگرم.

– مـادام وا دەفەرمـوویت و لەبەر خـاتری جـەنابتیش بووە هـەر دەبێت کـوتا بیـەین؛ بەڵام هـەر دەبێت ئەم جـۆرە کـەسـانە چـاوترسیـەن کـریەن. دەڵێم یەکـەم دەبێت دووسـەد سـەر مەڕمان بدەنـێ لەگەڵ شـەش تفـەنگی بڕنەو و دوو دەمانچەی چواردە خۆردا.

– کوێخا.. ئەمانەی دەیڵێی یەکجار زۆرە.

– قوربان! بۆ زۆرە؟ کابرا هاتبوو دوو سەد سێسەد سەر پەزمان بباو شەرمەزاری سەد ساڵەشمان کا.. دەفەرمووی زۆرە؟

– ئەی من چی؟

– جەنابت لەسەر سەرمانی. ئەمر بکە مارف لەگەڵتا دەبەیتەوە. ئەم جورە کەسانە ئەگەر سزا نەدریەن سبەی دەبێتە هەرکەس بۆ خۆی.

– ئەمانە هەمووی بەجێگەی خۆی، ئەوانەی وا وتت با بیکەینە نیوە.

– مەلا خۆت باش دەزانی بەندە لە قسەی تۆ دەرناچم بەڵام کارێکی وا بکە با نەبێتە هۆی بەڕەڵلایی.

– نیوەی کەم نییە، با بڕیاری لەسەر بدەین.

– هەرچی جەنابت بفەرمووی هەر ئەوەیە، بەمەرجێک تفەنگ و دەمانچەکەی مارفی تیا نەبێت، ئەوە لە شەڕا گیراوە.

مەلا حیلمی چپەیەکی بۆ یەکێک لە پێشمەرگەکان کرد و کابرا ڕۆیشتە دەرەوە؛ زۆری نەخایاند دوو برنەو و دوو دەمانچەکەی هێنا و لەبەر دەستی مەلا حیلمیدا داینا. مەلا حیلمی وتی:

– ئەمانە من دیدەم، تا چەند ڕۆژێکی دی سەد سەر مەڕیشت پێدەگا.

کوێخا مەحموو وتی:

– مامۆستا قبووڵی ناکەم.

– بۆچی قبووڵی ناکەی؟ تفەنگەکانت بەدڵ نییە؟ بۆت دەگۆڕێنە باشتر.

– نەخەیر قوربان! بەندە وا تێنافکریەم. ئەوە مارف. لەو ژوورە دایە،

دەیدەم بەدەستەوە بیبەوە لەگەڵ خۆتا. هەرکات مەرجەکانیان هێنایە خزمەتت، دێمە خزمەتت من بارمتە لە جەنابت وەرناگرم.

– کە وایە جۆرێکی تری لێدەکەین. ئەمڕۆ ڕۆژی شەمووە، ڕۆژی سێشەمە بێن بۆ لامان بۆ بنکە؛ لەوێڕا کۆتایی بەمەسەلەکە دێنین. مەلا حیلمی هەستایە سەر پا و ڕوو بەئەوکە وتی:

– تۆیش وەرەوە بۆ لامان.

کوێخا خوڕیە یەکێک لە پیاوەکان و وتی:

– بڕۆن مارف بهێننە دەرەوە.

مەلا حیلمی و کوێخا و ئەوکە و خەڵکەکە تەواو لە حەوشیدا بوون مارفیان هێنایە دەرەوە. کوێخا ڕوو بە مارف:

– خوا بتکاتە قوربانی مەلا حیلمی، وە ئیلا تا زەمانێکی دی بۆنی تەرس و سەنیرم دەدا بەلووتدا. مەلا حیملی و کۆمەڵەکەی ڕێگەیان بەست و بەرەو خوار بوونەوە.

لە دێ و دەوروبەری دێدا ناو هەر ناوی ڕەحمان بوو، باس هەر باسی ڕەحمان بوو. ڕەحمان بەڕۆژێک ڕێگەی چەند ساڵەی بڕیبوو. قارەمانی و لێهاتوویی ڕەحمان، دەم بەدەم دەیانگێڕایەوە هەتاوەکو لە بیر و ناخی ئەوکە و دەستەکەیشدا بووبووە پاڵەوان و جێگەی ڕێز و سەرسووڕمان. ڕەحمان بۆ خۆیشی نەیدەزانی لە ڕووی چە ئەنگیزەیەکەوە ئەو پەلامارەی دابوو. ئایا لەبەر خۆ دەرخستن یا باوەڕ پێکردن، یا لە ڕووی خوێن گەرمی و گەنجایەتی و ڕەزامەندیی ڕوحی سەرکێشی خۆی؟

ئەوکە چەند جار لێی پرسیبوو:

– پەلام دایت، دایت، وەلی توام بزانم خواستی چە بکەیت؟

وەڵامی دەدایەوە:

– وە ئەلی وەختی خۆم دیم هاومەبان ئەسپێکە و تاو دەم...

عەلە تەیب ڕەحمانی بەجێ نەدەهێشت؛ هەتاوەکو بەرنامەی خواردنیشی بۆ دانابوو. لە ژیانی ڕەحماندا گۆڕانکارییەکی بنەڕەتی ڕووی دابوو. هەرگیز بەو شێوە جێگای ڕێز و حورمەتی بەخۆیەوە نەدیبوو. ئەگەر دایکیشی لەوێ باتا وا چاودێریی لێ نەدەکرد. سرنجی کچان و ژنانی ناو دێی ڕاکێشابوو، هەمووان خۆیان بەقەرزاری لێهاتوویی ئەو دەزانی، حەزیان دەکرد لە نزیکەوە چاویان بەقارەمانی گوم ناو کەوێ. عەلی تەیب بۆرە خزمایەتییەکی لەگەڵ فەقێ ڕەشیدی کیلەبەرزەدا هەبوو. ئێواران دوای تیماری ڕەحمان ماڵی کوێخای بەجێ دەهێشت. لە ماڵی ئەواندا شەوی دەبردە سەر. فەقێ ڕەشی تا سوختەیی بەلای مەلاوە خوێندبووی؛ دوای مردنی مەلا سەعیدی باوکی بەناچاری دەستی لە خوێندن هەڵگرتبوو، کرابوویە گەورەی ماڵ و لە گەورەیشدا هەر بەفەقێ ناودەبراو لە بنەچەکدا لە شاری سولەیمانییەوە هاتبوون. دوای مردنی مەلا سەعیدیش هەر لە کیلەبەرزەدا مانەوە با وەک هاتوچۆی شاریان دەکرد، بەڵام کیلەبەرزەیان بەجێ نەهێلا، خەڵکی دێ و دەوروبەریشی لە ڕێز و حورمەتیاندا بەردەوام بوون.

کوێخا فەقی ڕەشیدی ئاگادار کردبوو کە لەگەڵیا بڕوات بۆ بنکەی لای مەلا حیملی. دەمەو شەفەق کوێخا و ئەوکە و دەدوانزە کەسی ترەوە بەرەو بنکەی بیلولە وەڕێکەوتن. نیوەڕۆیەکی درەنگ گەیشتنە بنکەی لای مەلا حیلمی. مەلا ئەنوەر هاتە پیریانەوە، لە پێش ئەواندا کوێخا زەمان و چەند خزمێکی گەیشتبوون. لە ژوورەکەی مەلا

حیلمیدا مەلا لە سەرینەوە دانیشتبوو دوو دەستەی ناکۆکیش بەدولای دیوارا. مەلا حیملی کەوتە باسی بەدبەختی و بێ فەرهەنگی و نەخوێندەواری خەڵک، کە چۆن دوژمنانی کورد لەو نەخوێنەوارییە سوود وەردەگرن و بەئاسانی ئاژاوە دەنەنەوە. مەلا حیملی دەکۆشا زۆر سادە و خۆمانی بدوێت و دوور لە بیرورِای مارکسییەت و ئەندێشەی چەپگەرایانە دەردە کوردەکە شی کاتەوە؛ ئینجا هاتە سەر کوێخا مەحموو وتی:

– لە مێژا وتم کوێخا زەمان ئاگاداری ئەو بەزمە نەبووە، تۆیش وتت جا باوەڕی پێ دەکەی؟ منیش وتم ئا. قوماشێکی سەوز لەبەر دەستیدا دانرابوو دەستی بۆ درێژ کرد و وتی:

– ئەوە قورئانە. بوو دڵنیایی زۆرتر وا بەبەرچاوی هەمووانەوە کوێخا زەمان دەست بەسەر ڕەپەی قورئانا دەکوتێت کە بەهیچ جۆرێک ئاگاداری هێرشەکەی مارفی کوڕی نەبووە.

کوێخا زەمان هەڵسا و لەبەردەم قورئان و مەلا حیلمیدا هاتە چۆکا و چمکی کەواکەی بەدوولادا پەخش بووبوویەوە دەستی خستە سەر قورئان و وتی:

– قورئان! بەحەقت بەمانات نەخۆم نە ڕوحم ئاگاداری پەلامارەکەی مارفی کوڕم نەبووم. ئەو کارە گەوجانە سەربەخۆ کردوویەتی ئێستاش ئەمە سەری من و ئەویشە چەقۆی ئێوە، چی دەفەرموون ئامادەم.

مەلا وتی:

– کوێخا بگەڕێوە سەر جێگەی خۆت ئینجا وتی:

– با چەقۆ و مەقۆ بخەینە لاوە، کاری وا زۆر ڕووی داوە، لەمە گەلێک خراوتریش قەوماوە. بەژیریی و شنیەیی پەرچ و پەیوەند

دراوەتەوە. خۆ خوانەخواسە کەس کوژراوە، کە نەکوژراوە؛ بەڵام بۆ ئەوەی کاری وا هەڵەشانە بێ سزا تێنەپەڕێت، من مەرجە ڕەواکانی کوێخا مەحمووم بەکوێخا زەمان ڕاگەیاندووە، دەستی بۆ سووچی ژوورەکە درێژکرد و وتی:

– ئەویشە دوو برنەو و دوو دەمانچەی چواردەخۆر هێناویانە و سەد سەر مەڕیش بەڕێگەوەیە تا دەمەو ئێوارە دەگاتە ئەیرا.

کوێخا مەحموو ئارام و لەسەرخۆ هاتە قسە و وتی:

– کاوڕێک، فیشەکێک لە من و دێی کیلەبەرزە حەرام بێت ئەو سەد سەر پەزە. پەنجای بۆ ڕەحمان و سێ سەری بۆ ئەوکە و باقیشی بۆ بنکە. ئەو چەکانەشی دووانی بۆ ئەوکە و دووانیشی بۆ ڕەحمان. ئەمما... مەلا حیلمی نەیهێڵا درێژای بداتێ و وتی:

– ئەمما بێ ئەمما. هەستە لەگەڵ کوێخا زەمانا دەست ماچان بکەن، با ئەوی ناکۆکی هەیە لە نێوانتانا نەمێنێ و ماوەش بەگەوج و نەفام مەدەن کاری هەڵە و هەڵەشانە بڕوێن لە نێوانا.

هەردوو کوێخا دووسێ جار دەست ماچانیان کرد و هەریەکەیان گەڕانەوە سەر جێگەی خۆیان. فەقێ ڕەشید لە پڕ قیڕاندی:

– سەیدی عالەم موحەممەد سەڵاوات.

پێنجی ئێوارە بوو فەلامەرز گەیشتە نووسینگە. دوای سەڵاو یەکڕاست لە پشتی مێزی نەخشەکەیەوە دامەزرا و لوولەیەکی کاغەزینی کردەوە و باقەیەک گوڵی گلاویلی دەرهێنا و گوڵە پەژمووردەکانی نێو گوڵدانەکەی بندەستی دەرهێنا و دانە دانە باقە گوڵەکەی خستەوە نێو گوڵدانەکەوە. بەهێمنی خەریکی تەرازووی گوڵەکان بوو، مۆنی و گرژی هاوالانی سرنجی ڕاکێشا. لەسەرخۆ دانیشت، بێ ئەوەی ڕوو بەلای یەکێکیانەوە بکا پرسی:

– ئاغاگەل! نالێن چی قەوماوە؟ خوانەخواسە کەسێک مردووە؟ ئاسمان هەرووژاوە؟ بۆ وا کەساسن؟ مێزی موهەندیس موجتەبا لە مێزەکەی فەلامەرزەوە نزیکتر بوو بەئارامی وەڵامی دایەوە:

– ئەلحەمیلا هیچی خراو ڕووی نەداوە.

– ئەی ئەم پەژموردەیە؟

لەم کاتەدا سکرتێرەکەی کامەران خان هاتە ژوورەوە ڕوو بەفەلامەرز:

– ئاغای موهەندیس چاوەڕوانتە. فەرموو بۆ لای. فەلامەرز وەک منداڵێکی شەرمۆکی گوێگر بەدوای ژنە کەوت. کاتێک لە پلەکانەکە سەردەکەوتن فەلامەرز چاوی بڕیبووە پاشووی تەنوورەکەی ئەوەندە تەسک توند گوپکەی پاشووی وشاردبوو تیلماسگی شۆرتەکەی لە

پارچەی تەنوورەکە بەرز ببوویەوە و سایە و سێوەری کەوانەی کردبوو تا ناو ڕانی. دەرگای بۆ فەلامەرز کردەوە، کامەران دەستەی تەلیفۆنی بەگوێوە گرتبوو ئاڵۆزانە قسەی دەکرد. بەو دەستەکەی ئاماژەی بۆ فەلامەرز کرد تا دانیشێت. فەلامەرز بەپێچەوانەی هاواڵەکانیەوە نەیدەزانی بۆ بانگ کراوە.

کامەران لەگەڵ تەلیفۆنکەرەکەدا کەم حەوسەڵە و تەنگە جیقڵدان دەهاتە چاو. بێ تاقەتانە وتی:

– خانم داواکەت دوور لە زەرافەت کارییەو ئەمەی تۆ دەیڵێی بەستەگی بەبەر ستێژی نووسینگەکەمەوەیە. من کاری واناکەم، خواحافیز. تەلیفۆنی داخست، سەرێکی سووڕدا و یەک دووجار بەسەر کورسییە چەرخانەکەیەوە، لەبەر خۆیشەوە وتی:

– بەڕاستی ئەم خەڵکە سەیرن. ئینجا ڕوو بەفەلامەرز وتی:

– سەرئەنجام کاتی ئەوە هاتووە پیرۆزباییت لێ بکەم. کارێکی گەلێک پوختە و ڕێک و پێکت ئەنجام داوە. ئەمە تەنها باوەڕی من نییە بەڵکو هەر سێ کەسی لیژنەی ژوژمان، ڕامان لەسەر کارەکەی تۆ بووە. بەشایستەگییەوە سەرکەوتی بەسەر کارەکانماندا هەستا و تەوقەی لەگەڵا کرد.

بۆ ئاگاداریت لیژنەی ژوژمان کەسایەتی هونەری وەک موهەندیس سەیحون و موهەندیس فولادی تیادا بوو. بۆ خۆتیش پلەوپایەی میعماری ئەو دووانە دەناسیت. بۆ ئەوەی بەرانبەرکێکە دووربێت لە سەوداگەری، نەمهێلا بزانن کام کار هی کێیە و چۆن چۆنێنە.. شاسییەکان بێ ناو هاتنە بەردەستی چاوساقان کە بەتەواوی ڕاهاتە سەر کارەکەی تۆ. ڕامگەیاند کە ئەوە کاری قوتابییەکی دوا ساڵی

کۆلێژی میعمارییە؛ ئەوەندەیتر سەرسامتر بوون. بەڵام یەک دوو تێبینییان وەدەرخست، دەربارەی تالاری بلیارد و یەکێک لە سووچەکانی ڕووی ڕۆژهەڵات کە دەبێت دەستکاری کرێت.

فەلامەرز یەشتا هەر گوێی دەگرت و هیچی نەدەوت جگە لە سوپاست دەکەم.

موهەندیس کامەران دووبارە لە پشتی مێزەوە دانیشت و پایپەکەی دووبارە ئاگردا و بەکلکی پایپەکەی ئاماژەی بۆ فەلامەرز کرد و وتی:

- عولیاحەزرەت لە نەخشە و چەپ و ڕاستە بڕاوەکانی نەخشە تێدەگا و سەری لە وردەکاری کاروباری ساختمان دەردەچێت. ئەمما شاهەنشا، نا. جا ئێمە ناچارین پەنا ببەینە ماکیت سازی؛ نووسینگەکانی دیش هەر وا دەکەن.. پێت وایە بەچەند ڕۆژ ماکێتەکەی تەواو دەبێت؟

فەلامەرز سەرگۆی پەنجەی هەردوو دەستی یەک دووجار دا لە یەک و ئینجا وتی:

- ڕەنگە دە ڕۆژ بخایەنێت.

- یانی بەو ماوەیە تەواو دەبێت؟

- من وتم دە ڕۆژ بۆ مەبادا، زووتر تەواو دەبێت.

- دەباشە لە ئەمڕۆوە بکەوە دوای.. نامەوێت بێیتە سەرکار تا بە ماکێتەکەوە دێی. ئێمە پانزە ڕۆژمان ماوە کارەکەمان ببەینە خزمەتی عولیاحەزرەت.

- فەلامەرز هەڵسا و وتی:

- ئەمرێکی دی نییە؟

- خوات لەگەڵ!

فەلامەرز لە ژووری کامەران وەدەرهات. بۆ تاوێک ڕاوەستا و کچەی سکرتێر قسەی لەگەڵا دەکرد. زاق زاقێک تێی دەنواڕی بێ ئەوەی گوێی لە قسەکانی ڕاگرێت. ئەوەند بەسەرکەوتنەکەیەوە دڵشاد بوو تا دەستی بۆ درێژ کرد و تەوقەی پیرۆزبایی لەگەڵا کرد، بەرەو پلەکانی نهۆمی خوار کەوتە ڕێ و گەڕایەوە لای کچە و وتی:

– دەزانی ڕەنگ ئامێزی جلەکانت جوانە؟

کچە وەڵامی دایەوە:

– ئەی خۆم؟

– خۆتیش.

وەرچەرخایەوە بەرەو خوار بۆ ناو هاوکارانی. موهەندیس موجتەبا لە ژێرلێوەوە پیرۆزبایی لێ کرد، ئەوی تریش هەروا موهەندیس کامبیز خۆی بەخەت کێشانەوە خەریک کردبوو. فەلامەرز کەوتە کۆکردنەوەی خۆی. گوڵدانە پڕ لە گوڵەکەی بردە لای موهەندیس موجتەباوە و وتی:

– سوود لەم گوڵانە وەرگرە بەندە دە ڕۆژی دی دەگەمەوە خزمەت. دوعاخوازی کرد و لە نووسینگە وەدەرهات. ئەو چەند کەسێکی ماکیت سازی دەناسی چەندین جار کاری ماکیت سازی کۆلیژی پێ سپاردبوون. بەرەو شەقامی شاعەباس وەڕێ کەوت و خۆی گەیاندە نووسینگەی کابرای ماکیت ساز. گەڕایەوە بۆ ماڵ؛ دایکی هۆڵەکەی پڕکردبوو لە گوڵی جۆراوجۆر. ئەو خسڵەتی گوڵ دۆستی لە دایکییەوە بۆی گەڕابوویەوە.. کە دایکی دی پڕ بەدەم قیڕانی:

– ئەڵا دایکە. چەند بەزەوقی خوایە ئەم دایکە نازدارەمان لێ نەسێنیت. دایکی بەسەر تاکە مۆبلێکی لوئی چواردەوە دانیشتبوو نم نمەک قاوەی دەخواردەوە. دەینواڕییە چڵ و پەڵوپوی درەختەکانی

دەرەوە، با ئارام ئارام دەیشەکاندنەوە چەندین ڕیشۆڵەی بەفرە ڕۆژی پرسی بەسەر چڵەکانەوە تۆپەڵیان کردبوو. فەلامەرز گەیشتە لای دایکی و دەستی ماچ کرد و لە نزیکییەوە دانیشت و وتی:

– دایە ئەمیر هەروا نارەحەتە و خۆی دەخوات. یا ئەهوەنتر بووەتەوە؟

– ئەهوەنی چی؟ لەوسا گەلێک خراپتر بووە. ترسی ئەوەم لێ نیشتووە خوانەکەردە شتێکی بەسەردابێت، بەمەقاش قسەی لەدەم وەدەر نایەت.

– بەدبەختی من لەوەدایە. پێی وایە من جیڤارام یا چوزانم ماوسی تۆنگم لێم ئاڵۆز دەبێت؛ بەهیچ جۆر ماوە و مەودای ئەوەم ناداتێ تا بڕێک گۆڕانکاری پێ بسەلمێنم. تۆ بڵێی تەشریفی بهێنێت بۆ تاران؟

– پێم وا نییە.

– تەلیفۆنی بۆ بکە بەڵکی ڕازی بێت.

دایکی هەروا ئارام تێی دەنواڕی لە پڕ وتی:

– خەیاڵت نییە ژن بهێنیت؟

– چیت فەرموو؟

– وتم ئەمساڵ کۆلێژ تەواو دەکەی. ناتەوێ ژن بهێنیت؟

– دایە گیان! لەم ڕووەوە جارێک لێم گەڕێ، بیست ساڵە خەریکی خوێندنم. با هەنوزێک بکەم تۆزێ بحەسێمەوە. بۆ ژن و ماڵ و دەردەسەری منداڵ جارێک زووە.

– یانی چی؟ ناتەوێ دەست بخەیتە سەر کچێک و بۆت دیاری کەین؟

– دەست دەخەمە سەر کچ، بەڵام بێ دیاریکردن شەش حەوت ساڵێکم بەدەستەوەیە.

– تا حەوت ساڵی دی پیشەشەم ڕزاوە. وابێت ئاواتی ماڵ و منداڵی تۆ دەبەمە گۆڕەوە.

فەلامەرز بەدەم خوانەکا خوانەکاوە سەری دایکی ماچ کرد و تەلیفۆن زرنگایەوە. دەستەی تەلیفۆنی هەڵگرت و هەر دەنگەکەی بیست وتی:

– تۆیت؟ چاکت کرد تەلیفۆنت کرد. بەرنامەم دانابوو بەرەو لات بێم. تۆ بوەستە پەلە مەکە.

فەلامەرز سەری دەنا سەر تەلیفۆنکەرەکە. فەلامەرز وتی:

– بۆ وا بێ دەنگ بووی؟ فەلامەرز هەرگوێی دەگرت. تا وتی سەعات هەشت دێمە دواتا تەلیفۆنی داخست.

دایکی یەک دووجار نەستەرەنی کارەکەری بانگ کرد و لە بەردەستیا ئامادەبوو فەرمانی دا تا یارە ڕیقوی بۆ بانگ کا.

فەلامەرز سەرکەوت بەرەو ژوورەکەی. دایکی وتی:

– سەعات دوانزەی شەو فڕۆکەکەی عالەمتاج دەنیشێتەوە. خۆ ناکرێت نەیەیت بۆ فڕۆکەخانە؟

– با دێم.

تابلۆیەک بەدیواری پلەکانەکەوە هەڵواسرابوو، لێی ڕەت بوو. گەڕایەوە نەختێک چەپ و ڕاستی کرد و لەبەر خۆیەوە وتی:

– ئێستا تەرازووە.

یارە ڕیقو دەست بەسینە بەرانبەر خانم ڕاوەستابوو، خانم پرسی:

– ها یارە؟ دەنگوباسی سەی سەلمانی برات و توولە مارەکەی برازات چییە؟

– خانم وەتەواوی ئاین هەم سەی سەڵمان و هەم ڕەحمان بێ تاوانن. چەنێک جەنابت دەستت لە خوێنی زەینەدینا هەیە ئەوانیش ئەوەندە.

– ئەی تۆمەتیان بە سەی یاقو یا کوێخادا بۆ نەکردووە؟

– ئاشکرایە بۆ. پاسگا ئاگاداری ئەوە هەیە ئەوکە یارمەتی و پێتاک دەنێرێت بۆ سەی سەڵمان. بۆ ئاوی چاوسەندنی خەڵکیش بووە هەر دەبوا یەکێک داخەن؛ خاڵ بەناوی سەی سەڵمان دەرچوو.

– دەڵێن ڕەحمان ئەوکەی خستووەتە گیرفانییەوە لە داو و تەڵەکە و خەڵک ڕووتکردنەوەدا.

– ئەمەیان نازانم. هیچ هەواڵێکم لێیان نییە. ئەمما ئەوەی دەزانم ڕەحمان دەست بۆ ماڵی کەس درێژ ناکا.

فەلامەرز هاتە خوارەوە. دایکی دووبارەی کردەوە. فرۆکەخانەی لەبیر نەچێت.

یارە وتی:

– خانم فەرموودەی ترت نییە؟

– نا. بڕۆ.

فەلامەرز بۆ خۆی دەرگای کردەوە. لە شەقامدا منداڵێکی ڕۆژنامەفرۆش. بەدەنگیش دەیوت: کوژرانی دوو ترۆریست. فەلامەرز لە کەناردا ماشینی لادا و ڕۆژنامەی کڕی. بەمانشێتی گەورە نووسرابوو لە شەقامی سوپادا دوو ترۆریست کوژران. پەلە پەل خوێندییەوە بەدوای ناوی ئاشنادا دەگەڕا وەدی نەکرد. دووبارە خوێندییەوە: کە چاوساقانی دەوڵەت ماڵێکیان خستبووە ژێر چاودێرییەوە، سەرئەنجام دەبێتە تەقە لە نێوانا. دوان لە ترۆریستەکان کوژران بەناوی بەهرامی

تەوحـــیـــدی و ڕەزا پاســـەبان. دوو کـــەسی کـــەش بەبرینداری دەســـتگیـــرکـــراون. لەبەر خـــۆیەوە وتـی: حـــەیف و کـــەوتـە ڕێ بەرەو پانسـیـۆنەکـەی یاسـەمین. کـە گـەیشـتـە ئەوێ یاسـەمـین لە دەرەوە چاوەڕوانی دەکـرد. ئازا سـوار بوو. فـەلامـەرز دەسـتـی بۆ ڕۆژنامـەکـە درێژ کرد و وتی:

– ئەوانە دەناسیت؟

– نایانناسم. پێم وایە لە گرووپی تر بن؛ بەڵام "فەرسیوە" برادەرانی خۆمان کوشتیان.

– وا دیارە ساواک و دەوڵەت کەوتوونەتە کوشتن و بڕین؟

– لەوە دەڕوا.

– ئەرێ دەزانی پرۆژەکەی منیان هەڵبژارد؟

– پیرۆزە.. هەزار جار پیرۆزە!

– پاداشتم چی؟

یاسەمین لە مەبەستی تێگەیشت وەڵامی دایەوە؟.

جارێک لێگەڕێ با قەرزارت بم. قەرزاریش قەرزاری نەکوشتووە.

– ئەم قسانە ناڕواتە گوێما ئەمشەو لێت دەبم بە دراکولا، هێندەت هەڵدەمژم خوێننت تیا نایەڵم. بەڵام با ئەوەشت پێ بڵێم کە ئەمشەو ئالەمـتـاجی خـوشـکم دەگـەڕێتـەوە سـەعات دوانـزەی شـەو دەبێ خـۆم بگەیەنمە فڕۆکەخانەی میهرئاباد. حەز دەکەم تۆیش بێیت؟ یاسەمین تۆزێ ماتی دایگرت و یەک دووجار چاوی پرتاند و وتی:

– لێم گـەڕێ تاقـەت و حـەوسـەڵەی کش و فش چینـی ئرستـۆگـراتیم پێوە نییـە. دەترسم ڕەفتارێکم لێوەشـێتەوە ببێتە مایەی دڵگیری ئەوان و منیش.

– جا خۆت ڕاگرە و دان بەجەرگی خۆتا بنە و ئەوی دەبینی نا دیدەی بگرە. ئەمە هیچی تێناچێت. دایکیشم هاتووە حەز ناکەی بیبینی..؟

– با، ترسەکەم لە کەس نییە. ترسم لە خۆمە.

– ئەوەندە سەختی لێ مەنوە. هەمووی سەعاتێکە، دە بڵێ دێم.

– دەی قیروسیا. باشە دێم. بەڵام بەپانتۆڵی چین و کاپشنەوە.

فەلامەرز سەری بردە لای ڕومەتییەوە و ماچی کرد و وتی:

– ئەمەیان یەک و دووەمی بەم شێوە جوانتری ئێمە یەشتا قوتابین و تازە قوتابی کۆلیژی هونەرە جوانەکان خۆ لە کۆلیژی علومی ئیسلامیدا نین.

– برسیمە.

– وا دەڕۆین شتێک بخۆین تا دوانزەی شەو دوو سەعات و نیوی ماوە. دەگەینە قەرز و قەرزدانەوەدا.

– با نان بخۆین قەرز بژاردنیش دەدەینە دەست خوا.

تالاری فرۆکەخانەی میهراباد جمەی دەهات، برێک بەدەستەگوڵەوە برێکیش لە ڕوستورانا پاشماوەی شەویان دەگوزەراند. لە چەند لاوە تۆپەڵ تۆپەڵ خەڵک و خێزان کۆببووبوونەوە. زۆربەی خەڵکەکە لە چینی خوا پێداوان بوون لە هەر چوار لای تالاردا ژنگەلی هەزار خێزان گەردن بەندی ئەڵماس لە گەردن و بازنی و ئەنگوشتەری گرانقیمەت لە دەست و پەنجە دەبریسکانەوە. پاڵتۆی پێستی جانەوەرانی سەرتاسەری جیهان لەبەر و سەرشانا مینگ و ستراخان و ڕێوی خوارو سەری جیهان بە گەرمیان و کوێسانییە و سەگی ئاوی و پڵنگی

کۆنگۆ هندو ورچی قوتبی و سمورەی ڕەش و سووریش هەرچاوی یاقووتینی جانەوەران بوو بەسەر شان و سنگ و لاگەردنی جوان پەیکەران و پیرەژنانی دەست ڕۆیشتووە بوو، هەر بۆنی چرووتی هاڤانای نێو پەنجەی بەئەنگوشتەری ئەلْماس و ڕازاوە بوو لە تالارا. کەرەواتی هەوریشمی لانڤەن و کریستین دویەرو پیرگاردن بەسەدان ڕەنگیەوە لە ملی ڕاوسەتاوەکان دەبینران.

دە دەقیقەی مابوو بۆ دوانزە. فەلامەرز و یاسەمین گەیشتنە بەرەوە بەئاسانی کۆمەڵی خۆیان دۆزییەوە. بڕێک لە ئاشنایانی بنەماڵەی ئەمیر ئەقدەم و ئەمیر ئینتیزامیش هاتبوون.

فەلامەرز لە دایکییەوە نزیک بوویەوە ئاماژەی بۆ یاسەمین کرد و وتی:

– ئەم خانمە ناوی یاسەمینە و هاوکلاسیشمە.

هەرچی یاسەمین ویستی لە تێنوارینەکەی تێبگا هیچی دەستگیر نەبوو. خەڵکەکەش بەوردی دەیان نوارییە جلوبەرگی یاسەمین. هەتاوەکو دایکی فەلامەرزیش هوشیارانە یاسەمینی خستبووە ژێر زەرەبینەوە.

لە دەنگەوەرەی تالاردا هەواڵ درا کە فڕۆکەی پاریس تاران نیشتەوە. بڕێک کەوتنە ڕێ بۆ لای دەرگای گومرک و ترانزێت. مۆسیقایەکی ئارام لە تالارا دەبیسرا چەندین کەس گوڵ بەدەست، نەرم نەرم بەرەو پێشوازی هەریەکەیان دەکۆشا لەوی تریان نمایانتر بێت یاسەمین ژەندییە فەلامەرزەوە وتی:

– ئالەمتاجی خوشکت یا ماندووە یا غەمگینە. وردە وردە خەڵکەکە کەوتنە خواحافیزی. لەولاترەوە بوو بەهەر،ا فەلامەرز و یاسەمین

ڕۆیشــتنە دەمی هــەراکــەوە. دووسـێ پۆلـیس دوو کــەسـیــان کــەلەبـچــە کـردبوو پـەلەکـێش دەیانـبـرد؛ سـەرئەنجـام دەرکـەوت ئـەو دووگـیـراوە کـردوییـانـەتە ڕەوشت و زەمـانێکە فـێـری مـاچی مـوفت و بـەلاشی ئافـەرتانی لە سـەفـەر گـەڕاوەوە بـووبوون، کاتێک کـچـێک یا ژنـێک لە گـەشـتـێک دەگـەڕانەوە دەچوونە نێـو پێـشـوازیکـەرانا و وەک خـزم و خوێشـەکان ژنان و کچـانیان لە ئامێز گرتووە. ئەمجـارەیان یەکێک لەو گیـراوانە ویسـتـبـووی دەمی ژنە مـاچ بکا ژنە ئاڵۆز دەبێت و زللەیەک دەکێشێتە بناگوێی کوڕەدا و دەردەکەوێ ناسیاوی هیچ کەسیان نییە و ڕادەکەن و دەستگیریان دەکەن.

## ١٨

ڕەحمـان دارێکی دابووە بندەسـتی؛ شـەلە شـەل دەجـوولا و کـەوتـبـووە جموجۆڵ. عەلە تەیب بەجێی نەهیشتبوو بەدیاریەوە مابوویەوە. هەموو ڕۆژێ خۆی دەگەیاندە ماڵی فەقێ ڕەشید بۆ دەوا و دەرمانی زامەکەی. جوولان و هاتوچۆکەی سەرەتا لەسەر فەرمانی عەلە تەیب بوو تا لەم دوا دوایەدا حـەزی دەکرد کەی ڕۆژ بێتـەوە و خـۆی بگەیەنێتە مـاڵی فـەقێ ڕەشـیـد لەو هاتـوچۆیەدا یەک دووجـار لووتی تەقی بـوویە لووتی کچێکی جوانکیلەی تازە پێگەیشـتوودا . شـێوە و دیمەن و جـوولانەوەی نەخشی بیر و تێفکرینی ڕەحمان بووبوو. هەرچی دەکرد کەمتر بیری لێ بکاتەوە، دووبارە ڕوخسار و شێوەی نەخشی نێوچاو و ئەندێشەی دەبوو.

دەم و چاو و قـەد و قـامـەتی سـەیری پڕ بوو لە پرشـە و جـوولانەوەی ژنایەتی. با وەک تازە پێگەیشتوو دەنوا تەواوی لەش و پەیکەری لەرەی لێوە دەهات، ڕوخساری پەیوەستە خوێنی تێزابوو. کە هەنگاوی دەنا گـوپ و لا ڕوخـسـاری دەلەریـیـەوە. لە سنگ و بەرۆکی پێش هەمـوو شـتـێک خـۆی دەخـسـتـە بەر تەمـاشـا و سـەیرکـەری تەمـاحـگیر دەکرد؛ مـەمکی بێ کـیـسـەی مـەمکدان سـەرگـۆکـەی لاسـارانە لە ژێر کراسـەکەیەوە قـوت و شـەڕفرۆش و هـەوەس ئـەنگیز هانی تەمـاشـایەکی لەزەت بـەخـشی دەدا . ڕابـەی خـوشکە گـەورەی چەنـدین جـار شـەڕی لەگەلا کردبوو کە بۆچی سنگی نابەسێتـەوە و ئاوا هەوەس ئەنگیـزانە

لە ژێر کراسەکەیەوە نمایانە. وەڵامی دەدایەوە: چی بکەم؟ خۆ خەتای من نییە. مەگەر کارە بزنە بیبەسمەوە. خوا وای دروس کردووم. ڕابەی خوشکی بەزۆر کراسەکەی دادەماڵاند و بەپارچەیەک سنگی توند توند دەچەڕاند و لە پشتەوە دەیبەست و دەیوت: ئاوای بیبەسەوە.. کچە شوورەیییە ئاوڕوومان مەبە؛ باس هەر باسی مەمکی تۆیە.

ڕابە سێ چوار ساڵ لە سەبری گەورەتر بوو، زۆر باسی سنگ و مەمکی سەبری خوشکی بیستبوو. بڕێک لە کچان و ژنانی دێی کیلەبەرزە شاکامیان بەبەرجەستەگی مەمکی سەبری دەبرد و بڕێکی دیش سەرزنشتیان دەکرد کە ئەو کچەتیوە بۆ وا گەڵ و گوانی خستووەتە بەرچاوان مەگەر بێ خاوەنە؟

سنگ تۆپەڵی سەبری بووبووە کەرەستەی دانیشتن و تاوان و ڕازونیازی ژن و پیاوی دێ. وای لێهات سەبری ناچار کرا مەمکی سەرکێش و لاساری دەسەمۆ کرێ و بۆ هەمیشە ببەسرێتەوە.

کە ڕەحمان بۆ یەکەمین جار چاوی بەسەبری کەوت دیمەن و هەیکەلی چووە دڵیەوە. بۆ جاری دووهەم کە دییەوە یەکەمین شتێک سرنجی ڕاکێشا سنگ و بەرۆکە گۆشتنەکەی بوو. سەبری بۆی هەبوو لە ماڵ و حەوشدا مەمکی شەتەکدراوی لە کۆتوبەندی هەڵفە و پشتوێن بەرەڵاکا. ئەگەر نیازی چوونە دەرەوە و ڕۆیشتنی سەر کانی هەبوا دەهاتە لای ڕابەی خوشکی تا سنگی بۆ ببەستێتەوە. خەڵکی دێش لەم دوا دوایەدا هەستیان بەوە کردبوو شتێک بەسەر مەمکی سەبریدا هاتووە، هەرچی بیریان لێ دەکردەوە نەیاندەزانی. دووبارە مەمانی سەبری بوویەوە کەرەستەی ڕاز و نیاز و لێدوان.

ڕەحمانیش سەری لێ شیواو بۆ هەرچی دەینواڕییە سنگی سەبریدا

ساف و تەخت دەهاتە چاوی.. جاری سێهەم کە لەگەڵ سەبریدا لە دەرگادا بەرانبەر یەک هاتن تێنواڕین و وشەی چۆنی لای سەبری، وا کاس و مەنگ و ماتی کرد نەیتوانی وەڵامی داتەوە. شەو تا بەیان هەزاران جار ئەو تێنواڕینە و وشەی چۆنییەی کاوێژ کردەوە.

چۆنی؟

چوونم؟ ڕوژی سەد جار قەزات لێم کەفت.

چوونم؟ کەفش هەڵگرتم.

چوونم؟ مەگەر مەنیمە، چوونم؟

دواجار کە سەبری دی دووبارە سنگ و بەرۆکی شەڕی دەفرۆشت. سەبری بەباشی دەیزانی چۆن چۆنین بجووڵێتەوە، بە چ شێوەیەک سنگی بەرجەستەتر و نمایانتر بخاتە بەرچاوان. دەیزانی چۆن سەر و زوڵفی بەناز لادا و کەوانە بخاتە پشتی و سنگی ئەوەندەی تر شەڕفرۆشتر و دەست بەیەخانە بخاتە بەرچاوی بینەر.

ڕەحمان پەی بەوە بردبوو نواڕینەکانی سەبری پڕە لە ڕێز و ستایش؛ بەڵام کوا زات و توانا و تەواجود تا شتێک بڵێ و بیدوێنێ. لەگەڵ خۆیدا دەدوا و دەیوت: چتە مەرد؟ ڕاسی کام مەرد و کوا مەردانەگی..؟ وەختی سەوری دوێنێ چمانە ماران گەزستە بێتە.. ئینجا هەناسەیەکی هەڵدەکێشا و دەیوت:

- گیرم توانستی بلبل زمانیش کردی، مەگەر پورت برەسیتە سەوری؟ من بابەیەک تایفە و غەیرە دین ئەو دوێت مەلا و فەقێ. مەگەر خود خودا دروسی کەت. وەئیلا نیەوت کە نیەوت. ئینجا ئومیدەوارانە دڵخۆشی خۆی دەدایەوە:

- ئەرا مەحاڵە؟ هەزار کەس وەک من بیە و کاریشی جۆر بییە. وە

سـەی براکە ئەی گلە دیمەی گریـەی دڵم ئەڕای بازکـەم، هەرچی بات، بیلە بابات.

بە بۆنـەی تیـمـار کـردنەوە ڕەحـمــان شـەلە شـەل لە مـاڵی کـوێخـا وەدەرکـــەوت بەرەو مـــاڵی فـــەقێ ڕەشـــیـــدیش لە بنـدەســـتــیـــاندا دارجگـەرەیەکی زەردی بـەدەســتـــەوە بوو هـەی مــژی لێـدەدا کـوێـخــا مەحموویش هاتە مالاّ، کە سەیری زامەکەی ڕەحمانی کرد وتی:

– خوا حەز بکا چاک بوەتەوە.

– شـتێکی وای نەماوە، باوەڕ نـاکەم هەفتـەی داهـاتوو هیچ نیـازێکی بەمن بمێنیەت.

– یانی دەتەوێ بڵێی هەفتەی داهاتوو بەجێمان دێڵیت؟

– کـوێخـا نـاچارم.. ڕەنگە لـەم چەند ڕۆژەدا لە چەند لاوە هـاتبـوون بەدواما. وەک دەزانی زۆر کـەس ناتوانێت بگاتە دەوا و دکتـۆر و شـار و ئەملاولا، بۆ خۆتیش دەزانی من زۆرتر ئەم کارانە هەر بەر خوا دەیکەم و خەڵکیش فەقیر و هەژارە.

– ئەشــهـەدو ڕاست دەکـەی. ئەگـەر بەپارە و پـووڵ دەوا و دەرمـانت کردبا ئێستا خاوەنی هەزار سەر مەڕ بووی وا نییە فەقێ؟

– ئـەوە نەبێت خـــزمـی خـــۆم بێت، نـەک من بـەڵکو هـەمـــووان ئـەو شـایەتیـیەی دەدەن. با وەک وەسـتـایی عـەلی لە دەرچوونی جـومگە و شکانی ئێسک و سوقـاندایە، عەلی تەیب قسەکەی فـەقێ ڕەشیدی بڕی و وتی:

– چەند سـاڵێک لەمـەوبەر قـایمقـامی شـاری کـفـری ناردی بەدواما. دوو پۆلیــسـی ســوارە دێ بـەدێ بەدوامـــا دەگــەڕان تـا دۆزیمیـــانەوە. بەقـوەی سـەیار بردمیـانە بەردەسـتی قـایمقـام. دەترسـام؛ قـایمقـام ئەو

حەلە شتێک بوو بۆ خۆی. تا لەبەرم هەڵنەسا لام وابوو کارێکم بەسەردا دێنێت. تەوقەی لەگەڵ کردم و ناردی چاشیان بۆ هێنام ئینجا وتی:

– کاک عەلی ئێمەماڵەوەمان، یانی ژنەکەم ملی کارێکی بەسەردا هاتووە ناتوانێت بەلای ڕاستدا بیچەرخێنێت، تەواوی دکتۆری بەغایشم پێگەڕاندووە، دەوا و دەرمان نەما بۆی نەنووسن، هەر وەک خۆی ماوەتەوە. منیش لەم و لەو ناوباوی تۆم بیستووە. وا ناردوومە بەدواتا بەڵکو بتوانیت چارەیەکی بکەی؟

قایمقام بەنوێنەری مەلیک دەناسرا ترس و هەیبەتێکی پێوە دەبینرا لە وەڵامیدا وتم:

– بەگم! ئەوی لە دەستم بێت کۆتایی ناکەم، هەڵسایین و بردمییەوە بۆ ماڵی خۆیان. ماڵەکەیان زۆر لە جێگەی کارەکەیەوە دوور نەبوو. هەر بەپێیان کەوتینە ڕێ یەک دوو پۆلیسی چەکداریش بەدوامانا دەهاتن. دەرگا کرایەوە. قایمقام لە پێشەوە؛ منیش لە دوایەوە. لە ژوورێکی پڕ لە قەنەفەی جۆراوجۆردا دایاننام. وێنەیەکی مەلیک فەیسەڵ هەڵواسرابوو. قایمقام ڕۆیشتە دیوی خێزانەوە. زۆری پێچوو. ورەور و دەنگەدەنگم دەهاتە گوێ تێکەڵ بەوردە جنێویش. نەمدەزانی جنێوەکان بە کێ دەدرێت؛ بەڵام ئەوەندەم لا ئاشکرابوو ژنە نەدەچووە ژێر خۆی بخاتە ژێر دەستی کوردە لادێییەکی وەک منەوە. گاڵتەی بەبیروڕای مێردەکەی دەکرد. سەرئەنجام هەرا بڕایەوە. زۆری نەخایاند قایمقام هاتەوە و ژنەش بەدوایدا. ژنە فیز و فەخر و لە خۆ ڕازیبوون لە نواڕین و هەنگاوەکانیدا دەبینرا. وا تێی نواڕیم وەک جانەوەرێک بم لە بەر دەستیدا. بێ سەلاو بێ قسە لەولاوە دانیشت و

پای خستە سەرپا و سولەکەی تێکردم، کراسی ناومالّەی لەبەردا بوو، تا ئەو حەلە کراسی وا خۆش ڕەنگ و نەرم و ناسکم نەدی بوو.

ژنە کەلّەگەت و گۆشتن و خڕومڕ دەهاتە چاو؛ تۆزێک لە قایمقام بەرزتر و بەهەیبەتتر خۆی نیشان دەدا، لانەکردنەوەی بەلای ڕاستدا چۆنیەتی ڕێکردنی تێکدابوو. ڕەپ ڕەپێک وەک بەیداخێک و هەنگاو بنا ژمێراو پای دەکوتا؛ بەسەر ئەوەشدا لە هەنگاو نانا فەخری بەزەوی دەفرۆشت، هەر بەو ئەندازەشە بێ باوەڕی بەمن و بێ نرخی من لە نێو نیگایدا دەبینرا.

قایمقام وتی:

– وەک لە پێشدا باسم کرد ئەمەیە وەزعی خانمەکەم کە دەیبینیت. با ئەویشە بلّێم خانمەکەم بۆ نەختێک باوەڕی بەکار و کردەوەی تۆ نییە و نایسەلمێنێت کە بتوانی هیچی بۆ بکەی، ئینجا ژنە هاتە قسە و بەپەنجەی شایەتمانی کە یەک دووجار سەروخواری کرد و وتی:

– ئەم پیسکەیە دەیەوێت گەردنی من چاک کاتەوە، هەرچی دکتۆری بەغدا هەیە مەگەر نەگەڕاوین تا ئەم جانەوەرە بتوانێت چاکم کاتەوە؟

– با تەواوی دکتۆرەکانی بەغدا گەڕاوین، گەڕاوین، پێم نالّێی زەرەری چییە ئەم کابرایەش هونەری خۆی بنوێنێت. هیچ زەرەرێک دەکەیت..؟ ژنە وەک خواردنێکی پڕ لە مێش و مەگەزی بخەنەبەر دەست و ناچاریش بێت بیخوا.. بەگالّتە پێکردنەوە وتی:

– باشە، دەی. فەرموو. جەنابی حەکیم باشی.

من لە ژنە تۆقیاوبووم، کش و فشەکەی ئەوەندە زۆر و نەمدەوێرا توخنی کەوم بەقایمقامم وت:

– دەتوانم دەست لە ملی بدەم؟

قایمقام وتی:

– فەرموو.

وەک لە دەڵە شێرێک نزیک بوومەوە ئاوا بەپارێزەوە وردە وردە لە ژنە نزیک بوومـەوە، هەردوو چاوی جـن جن بووبوویەوە، دەسـتم درێژ کـرد بۆ گەردنی بۆنی عـەتری سـەرو زوڵفی شـەپۆلـی دەدا. دانەدانە گرێکانی گەردنیم ژمارد. ژنەش پەنجـەکانمی بەدووپـشک و قولانجـە دەزانـی کـە بەسـەر گـەردنیـا تێـدەپەڕن چوار پێنج دەقـیـقـەیەک دەسـتم بەسـەر گەردنیـیـەوە بوو، قـایمقـام ورد ورد دەیـنـواڕی تـا دەسـتم کـێـشـایەوە و نەختەکێک لە ژنە دوورکەوتمەوە. قایمقام وتی:

– ها چیت لا ئاشکەرابوو؟

وەڵامیم نەدایەوە، وتم پلەی سەربانتان لە کوێیە؟

– بۆ؟ ئەوەسا لە ناو حەوشدایە.

هەم قایمقام و هەم ژنەیش پرسیارەکەمیان بەلاوە پێ سەیر هات.

وتم دەمـەوێت خانمت لە پێشمـەوە بەسـەر ئەو پلەکانەدا سـەرکەوێتـە سەربان و ئەمنیش لە دوایەوە بم، ژنە وتی:

– ئەمە چ پەیوەندییەکی بەگەردنی منەوە هەیە؟

– نا پەیوەندی هەیە ئەگەر بەگوێم بکەن دوایی بۆتان باس دەکەم.

ژنە بەفـیـزەوە هەسـتـایە سـەر پا، لە پێشـەوە کراسـەکەی گـرتبـوو تا نەبێــتــە بەرپـایەوە خــڕومــڕی ســـمت و کـــەفــەڵی بەوردی لـە ژێر کـراسـەکـەیەوە وەدەردەکـەوت، کـە هـەنگاوی دەنا لـەسـەر و خـوارەوە باسەنی دەلەرییەوە. گەیشتینە لای پلەکانە و بە ژنەم وت لە سەر خۆت لە پێـشــمــەوە ســەردەکـەوی منیش لە دواتەوەم. تـا بزانم جـووڵانەوەی گەردنت لە سەرکەوتنا چۆن چۆنینە.

وتی:

– باشە.

ژنە سەرکەوت.. یەک پلە و دوو پلە... قایمقام ڕاوەستابوو منیش بەدوایدا یەک پلە و دوو پلە، سێ و چوار سەرکەوت منیش بەدوایدا. کە گەیشتە سەر پێنج و هەنگاوی ناو شەشەم پەنجەم درێژکرد و کردم بەناوگەڵیدا. ژنە کە قیژاندی لای کردە لامەوە و وتی:

– سەگبابی بێ شەرەف!... کار تەواو بوو بوو ژنە بەلای ڕاستدا لای کردبوویەوە.. هاتە خوارەوە. کەفی دەچەڕاند، جنێوی دەدا تا ئەو حەلە نەیدەزانی بێ هیچ دەرد و ئازارێک بەئاسانی لای کردبووە لای ڕاستیدا. کە هاتە خوارەوە لە ترسا پەرم گرت. قایمقام تێگەیشتبوو کە من چیم کرد و بۆ وام کرد، قا قا پێدەکەنی. ژنە یەشتا هەر لە تووڕەبوونی خۆیدا بوو. وردە وردە سەیری کرد وا بەلای ڕاستیدا بێ ئازار سەر دەچەرخێنێت، ئاوڕێکی سەرسامانەی لە من دایەوە، منیش بەسەرم بوێم سەلماند، ئا وەک دەبینی. ئینجا ڕوو بەمێردەکەی وتی:

– خۆ دەمبینی. خۆمە چاکی کردمەوە؟ پەلاماری دا دەستمی ماچ کرد.

قایمقام جزدانەکەی دەرهێناو پەنجا دیناری پێدام. هەرچی تەقالای کرد لە دە دینار زۆرترم وەرنەگرت.

هەمووان وتیان:

– دەست خۆش مام عەلی. کوێخا هەستایە سەرپاو بەدەم ڕۆیشتنەوە وتی:

– بنوارن ئەم خوایە چەند گەورەیە، شتێک ناداو زۆر شتیش دەدا. لەم دەشت و دەرو کەژو کێوانەدا ئەم خەڵکە هەژارە لێقەوماوە، دوور

لە دکتۆر دوور لە دەواودەرمان و نەخۆشخانە و بیمارستان ئەگەر عەلی تەیبیشمان نەبوایە، چیمان کردبا؟ جێی شوکری باقییە و شت نییە خوا چاکی نەکا.

تا ئەو حەلە ڕەحمان ورتەی لە دەم وەدەر نەهاتبوو وتی:

- وە ئەلی قسەگان کوێخا تەواوی چمانە شەکەرە. کار نییە خوداوەند دروستی نەکا. مەگەر نا؟ و خۆی وەڵامی خۆی دایەوە: با.. با دروست وت، مەگەر ئەوت دروست نەوت؟

سەبری سینییەک چایی هێنا. کوێخا بەپاوە چای وەرگرت. ڕەحمان نواڕی خەوەرێک لە بەرجەستەگی سینە و مەمکی سەبری نییە، تەختی. تەختە. دووبارە نێو نیگایان تێکەڵ بوویەوە. ڕەحمان لە خۆشیدا گەیشتە سنووری شاگەشکە کردن. کوێخا چایەکەی ڕێژابووە نێو ژێر پیاڵەکەی و پفی لێ دەکرد و وتی:

- بیست پیشمەرگەیەکی لای مەلا حیلمی گوێزایانەتەوە ئەشکەوتی پاشا.

فەقێ وتی:

- بۆ هەمیشە

- لەوە دەڕوا، لات گرانە؟

- پێم وانییە هیچ زیانێکیان بۆ ئێمە هەبێت.

کوێخا چای خواردەوەو ڕۆیشت.

فەقێ ڕوو بەعەلی تەیب:

- دوا جارێک ڕۆیشتیتە شار کەی بووە؟

- کام شار؟

- سولێمانی.

– مانگێگ دەبێت، بۆ؟

– سەری ماڵی ئەحمەدی برامت داوە، نازانم بۆ نەهاتن قەرار وا بوو سەرمان لێدەن.

– من لەوێ بووم خەریکی تفاق بوون و وا بزانم کاری خێریان بەدەستەوە بوو.

– وایە، وا . بڕیارە ڕابەی کچم بدەمە عەلی برازام.

– خێری پێوەیە ئینشائەڵڵا.

عەلی تەیب هەستایە سەرپاو دەستی ڕەحمانی گرت و هەڵیسانەوە سەرپا و بەرەو ماڵی کوێخا بەڕێ کەوتن. کابرایەکی چەکدار بەرەو ماڵی کوێخا دەتەکانی دەدا . کە کوێخای دی نامەیەکی لە باخەڵی دەرهێنا و دای بەکوێخا و وتی:

– ئەم نامەیە مەلا ئەنوەر نووسیویەتی.

کوێخا وتی:

– بڕۆن فەقێ ڕەشیدم بۆ بانگ کەن تا ئەم نامەیەم بۆ بخوێنێتەوە.

ڕەحمان وتی:

– کوێخا من سەواد دیرم لوتف بکە تا بخونمەی. تا ئەو حەلە کەس نەیدەزانی ڕەحمان سەوادداره، بۆ خۆیشی خۆی وا دەرنەخستبوو. لە پێشدا بەدژوار جارێک بۆ خۆی خوێندەوە، ئینجا بەدەنگ بۆ کوێخای خوێندەوە:

کوردستان یا نەمان

دوای سەلاوی گەرم..

هەواڵمان پێگەیشتووە سبەی سوپا و جاشەکانی عەبدولکەریم

قــاسم هێــرشــمــان بۆ دێن و ڕەنگە بەرەو دێی کــیلەبەرزەش بچەرخێنەوە. ئاگادارتان دەکەم با سبەی ژن و ماڵ و منداڵ لە دێدا نەمێنن، نەکا بوردومانی بەدواوە بێت.

براتان
ئەنوەر مائی

کوێخا تۆزێک ژڵیژا.. تەزبیحێکی بەدەستەوە بوو. هەر کات بژڵیژابا تەزبیحەکەی گرمۆڵە دەکرد و لە هەر لەپێکدا با بەتوندی دەیخستە ئەو لەپی. با وەک لە دێ وەدەرچوونیان بەیەکەمین جار نەدەژمێرا تا ئەو حەلە چەندین جار فڕۆکە بۆمبارانی کردبوون، لەو بەری ئاوە، ناوناو دەدرانە بەر تۆپی دوور بوردی "خمسة خمسة" و پەریشان دەکران.

هەواڵی هێرشی سبەینێ بروسکە ئاسا لە دێدا بڵاوبوویەوە. خەڵک کەوتنە جم و جۆل و خۆ پێچانەوە و خۆ ئامادە کردن و لەوێوە دەرچوون بەرەو دۆڵ و دەربەندە پڕ لە پێچ و قووڵەکانی دامێنی زمناکۆ و شەمیران و چەکدارەکانیش لە دەوروبەری دێدا دەچوونە سەنگەرەوە. خەڵکەکە بەئێوارەوە خۆیان پێچایەوە، دەمەو شەفەق تاریکە و لێڵەکە ئاژەڵ و ڕان و ماڵ و منداڵ وردە وردە لە دێ وەدەرچوون. ڕەحمان ڕەزنی بەستبوو؛ بەشەلە شەل خۆی گەیاندە کوێخا و لە بندەستیدا ڕاوەستا. کوێخا کە دی ڕەحمان خۆی پێچاوەتەوە، ڕوو بەڕەحمان وتی:

– دەتەوێ چی بڵێیت؟
– چەیشم؟ منیش توام بجەنگم.
– نە کاک ڕەحمان! ئەمڕۆ لێگەڕێ. جارێک تۆ ئامادەی شەڕ و

مـەرافـە نیت و بەدژوار خـۆت لەسـەر پـا ڕاگرتووە. ئەمـڕۆ شـەڕ بەتۆ ناکرێت.

– ئەڕا نیـەکرت. فرەمدە بن بەردی وە سـەی براکە تا نەکوشنەم، پا وە پا نیەکەم.

– ئەوە دەزانم و خەڵکی تریش دەیزانێ.

بەڵام ترسم لەوەدایە. هات و بوو بەشـەڕ و ئێـمـەیان لە سـەنگەر هەڵکەند و بەرەو دوا کشاینەوە، ئەو حەلە دەبیتە گرفتاری بۆ خۆت و بۆ ئێمـەش. خۆ بەجێت ناهێڵین. هەر دەبێت بتگرینە کۆڵەوە، وایە یا نا..؟

– بیشم چە؟

– تۆ هیچ مەڵێ. پەنجەی بۆ ئەسپێکی بەسراوە درێژ کرد و وتی.. تۆ لەگـەڵ مـاڵ و منداڵ دەڕۆیت، ئاخـر ئەوانیش خـۆ دەبێت چەند چەکدارێکیان لەگەڵدا بێت و پارێزگارییان لێکرێت، ئەمیش وایە یا نا..؟

– یانی نیەتوای وەلتا بام؟

– فەقێ ڕەشید تۆ تێیگەیەنە، مام عەلی تۆ شتێک بڵێ، ئایا ئەم پیـاوە جـارێک زۆری نەمـاوە بۆ هەڵسـوکـەوت؟ بەرداو بەردی پێ دەکرێت؟

– هەر فرکای فرکێک بکا زامەکەی دەم دەکاتەوە، تازە دەمی ناوەتە یەک. ئەگەر بکەوێتەوە خوێنرێژی زۆر دەخایەنێت تا سارێژ بێتەوە.

– ئاها. گوێت لێ بوو مام عەلی چی وت؟

یەشتـا تاک و تەراک ئەستێرە بەئاسمانی دێوە دەبینرا. زلەزل لە دیدەدا دەبینرا.. لەملاولا تاک تەراک چرا بەدەست دەهاتن و دەچوون.

قوڕەی گاو گوێرەک، قاڕەی مەڕ و باڕەی کار و بزن، وەڕینی سەگ، حیلەی ئەسپ، زەڕینی نێرەکەریش دەبیسرا. زەوار کەوتبووە ڕێ. تیشک و گزنگی هەتاو وردە وردە لە ئاسۆدا تا دەبوو نمایانتر و ڕۆشناتر دەهاتە چاو. ڕەحمان سوارە لە دوای کۆچەوە خۆی دابووە دەستی هەوا و هەناسەی ئەسپەکەیەوە کە ڕۆشنابوویەوە ڕەحمان ئەسپی ناسییەوە، ئەسپ لە سەرەتاوە بەبۆنا ڕەحمانی ناسیبوویەوە و دەیزانی سوارەکەی ئاشنایە. کەر و هێستر لە بار و هوڕی دووتایی بارکرابوون، بڕێکیان منداڵیان بەسەرەوە بوو.. بازێک لە منداڵان دەگریان ژنان بەدوای بارەکانەوە تەکانیان دەدا.. چەند ئافرەتێک منداڵەکانیان بەکۆڵەوە بەستبوو، بڕێک لەو منداڵانە بێ دەربەست لە گاڵە و قاڵە دووبارە خەو سەریانی شۆڕ کردبوویەوە. فەقێ ڕەشید ماندووانە هەنگاوی دەنا. کەوتبووە بیری ئەحمەدی برایەوە. لە دڵا دەیوت: ئەو چاکی کرد بەم ناوە ڕازی نەبوو گەڕایەوە ناو شار سەد ڕەحمەت لە مامۆ عەولڤادرم وەک کوڕێکی خۆی چاودێری لێ کرد و پێی گەیاند و کردییە خاوەن تفاق. دەی خۆ زۆر نییە، خوا هەرچی قەرار دابێت هەر ئەوەیەو چارەنووسی ئەملاو لای بۆ نییە. بەڕەحمانەوە چوار چەکدار لەگەڵ کۆچدا بوون دەستەودایەرەی مامۆستا ئەنوەر لە جێگە گرنگەکاندا چووبوونە سەنگەرەوە. بڕێک لە برادەرانی لای قۆڵی مەلا حیلمی و دەربەندی بەیلوولە خۆیان گەیاندبویە ئامادە بوونەکەدا. زەواری ژن و منداڵ و ئاژەڵ لە دێ دوور کەوتبوونەوە، پێیان ڕاگەیاندرابوو. تا نیوەڕۆیەکی درەنگ ئاگر نەکەنەوە زەردەی هەتاو لە پشتی چیای داڵەهوی سەر بەئاسمان کێشاوە بەپەلە تادەبوو زۆرتر و خێرا خێرا خۆی بەرەو ئاسمان هەڵدەدا.

زەوار ملیــــان بەرەو دۆڵـە "دێو.. دێو" دەنـاو لە دەوری کـــانـی "بەردە تەلام" دابـبـەزن. دۆڵە "دێـو دێو" فـرۆکــەش بـهــاتبـا کــەسی تیــا وەدی نەدەکــرد؛ باریک و تـەنگ و مــارپێچ هەتـاویش بەزەحــمــەت دەیگرت و زۆربـەی زۆری ڕۆژ ســێـــوەری لێ نـەدەبڕا. ئـاوی کــانـی بەردەتـەرام جـۆگـەلەیەکی خـوڕی سـەر بەرەو خـواریّ پێک هـێنا بوو. درەختـچـەی گـەزو بەڵک و بوتەڵەی جـۆراوجـۆر بەسنگی دۆڵەکـەوە ڕوابوو، کـۆتری کێـوی هێـلانەیان بەسـەر بـوتەلەکانـەوە دەبینرا؛ کەنـەسـمـەش سنگی دۆڵەکەیان کون کون کردبوو بڕێکیان سەریان لە ناو کونەکاندا دەبینرا و بڕێکی تریان خۆیان چەسپاندبوویە سنگی دۆڵەکەوە.

زەوار لە دۆڵا بەزی بـوون، بایەکی سـاردی لەش تەزێن گـیـزە گـیـزی دەبیسـرا، هـەر خێزانێک پەنـای بردبووە پێچە با شکێنەکاندا. منداڵان لە سـەرمـا دەگریان، دایکەکـان سـەرێکی لێفە و مـەوجـیـان داکوتابووە دیواری دۆڵا و منداڵـەکـانـیـان خـسـتـبـووە ژێری، لەلایـەکەوە دڵخـۆشـی ئـاسـمـانـی سـاف و بێگەرد و سـایەقـەی سـامـاڵ بوون کـە لە بارانـەوە دوورن لە لایەکـی ترەوە ئاواتەخـوازی هـەور و هـەڵاو تـاریکی ئـاســمـان بوون تا لە بومباردومانـی فڕۆکەوە دوور بن، منداڵان لە سەرما زار زار دەگــریان، کــوێخـــا ڕای گــەیاندبوو ئاگــر نـەکـــەنەوە. برادەرانـی پێشـمـەرگەی ئـەشکەوتی پاشا لـە سەنگەرەکانی پێشـەوە دامەزرابوون؛ بڕێکی تریان لە پێشی پێشـەوە چووبوونە کـەمین و داویان نابوویەوە و ئامادەی هـاتن بوون و خوا خوایان دەکرد هـەرچی زووتر سەروکەڵلەی دوژمنـانیـان بەدی کـەن. بەپێـچـەوانـەی ئەوانەوە خـەڵکی دێی کیلەبەرزە دوعــاو ســەڵاواتیــان دەنـارد نە فــڕۆکــە بێت و نـە شــەڕیش ڕوویدا، برادەرانی بیلولە و ئـەشکەوتی پـاشــا و کــوێخـاش دەیـانزانی هێــرش بەرەو ناوچەکـەیان دەست و پوختـی هـان و فیـتی مـارفـە. مـارف دوای

مەرەخەس کردنی لەگەڵ چەند کەسێکدا پەنایان بردبووە دەوڵەت و لە شاری هەڵەبجەدا ڕۆیشتبوونە ژێر چەکەوە. دەوڵەتیش باوشی بۆ کردبوویەوە، بەگوێیان دەکرد و قسەی دەڕۆیشت تا ئەودەمە ئازاری گەیاندبووە چەند کەسێک و دەوڵەتی هان دەدا تا هێرشی بباتە سەر دێی "کێلەبەرزە" و تۆڵەی خۆی لە کوێخا مەحموود بکاتەوە. کاربەدەستە لێزانەکان دەیانزانی هێرش بردنە سەر کێلەبەرزە بەئاسانی و بێ کوشتار نابێت، تووشی سەدان گیروگرفتی نەژمێراو دەبن لە هەمان کاتدا لووت شکان و تەفروتوونا کردنی کۆمەڵەی لای مەلا حیملی بووبوو بەخولیا و ئاوات و ئارەزووی کاربەدەست و لێپرسراوانی دەوڵەت. کابرایەکی سەرەڕۆی وەک مارفیان هاتبووە بەردەست وەک دەستەگوڵ قوزابوویانەوە. کەوتبوونە کەڵکەڵەی پەلاماری بیلولە و ئەشکەوتی پاشاو کێلەبەرزە. مارف وا دەوڵەت تێیگەیشتووە، ئەوی ئەو دەیزانی یارمەتییە بۆ هەر هێرش و پەلامارێک. جا ئیتر ئەو دوودڵی وەدواخستنە لەسەر چی؟

کاربەدەستانیش پەیوەستە گورگانە شەوییان بۆ دەکرد و دڵیان دەدایەوە کە چاوەڕوانی و بەدواخستنی پەلامار لەسەر چۆنیەتەکەیەتی نەک دوودڵی. دەوڵەت وەک عەشایەر تێنافکرێت؛ لە شەڕی دەوڵەتیدا تەنها ئازایی بەهەموو لا و بابەتێک ناژمێرێت. دەوڵەت دەیەوێ لەو هێرشەدا پەخش و بابەتی جۆراوجۆری شەڕ و تەقەمەنی بەکار ببات ئەمەش هەروا لەپڕێکدا و یەڵڵا دەی خۆ نابێت. مارف نەدەچووە ژێری ئەو لەیەکدانانەوە و سووربوو لەسەر پەلامار و هێرشبردن و دەیوت:

– من منداڵی ئەو دۆڵ و دەربەندانەم. بەرد بەبەردی ئەو ناوچانە دەناسم و دەزانم چۆن چۆنین دەتانبەمە نزیکیان و دەستتان دەخەمە سەریان.. شەڕ ئەم هەموو لەیەکدانەوە و کۆبوونەوەی پێناوێ.

نیـوەڕۆیشـی تێـپـەڕی. هیچ نیـشـانەیەک نـە لە هێـرش بینـراو نە لە فـڕۆکـەش بیـسـرا. بەپێی تـاقـیـکردنەوە ئەگـەر لە سـەرەتای ڕۆژەوە پەلاماریـان دەسـتی پێنەکـردبا، دەزانرا ئەو ڕۆژە نایەت؛ نەیاندەتوانی تا درەنگ بمێننەوە دەبوا ئێوارەیەکی زوو بکشانەوە نێو شار.

خـەڵکەکە لەوەی دڵنیـابوو هـێـرشـێک لە گۆڕدانییـە، باوەک ترس و تۆقیانی فڕۆکە و بومباردومان یەشتا لە ڕوخساری ژن و زادا دەبینرا. سەرما تەنگی لێ هەڵچنیبوون، ترسیان لادا بەلاداو لە چەندین لاوە لە دۆڵی "تویتـوی"دا دووکـەڵ ئەژدیها ئاسا ڕۆیشـتـە ئاسـمانا. ڕەحـمـان سـەدجار خـۆی کردە قـوربانی باوەیادگـار و سـەی براکە جـۆرێکی وای بۆ بڕەخسێنێت بێ سرنج ڕاکێشـان لووتی تەقێنێتە لووتی سەبرییەوە. دوعـا دوعـای بوو لە دڵا کـاوڕێکی کـردە نەزری باوەیـادگـار تا لەگـەڵ سەبریدا تاکی کاتەوە.

ئەگـــەر لە ئـاســمــانەوە بنواڕییـــە دۆڵی "دێو دێو"دا پێت وا ئـەبوو ئەژدیهایەکی ئەفسانەیە و ئارام ئارام زل زەلام مارپێچ لێی نووسـتووە سەری لە باکوورە و کلکی لە باشوور.

ڕەحمان دەیزانی مـاڵی فەقێ ڕەشید لە چ پێچوپەنایەکدا بەزیون. تا دەبوو لەو پێچـەوە نزیکتـر دەبوویەوە؛ بەڵام نەیـدەتوانی وەک لە دێدا بۆ تیـمارکردن بەرەولایان بڕوا؛ عەلە تـەیب لەسـەر فـەرمـانی کوێخـا هـەر لەبەر ئەو مـابوویەوە. ڕەحـمـان لە ئەسـپـەکـەی دابـەزیبـوو بەسـەر تاتە گـابەردێکەوە دانیشـتـبوو. لەپڕ قـەدوبالای سەبری لە کلکەی پێچەکـەوە وەدەرکەوت؛ تا ئەو نزیکتر دەبوویەوە، دڵەکوتەی ڕەحمان زۆرتر دەبوو. زرم و هوڕی لێدانی دڵـی خـۆی دەبیست و پەریشـان ئاشـوفتـە لەگـەڵ خۆیدا وتی:

– چتە نامەرد یەواش ئاوڕو ئەرام نەهیشتیتە.

سەبری خەرامان خەرامان دەهاتە پێشەوە. بەرپای پڕبوو لە کوچک و قوڕ و زەلکاو و چیمەن. کە بەوردی لە سنگ و بالآی سەبری وردبوویەوە سنگەقوتە شەڕفرۆشەکەی وەدی نەکرد لە دڵا وتی:

– ئەی وە وشگی بەخت!

ئەسپەکەی یەک دووجار پرمانديی و گوێقولآخ بوویەوە و سەروگەردنی بەرەو لای سەبری چەرخاند. ڕەحمان لە ژێر لێوەوە وتی:

– بەتەواو ئاین توش زانیت فرە نازدارە.

خەڵکەکە دەستەمۆی سەرما بووبوون، هەر یەکە بەکارێکەوە خۆیان خەریک کردبوو برێک دوژەنگەی دابوو، برێکی دی گرمۆڵەی سەرما و برێکی تر بەکۆکردنەوەی چیلکەوە بڵاوەیان کردبوو. سەبری کە بەتەواوی لە ڕەحمان نزیک بوویەوە، ڕەحمان هەڵسا و بەشەلەشەل ڕۆیشتە پیرییەوە. ئەسپەکەی هاتبووە حیلە. لای چەرخاندە لای ئەسپەکەیەوە:

– وامان وت؟ ئەیە فرە نامەردییە توای ئاوڕووڕیزی بکەی؟

سەبری گەیشتبووە بەرانبەر ڕەحمان. هەنگاوێکیان نێوان بوو سەبری وتی:

– چۆنی؟

– توای چون بام وەهەرچی ئاین هەیە نە خەو دیرم نە خوراک، نایشی ئەرا وا وەپیم کەیت؟

سەبری قاقا پێکەنی، ئینجا وتی:

– ناڵێی چیم کردووە؟

– خەیر تەواو جەد و ئابادت یەکەمی بنیش تا یە شتی ئەرات بیشم.

– بەپایشەوە دەتوانی بیلێیت. ناکرێت دانیشم، خەڵکی بمان دوینێ چی؟

– ئیشم.. وە ئەو خوای بان سەرە ئەولین جار وە ناو هەڵپەڕکێ دوینمەت یەک دڵ نا سەد دڵ عاشقت بیمە. هیچی ئەڕام نەهیشتیتە هەرچی هوش و عەقڵ دیرم تەواوی چەپاو کردیتە بیشە چە وەپیم کەیت؟

سەبری ئاورێکی پڕناز دایە لای ئەسپەکەیەوە برژانگەکانی نیشتنە سەریەک و وتی:

– جا ڕاست دەکەی؟

– ڕاستکەی یانی چە؟ بنوڕ.. بنوڕ.. بزانە ڕاست کەم یا نا؟ ڕەحمان هەروای کرد و دەستی دایە دەمانچەکەی و بردیە بەرکار و لوولەکەی خستە سەر سەری خۆی و وتی:

– فەقەت فەرمان بدە بزان دێمەو دەری کەم، یا نا؟ مەگەر شوخی سەرم وتەو؟ سەبری بەدەم نەکەی نەکەیەکی پڕنازەوە دەستی برد بۆ دەستی ڕەحمان و دەمانچەی لەسەری دوورخستەوە. کە دەست و پەنجەی نەرم و نیان و گۆشتنی سەبری لە دەستی ڕەحمان کەوت بزیسکەیەکی تەلیسماوی سەرتاسەری لەش و ئەندامی داگرت و بۆ تاوێک تەواوی دەوروبەری لە چاویدا دەسووڕایەوە. پەلوپۆی خاووخلیچک دەمی وشک بووبوو. سەبری هەستی بەگێژی و وێژی و ئەبلەق بوونی کرد و ڕاستەوخۆ دەینواڕییە نێو چاوانیا، دووسێ جار وتی:

– ڕەحمان! ڕەحمان!

ڕەحمان بەدژوار هاتبووە سەرخۆی پچڕ پچڕ وەڵامی دایەوە:

– ڕەحمان چە؟ مەگە ڕەحمان مەنییە؟ قەزات بکەفت لە تەوقی سەر ڕەحمان. ڕەحمان کەفش هڵگرتە. ڕەحمان قەزاوەگیرتە. ڕەحمان بیەسە کورەی داخ، هەر وەئەول ڕوژ شەڕەکەوە ئەقڵ و هوش ئەرام نەهیشتیتە.

– با ڕاستیت پێ بڵێم کە دووهەمین جار چاوم پێت کەوت خورپەیەک کەوتە نێو دڵمەوە.. خۆمم لێ گێل دەکرد و تا ئەو دەمە ئاوا هەستێکم بەخۆمەوە نەدیبوو؛ بەتایبەت ئەو شەڕە قارەمانانەیە وا کردت هەمووانت پێ قەرزار بووە. بەڵام ئاخ و هەزار مەخابن!

– نا.. نا تورا هەرچی ئاین هەس مەیشی ئاخ، تو بیشی ئاخ.. من مرم. تیشە ڕەستە ڕیشەم. من هیچ نەیرم، تەنها گیانی دیرم موفت موفت خەمەی ژیر پاتەو، ئەڕا ئاخ؟ ئاخ ئەڕا چە؟

– ئاخەکەم دەردێکی بێ دەرمانە.. مەگەر خوا خۆی.. تۆ لە کوێ.. من لە کۆی.. تو تایفە من سونی مەزهەو. ئەم گرفتارییە بەکەم دەزانی؟ دەنواڕی ئاخەکەم لەخۆڕا نییە؟

– نییە، نییە. گرفتاری فرە گەورەیەک دیریم. تو فەقەت قەول بەپیم، خودا دروستی کەت؛ مەگەر هەر ئیمە غەیرەدین بینە؟ هەزار چو ئیمە بینەو ڕەسینەتە یەک. تو قەول بدە، بەقیەی وەمن.

– تۆ چاک دەزانی باوکم فرە سەخت و سفت پابەندی ئایین و ستایشە و منیش لە بنەماڵەی مەلازادە و پەیڕەوی دین و ئایینین، پێم وانییە باوکم بەئاسانی بڕواتە ژێری ئاوا کارێک.

– ئەیانە گشت زانم. تەواوی گرفتاری وە تەرەفی قەول تو وە یە تەرەف. قەول بدە تا دونیا دونیاس غولامیت کەم. ڕەحمان ئاوڕێکی ئەملاولای داوە بەترس و لەرزەوە دەستی سەبری گرت و وتی:

– وە هەرچی مەزهەو هەس یا مرم یا وەدەست تیرم. ورەورێک هاتە گوێ. سەبری و ڕەحمان جوێ بوونەوە سەبری وتی:

– بەڕابەی خوشکم وت دەڕۆم گوێرەکەکان گلێر دەکەمەوە؛ پێم وایە کەوتوونەتە ناو گاگەلەکەی ماڵی کوێخا؛ بەڵام لە ڕاستیدا بەو هەوایەوە هاتم کە بەڵکو چاوم پێت کەوێ.

– بچوو، دەست ئەلی هەمراهت. بچوو دەردت لێم کەفت.

هەتاو نەختەکێک لار بووبوویەوە. دەنگە دەنگ و گڵمە گڵم لەو دیوی دۆڵەکەوە با دەیهێنا. ڕەحمان دووبارە سواری ئەسپ بوویەوە و بەرەو ورەو گڵمە گڵم وەڕێ کەوت. کوێخا و چەکدارەکانی دێ تۆپەڵ بەرەو لای دۆڵ دەهاتن. ڕەحمانیش ڕۆیشتە پێشوازییانەوە، کوێخا دەیزانی ڕەحمان لە هۆی گەڕانەوەکەیان دەپرسێت، بۆیە هەر کە یەکتریان دی وتی:

– ئەمجارەش نەهاتن؛ دیارە لە سەرکەوتنەکەیان دڵنیا نین. بەڵام مارف ئەگەر خۆی بەکوشت داوە دەکەوێتە پێشیان و دەبێتە پێش قەرەوڵ و ژەهری خۆی دەڕێژێ. ئەمڕۆ نا سبەی بێ شک دێن. لێگەڕێ با بێن هەمیشە لە زۆر زۆرتر کوژراوە و لە کەمیش کەمتر. مەلا ئەنوەر وتی با خەڵکەکە بگەڕێنەوە نێو دێ. فەقێ ڕەشید و چەند کەسێکی دیش چوونە پیریانەوە. کوێخا هەمانی وت. وا بۆ ڕەحمان وتووبووی. ئیتر خەڵک وردە وردە کەوتنە خۆ کۆکردنەوە و گەڕانەوەی نێو دێ.

یەکێک لە چەکدارەکان بازی بەسەر بەردێکدا داکەوت و تفەنگی لە شان کەوتە خوارەوە. تفەنگ فیشەکی لەبەرکاردا بوو تەقییەوە، هەمووان ڕاچەڵەکین. خۆر بەرەو ئاوابوون دەچوو ڕێچکەی زەوار بەرەو دێ گەڕایەوە.

# ١٩

هەموو شتتان ئامادە کردووە؟

- بەڵێ قوربان!

- ئەم کارە وردەکاری دەوێت، نامەوێت دەنگی دەربێت و کەمترین سەروسەدای بگاتە هیچ کوێ، دوایی نەڵێن نەیوت بە چقەکەی شاهەنشا قەسەم بچووکترین هەڵە و هەڵەشەییتان لێ قبوڵ ناکەم و سزایەکی واتان دەدەم تا زەمانێک لە بیرتان نەڕواتەوە.. وەک وتم ئەگەرومەگەرم ناوێت، دەبێت هەنگاوەکانتان وا بنەن چۆن دووجار دوو دەکاتە چوار و پێنج ناکا، کاری پاک و تەمیز و خاوێنم دەوێ؛ بێ دووکەڵ. تێگەیشتن؟

- بەڵێ قوربان!

- خۆ چاودێرییەکەتان لە سەر حساو و وردەکاری بووە؟

- وەک چرکەی کاتژمێر. هەرچیمان کردووە، هەر هەنگاوێکمان ناوە هەر هەمووی چەندین جار تاقیمان کردوەتە.

- باشە دەست بەکار بن. پاساو ماساویشم لا بایی قەرانێکە.

- قوربان ئەمجارەیان زۆرمان هۆناوەتەوە بێ گومان بەباشی ڕازی دەبیت و دەشیبینی.

- یانی دڵنیابم.

- سەد لە سەد دڵنیابە.

– کەی دەست بەکار دەبن؟

– سبەی شەو، یانی دەمە و ئێوارە کاتێک لە کۆلێژ دەگەڕێتەوە.

– ئاگاداربن! هەرچیتان کردووە با لە حەساری زانکۆ و شەقامی شارەزاوە دووربێت. ئەو جێگە و شوێنانە پڕە لە قوتابییانی خوێن گەرم و سەرەڕۆ.

– قوربان! بیرمان لەوانەش کردوەتەوە. جاروبار میهرانی لەگەڵا دەڕوا تا دەوروبەری ماڵیان دەیگەیەنێت. ماڵیان لە جەمشید ئابادە، ئومێدەوارین سبەی شەو ئەوی لەگەڵدا نەبێت. وەک جەنابت ئاگادارە، گەڕەکەکانی جەمشید ئاباد و کووچە و کوڵانەکانی ئەوەندە هات و چۆکەری تێادا نابینرێت بەتایبەت بەشەوانا و لە ئاوا شەوگارێکی ساردا.

– ئەوی داپێویستی ئەم کارەیە.. ئامادەیە؟

– هەر هەمووی. هەریەکەش کاروباری خۆی پێ سپێراوە و ئامادەن. لەمانەش گوزەشتە، خۆمە یەکەمین جارمان نییە و هەمووان لە کاری خۆیاندا پسفۆڕن.

– نا ئەمەیان شتێکی ترە ئەم کچە قوتابی زانکۆیە و ئەگەر ئەوپەڕی وەستاکاری تیادا بەکارنەبەین و خامی و دەستەپاچەیی بێتە هۆی بۆن وەدەرهاتنی، ڕسواییەکی گەورە دەخوڵقێنێت. خوانەکەردە بگاتە نێو قوتابیان، دۆ و دۆشاو تێکەڵ دەکەن و بەسبەینێدا دەگاتە لای کونفدراسیۆن و دووسارەشەو بەسەد ئەوەندەوە دەگاتە ڕۆژنامە و گۆڤارە بەناوبانگەکانی ئەوروپا و ئەمریکا و تەواوی هەواڵدەر و ئێزگەکان ئەو دەمە هیچ وەلامێکمان نییە بۆ عەلاحەزرەت.. لەبەر ئەمانەیە دڵ واپەسم و نیگەران.

– قوربان! سارەشەو بەجۆرێک کارەکە ئەنجام دەدەین ئاو لە ئاو تەکان نەخوا..

– یانی نیگەران نەبم؟

– لە سەدا هەزار.

– جا.. هەزار؟

– زۆرتریش.

هەردوو پیاوە ڕاوەستاوەکەی بەردەم مێزی ئاغای مەنسوری پایان بەزەویدا کوتا و ژمێراو وەرچەرخانەوە دواوە و لە ژوورەکە ڕۆیشتنە دەرەوە. میهرداد هەر لە ژوور هاتە دەرەوە پاکەتی لە گیرفانی دەرهێنا و جگەرەیەکی داگیرساند و مژێکی لێ دا و ڕوو بەئەرژەنگ بەدەم دان ڕیچکردنەوە وتی:

– دەستی بەکۆڵەکەی ئاسمانەوە بێت، سارەشەو تەختی تەختی دەکەم..

– ئەی ئەگەر میهرانی هاوڕا بوو چی؟

– ناچارین دوای خەین وا نا؟

ئەرژەنگ بێ ئەوەی وەڵامی بداتەوە تۆزێک زۆرتر پای هەڵگرت و وتی:

– کاری زۆرمان لە پێشە. خوانەکەردە هەڵەیەکی بچووکی تیا بکەین... وای بەحاڵمان.

میهران لەناو ساواکدا بەخاقان ناودەبرا. برێک لە هاواکارانی شاکامیان پێدەبرد و برێکی دیش بەگیانلەبەرێکی جانەوەر سفەت و خوێناوی ڕفتار دەیانژمارد. هەردووکیان بەپلەکانەکەدا لە نهۆمی

سێهەمەوە بەرەو خوار دەچوون. یەکێک لە هاوکارانیان ڕووبەڕوویان هات و دەستی خستە سەر شانی میهرداد و وتی:

– حاڵ و ئەحواڵی خاقانمان لە چیدایە؟ ناکرێت ئێمەش ببینە کەوش هەڵگرت و بەدەست و پای خۆتمان بژمێریت؟

– جا ئەمە کەی بەدەستی منە؟ بۆ خۆت دەتوانی پێشنیارێک بنووسیتە خزمەت ئاغای مەنسوری. ئەوە فەرمان دەدا . منی بێچارە چی بەدەستە؟

– من ئەوەیان ناکەم؛ بەڵام هاتو بەرنامەکانتان بەربلاوتر کرد و نیازتان بەئەفسەری تر بوو منت لە بیر ناچێت و ناوم بێنی. ناوم دێنی؟

– بەڵێن بێت.

– سا بەدوعا.

میهرداد و ئەرژەنگ خۆیان گەیاندە نێو ماشێنەکەیان و لەوێڕا میهرداد بەدەستگای "تاکیڕاکی" لەگەڵ یەکێک لە هاوکارەکانیا دوا:

– ئەلو سیمورخ.. ئەلو سیمورخ.

– گوێم لێتە. بڵێ.

– ئاخەرین دەنگوباسی ڕیشۆڵە لە چیدایە؟

– سەعات هەشتی بەیانی لە ماڵ بەدەرکەوت و سواری ماشینێکی تەکسی بوو. ئێمەش بەدوایدا تا بەردەرگای زانکۆ لە دوایەوە بووین، بۆ خۆمیش دابەزیم و بەدوایەوە بووم تا ڕۆیشتە نێو کلاسەوە. ئەمڕۆ دوانەی تێکڕایی هەیە و بەپڕۆژەی هەفتانەشەوە خەریکە.

– ئەی سبەینێ؟

ـ سبەی یەک وانەی هەیە و ڕەنگە بەدوایدا یا بەپڕۆژەکەیەوە خەریک دەبێت یا لە کافەتریادا.

– ئامان بۆ ساتێک لێی بێ ئاگا مەبن؛ ڕەنگە سبەینێ دەست بەکاربین. کارەکەمان هەڵە قبوول ناکا بچووکترین هەڵەشەیی بەندیخانە و سرم سرمیی بەدواوەیە بۆ هەموومان؛ تێگەیشتی؟

– تێگەیشتم ئاغا میهران سەختی لێ مەنوە. سبەی ڕیشۆڵە لە داودایە.

– یاخوا وا بێت.. بەدوعا!

– بەدوعا!

کارمەندانی ساواک هەریەکەیان لە کاری خۆیاندا ئازموونی زۆریان بەدەست هێنابوو. لە زوربەی کارەکانیاندا بەتایبەت ئەگەر پەیوەندی بەچاودێری و ڕێچکە هەڵگرتن یا بەشێوەی گرووپ دەست بەکار دەبوون و بەتەنها شت نەدەبوون، جووت جووت دەجووڵانەوە. کە میهرداد وتی بەدوعا کابرای ڕێچکە هەڵگر بەهاوڕێیەکەی وت:

– دیارە ئەمجارە بەزم و بەرنامەیەکی تایبەتە و کلک زلەکانی تیادایە؛ بۆیە میهرداد خان نیگەران و پەرێشانە.

– وا دەزانی؟

– بەدەنگیا دیار بوو، منیشی نیگەران کرد.

– نیگەرانی خۆیەتی، نەک کاروبار. بزانە بەڵێنی چیتری داوە وا نیگەرانە، تازە ئێمە بۆ نیگەران بین. کاری ئێمە هەڵە قبووڵ ناکا؛ وەک سێوەری ئەو کچەمان لێهاتووە و دەستی میهرداد و ئەرژەنگی دەخەینە سەر. لەوە زیاتریان بەئێمە وتووە؟

– نا.. نەیانوتووە؛ بەڵام لە کـاری گـەوجـانەدا پرشی سـزامـان بەردەکەوێ. مەگەر ڕەوشتی ساواک نازانیت؟

– یاداشت چی؟

– ئەویش پرشێک.

مانگێک زۆرتر بوو ساواک گرووپێکی تەرخان کردبوو بەدوای ژیلاوە بوون.. تەواوی هاتوچۆ و هەنگاوەکانی، تەلەفۆنی، پەیوەندی ڕۆژانەی بۆ تاوێک لێی دوورنەکەوتبوونەوە. سێوەرئاسا پێوە چەسپابوون. ڕۆژانە ڕاپۆرتی ئەو چاودێرییە دەخرایە سەر مێزی ئاغای مەنسوری.

ژیلا لە کلاس وەدەرهات شل و شێواو خۆی گەیاندە کافەتریا یاسەمینیش هات بەژوورا و یەکڕاست بەلای ژیلاوە دانیشت.

– فەلامەرز کوا؟

– لە تالاری کاردایە. بەدوا پرۆژەوە خەریکە؛ من ماندووبووم وتم دەڕۆم قاوەیەک دەخۆمەوە.

– نەتوت چۆنی. شل و شێواو دەتبینم.

– ئەوی ڕاستی بێت هۆشم بەلای خۆمەوە نییە. دوێنێ شەو سەرتاسەری لە کێشەکێشێکی سەیردا بووم.

– بۆچی چی قەوماوە؟

ـ خەوی سەیر سەیرم دیوە هەر پەلێکم بەدەست شەیتانێکەوە بووە؟

– هیچیان بەدەست میهرانەوە نەبوو؟

– گاڵتە ناکەم خەوی وا ئەڵجە و بەلەجەم دیوە لە هیچ داستانێکدا نەبینراوە و نەبیسراوە.

– گوێی مەدەرێ، شەوە گرتوێتی. ڕاستی دەنگوباسی میهران خان چییە؟

– ڕەنگە ئێستا خۆی بکا بەژوورا.

– هەر باشە لە عەرشی بەرز و بوڵەندی دێتە خوارەوە و دێ بۆ ئەیرا. لەم کاتەدا لە پشتیانەوە میهران وتی:

– سەڵاو!

سەریان بەلایەوە چەرخاند و یاسەمین وتی:

– حەڵاڵزادە! هەر ئێستا زەممان دەکردی.

– گەردنتان ئازادبێت، قسوورم لێ مەکەن.

– دەمانوت چۆن چۆنین ڕێگەی لەم ناوە دەکەوێت.

– خۆ ئەگەر ناچار نەکراما. نەدەهاتم.

ژیلا وتی:

– بۆچی چی بووە؟

– بۆ وا دەزانی هەر دەبێت شتێک بووبێت. ئەوە نەبێت دایکم تۆزێ ناساقە و لەیرا دەرچووم یەکڕاست دەڕۆم بۆ ساری.

– سبەی دێیتەوە؟

– ڕەنگە هەر دوو ڕۆژم پێ بچێت، سەد کار و کردەوەم بەسەرەوە کۆمەڵ بووە.

– یانی ناتەوێ شتێک بخۆیتەوە، چایەک، قاوەیەک بۆ وا بەپەلە؟ ساڵی جارێک دێی بەلامانا و ئەویش ئاوا؟

– بەچاوی یاسەمین زۆر بەپەلەم. بەڵێن بێت گەڕامەوە بێمەوە خزمەت. دەستێکی عەجوولانە جووڵانەوە و وەرچەرخاو ڕۆیشت.

ژیلا ماتیی دایگرت. یاسەمین پێوە ژەند:

– کچێ دەلاچۆ خۆ نەیانبردووە بۆ شەڕی ڤێتنام، دوو سبەی دێتەوە.

– دوو ڕۆژ زۆرە، ئاخر خووم پێوە گرتووە. ڕۆژ نییە یەکتر نەبینین. هەموو ئێوارانێک هەر نەبێت نیو سەعاتێک پێکەوە پیاسە دەکەین.

– هەر پیاسە.. یا؟

ـ شتێک هەر دەکەین؛ بەڵام جارێک زۆر تۆخمان نەکردوەتەوە. ئەی ئێوە چی؟

– مەبەستت من و فەلامەرزە؟

– ئا..

– ئێمەش تازەکارین.

– زۆرتان نەماوە. سبەی دووسبەی بڕوانامەی خۆتان وەردەگرن و دەکەونە کێشەی ژیانەوە.

– سبەی دووسبەی نییە، حەوت مانگمان ماوە. تا حەوت مانگی تر خوا خۆی دەمێنێتەوە و موڵکی.

– ملیۆنەها ساڵە خوا خوایە و مۆڵکیشی موڵکە. یانی ناتانەوێت لەم حەوت مانگەدا شتێک بەشتێک بکەن. خۆ ئەلحەمیلا باوکی فەلامەرز لە هەموو لایەکەوە تەواوە. جا بۆ دوای دەخەن؟

– فەلامەرز وا تێنافکرێت. دەڵێت نامەوێت دەست لە بابم پان کەمەوە. ئەوەندە لە خۆما شک دەبەم و بەخۆما دەپەرمووەوە لەسەر پا خۆم ڕاگرم و بەعەرەقی ناوچەوانم خۆم پێک بهێنم.

– ئەی بابا! ئەمە شیردا و داپیردایە. ئەمەی فەلامەرز خان دەیڵێت زۆری بەبەرەوەیە، کار و کردەوەی میعماری چەند کلک زلێک دەستیان کێشاوە بەسەردا.

تا دونیا دونیاشە تێر ناخۆن. مەگەر چاوت لە تەشقەڵەکانیان نییە؟

– ژیلا گیـان! من بۆ خـۆم غـەمی عـالەمم لە قـەلاندوشـاندایە، تۆیش ئەوەندی تری دەخەیتە سەر. لێگەڕێ بۆ وەختی خۆی.

– ببووره نارەحەتم کردی! من لام خۆشـە لە جوێی غـەم و بار و بنە، فەلامـەرزت بەکۆڵەوە بێت، یا تۆ بەکۆڵی ئەوەوە بێت. ئەگینا چیمـە لەم باسانە.

– دەزانـی کـۆڵ کـۆڵێنیش خـۆشـە؟ ها ئـەوەسـا فـەلامـەرزیش هات، ئەمانەی وتت بەوی بڵێ.

فەلامەرز ئەملاولای ژیلای ماچ کرد و وتی:

– کچە ئەوە لە کوێیت؟ تۆ دیارنیت، یا من؟

– نا هەردووکمان.

– میهران خان هەروا دژ بەکافەتریاکەمانە و بووی لە سەنگەردایە؟

– نا وازی هێناوە، هەر ئێستا لەیرا بوو..

فەلامەرز ڕوو بەیاسەمین:

– لەگەڵ موهەندیس کامەرانا تەلیفۆنم کرد.

– ئێ.. چی وت؟

– وتی: دەبێت زووترین کات ماکێتێکی وەستاکارانە لە کارەکەم دروست بکەم تا بیبـاتە لای فـەرەحی شـاژن. ئەوەشی وت کـە چەند نووسینگەی دیش ماکێتی خۆیان دێنن.

ـ هەر پارتیبـازی تیـا نەکـرێت بەسـەر تەواویاندا سـەر دەکـەوی؛ کارەکەی تۆ پڕە لە داهێنان، مەرگە کوێر بن بەیەکەمی دانەنێن.

– ئەگەر پارتیبـازی بێت خۆ موهەندیس کامـەران خزم و خـوێشـی شـاژنە. پێم وا نییـە هیچ کـەس لەو خـاوەن نووسـینگانە بەئەندازەی کامەران بەدەسەڵاتتر بێت.

– ڕاست دەکەی؛ بەڵام جارەوبار بەرژەوەندییەکان لەیەک دەدەن و دووجار دوو دەکاتە هەزار.

ـ هیچ شتێک بەدوور مەزانە. تا ئەیرا من ئەمە بەسەرکەوتن دەزانم. ئەم قۆناغەشمان بڕی، خوا کەریمە بۆ ئەویش. نەختێک ڕاوەستاو وتی:

ـ من گەلێکم برسییە.. چی دەڵێن ئاو و گۆشتێکتان دەرخوارد دەم.

ژیلا بەسەرسامییەوە وتی:

– لە کوێنە؟ لە ماڵێ؟

– نەخەیر خانم! چایخانەیەک هەیە بەناوی چایخانەی تەقی خان. هەفتەی پێشوو مامۆستا بایاشی فەرەنساویم برد بۆ ئەوێ زۆری لا خۆش و سەیر بوو. باوەڕ بکەن وا دەستی خستبووە ئاو و گۆشت هیچ کرێکارێکی سەوزەمەیدان وا تیکەی لوول نەدەدا.

یاسەمین وتی:

– جا دەڵێی ئێمەش لەناو ئەو خەڵکەدا قۆڵی لێ هەڵماڵین تا مەچەکمان بخەینە ناو ئاو و گۆشت؟

– من بەعەیب و شوورەیی نازانم. ئەگەر جێگەیترتان لەبیردایە بەقیەی لەسەر من. هەڵسن با بڕۆین.

ژیلا منەمنی دەکرد.. یاسەمین هەڵسا و دەستی ڕاکێشا و وتی:

– دەرسە، نیتە؛ میهران خانیش لە سارییە وا نیوەڕۆیشە. خۆ هەر دەبێت شتێک بخۆین.

لە کافەتریا وەدەرهاتن، قوتابیان دوور و نزیک تۆپەڵ بووبوون؛ دروشمیان دەدا. پۆلی پۆلیسیش لە دەرەوەی زانکۆ تێلا بەدەست

کۆمەڵیان کردبوو. هەڕەشانە ڕاوەستابوون تا قوتابییان نەڕژێنە نێو شەقامەوە.

بژی و بڕۆخێ، هوڕا هوڕاو هەراو قیڕە ئاسمانی زانکۆی تا دەبوو پڕتر و پڕتر دەکرد. سێ کەس گەیشتنە لای تۆپەڵێک لە قوتابییان بەردیان دەگرتە پۆلیسەکانی دەرەوە. فەلامەرز لە ژێر لێوەوە وتی:

- منەی نان بکەن خەربزە ئاوە. بەم شێوە دەتانەوێ چی بەچی کەن..

یاسەمین وەڵامی دایەوە.. ئەوانە وایان لا باشە و هەر کەسەش ئازادە چۆن و، چی هەڵبژێری لە ژیانا.

- لە گەڵتم بەڵام مافی ئەوەی نییە بۆ منیش هەڵبژێری. ئەو دەمەیە یاری بەئازادیی خەڵک کردن.

ژیلا سەرسامانە ڕوو بەفەلامەرز:

- هەرگیز وام نەدەزانی وا تێ بفکریەیت. ئەوە چەندی بە چەندە؟

- ئەوە مەنی بەدوو قەرانە، ئەمن شەیدا و شیفتەی دروستکردنی وڵاتەکەمم.. نەک ئەوەی بڕژێنە نێو شەقام و بازاڕ، ئەوی دوکان و کۆگا و ماشێنی خەڵکی هەیە بیهاڕنە سەر یەکدا. ئەو جۆرە کارانەم بەوەحشیگەڕی دێتە چاوان و بەنەشیاو و ناپەسەندی دەزانم.

- یانی بەتەمای ئەوەی یا هەر نەبێت، بەهیوای ئەوەی ڕۆژێک لە ڕۆژان دەوڵەت ئاوڕی ڕەحمەت و دروستکردن لەم خاک و بومە بداتەوە؟

- ژیلا خانم! من وام نەوتووە، دیفاعیش لە دەوڵەت ناکەم؛ بەڵام ئەم شێوە ململانەیەم لا منداڵانە دێتە بەرچاو. ماڵکاولی خەڵکی هەژاری بەدواوەیە.

– وەڵا خۆ بۆچوونەکەتم لا نەشیاوە. ئاخر تۆ بڵێ کام ململان بێ بیگرە و بەردە بووە و دەبێت؟ کام ماف دراوە، ئەگەر بەخوێن وەرنەگیرابێت؟ کام زۆردار و دیکتاتۆر لە تەخت و دەسەڵاتی وازی هێناوە؟

لێگەڕێ دوایی بەدرێژی لەم بارەوە دەدوێین. لە حەسار و تەلبەنی زانکۆ هاتبوونە دەرەوە. پۆلیسەکان خێسەیان لێ دەکردن. بێ دەربەستانە لە ڕێ کردنا بەردەوام لە شەقام پەڕینەوە. ژیلا تەنکە غەمێک تێکەڵ بەنائومێدی لە ڕوخساریدا دەبینرا. سواری ماشێن بوون و وەڕێ کەوتن فەلامەرز دەستی بەڕیکۆردی نێو ماشینەکەیدا نا: ئیرەج دەیچریکاند.

فەلامەرز نیمچە لایەکی بەلای ژیلاوە کرد و وتی:

ئەم هەویرە ئاو زۆر دەبا، زیندەگیش ئەوەندەی بەدەمەوە نییە. هەر نەبێت با خۆمان لە کار و کردەوەی پڕوپووچ دوورخەینەوە، خۆ ئەمەی دەتوانین؟

ژیلا بەتووڕەبوونەوە وەڵامی دایەوە:

– تا پڕوپووچ چی بێت و چی بن؟

– ژیلا خانم! ڕەنگە منیش وەک تۆ تێفکریەم؛ بەڵام لە حاڵەتە دێنامیکییەکەیدا جیاوازین. ئەمەش بەمافی ڕەوای خۆمی دەزانم.

– ئاخر بێ هەراو بەزم کەرێک لە ئاو ناکرێت. دەوڵەت لای وا نییە لەم وڵاتەدا گیانلەبەرانێک هەن و هەزاران داواو نیازیان هەیە. دەوڵەت زمانێکی دی نازانێت جگە لە زۆر و داپلۆساندن. سا دەبێت بەزمانێک لەگەڵیان بڕۆیت تا تێی بگا.

گەیشتبوونە لای چایخانەی "تەقیخان" ژیلا هەروا تووڕە و ئاشوفتە

دەنوا.. یاسەمین دەستی گرت و وتی:

– ژیلا گیان! ئەوەندە سەختی لێ مەنوە. فەلامەرزیش وەک تۆ سەودای خەڵک و وڵاتی لەسەردایە؛ بەڵام لە چۆنیەتدا جیاوازن.. تۆزێک دیموکراتییانە تێفکریە.

کاتێک بەرەو چایخانە لە شەقام پەڕینەوە، ماشینێک توند و تێزهات برێکێکی وای گرت قیژەی تەکەرەکانی هەمووانی بزواند. لێخوڕەکە سەری لە پەنجەرەی ماشینەکە وەدەرهێنا و دوو سێ جار وتی:

– وڵاخ.. وڵاخ..

فەلامەرز تاوی دا لە ماشین وەدەری بهێنێت. کابرا پای بەپاگازی ماشیندا نا و بۆی دەرچوو.

# ٢٠

لە تالارە گەورەکەی نووسنیگەی شاژن فەرەح پەهلەویدا، چوار ماکێتی میعماری لەگەڵ چوار شاسی ڕەنگاوڕەنگی میعماری ڕێک و ڕیز دانرابوون. دکتۆر نەهاوەندی لە ژوورەکەی هاتبووە دەرەوە لەگەڵ میوانەکانیدا سەرگەرمی گفتوگۆ بوون. هەموانیش جاروبار دەیانڕوانیە کاتژمێرەکانیاندا.

کۆشکی نیاوەران بەزستانە هەواری شا و شاژن دەژمێردرا، نووسینگەی شاژن هێندە لە جێگەی ژیانی وەدوور نەبوو، بەیانییان پیادە لە کۆشکەوە دەڕۆیشت بۆ نووسینگەکەی. لە تالاردا چەند کەسێک کۆبووبوونەوە. موهەندیس کامەران و موهەندیس ئەفخەمی و موهەندیس ئەعلەم ئەندازیارێکی فەرەنساوی بەناوی ڕینیە و موهەندیس سەیحوونیش بانگ کرابوو لەگەڵ یەک دوو لێزانی میعماری ئەوروپایی کە بۆ ئەو کارە دەعوەت کرابوون.

دکتۆر نەهاوەندی بولبول زمانی دەکرد و قسەی خۆشی دەگێڕایەوە لە پڕ دوگمە سوورەکانی سەر تەلیفۆنەکان داگیرسان، بەنیشانەی هاتنی شاژن بۆ نووسنیگە. دکتۆر نەهاوەندی خۆی گەیاندە دەرگا و بەپیری شاژنەوە ڕۆیشت و خەڵکەکەش ڕیز ڕاوەستان.

شاژن هەرکە لە دەرگا هاتە ژوورەوە دەست کێشەکانی لە دەستی دەرهێنا و لیلی هاودەمی لێی وەرگرت. دەستی درێژکرد بۆ یەک یەکیان هەر هەمووان سەریان دانواندەوە و دەستیان ماچ کرد. دکتۆر

نەهاوەندیش دەفتەر و قەڵەم بەدەست بەدوای شاژنەوە. ئەگەرچی فەرەح تەواوی ڕاوەستاوەکانی دەناسی جۆرێک ڕفتاری دەکرد کەلەوەرێک بخاتە دیواری هەیبەت و ئەتیکتی دەربارییەوە. شاژن زۆربەی کردنەوەی فستیڤاڵە هونەرییەکانی پێ سپێرابوو لە کردنەوەی برێک لە گالریەکاندا یا جەژنە هونەرییەکاندا بەشداری دەکرد و دەکۆشا سادە و بێ ئالایش و خۆمانی لەگەڵ خەڵکەکەدا بجووڵێتەوە. ڕوو بەخاوەن پرۆژەکان وتی:

– دەمەوێت ئەوە بزانن کە ئێمە جوانترین و چاکترین کاریان هەڵدەبژێرین. ئەوەسا هەر بۆ ئەم کارە دوو کەسی لێزانی فەڕەنساویشم هێناوە. دەبوا ئێوە ئەمڕۆ لەیرادا نەبوونایە؛ بۆ خۆم وتم: ئامادە بن دڵنیای دڵنیا بن لەبێ لایەنی زۆرمان لە هەڵبژاردنی چاکترین پرۆژە. ئەوەی هەڵدەبژێرێت دەگاتە عەرزی شاهەنشاه سا چی بفەرمووێت ئەوەیان بەستەگی بەخودی عەلاحەزرەتەوەیە. ئێوە فەرموون دەتانەوێ چاوەڕوان بن یا بڕۆن و لە پاشا ئاگادارتان کەینەوە، مەیلی خۆتانە. موهەندیس ئەعلەم لە هەموویان بەساڵتر بوو وتی:

– مادام هاتووین وا دەزانم چاوەڕوان بین باشترە.

دکتۆر نەهاوەندی هاتە پێشەوە ڕوو بەخاوەن پرۆژەکان:

– مادام دەمێننەوە. فەرموون لەگەڵما وەرن بەرەو ژوورێک وەپێشیان کەوت. شاژن مایەوە لەگەڵ چاوساقانی میعماری بێلایەنەوە. لیلی وەک سێوەر لە شاژنەوە دوورنەدەکەوت ئەو هاودەم و هاوڕازی شاژن بوو. چی لەسەردەمی قوتابی بونیانەوە لە شاری پاریسدا و چی لە شاژنیشدا . هەر خاوەن پرۆژەکان دوورکەوتنەوە شاژن بەزمانی فەڕەنساوی وتی:

– ئێمە وامان پێ باشە هەریەکە بەتەنها لە کارەکان ورد بێتەوە و ژمارەی خۆی لەسەر بدا و ئەو حەلە پێکەوە کۆدەبینەوە و سەرجەم بڕیاری لەسەر دەدەین. ئەمەتان پێباشە؟

موهەندیس سەیحوون لەوەڵامی شاژندا وتی:

– ئەوەی عولیا حەزرەت دیفەرموێت چاکترین ڕەوشتی هەڵبژادن و نمرەدانە؛ بەڵام بۆ ئێمە نەشیاوە پشت بەعولیا حەزرەت دەست بەکاربین؛ پێشنیار دەکەم لە سەرەتاوە عولیا حەزرەت دەست بەکار بن بەدوایدا ئێمە. لەولاشەوە چوار دەسەڵاتدار و نازپەروەردەی ڕژێمی شاهەنشاهی لە ژوورێکدا بەدەم یەکەوە پێدەکەنین و لە دڵیشدا ئاواتەخوازی پارچە پارچە بوونی یەکتربوون.. ئەوانە هەریەکەیان پشتیان بەدەسەڵات و ملهوڕێک بەستبوو پیاویان بەپیاو نەدەزانی، بای سەرسەری غروور و ڕەزاتاڵی تێکەڵ بەفیشاڵی هەرزە هەوەسانی هەزار خێزانی لە ڕفتار و کەبویاندا بەیەکتریان دەفرۆشت و خێسەیەکی شاراوە نێو نیگایەکی ژەهراوی، ململانێکی دوور لە پیاوەتیی و گەماڵ ئاسا چاویان بڕیبووە لاکێکی بێ خێو و خاوەن. فەرەح پێش هەمووان کاری خۆی تەواو کرد و ڕوو بەنەهاوەندی وتی:

– ئێمە دەگەڕێینەوە بۆ نووسینگە، کاریان تەواوکرد با بێن بۆ لامان. هەرچەندەشیان پێ دەچێت ئازادن. بێ ئەوەی سرنج ڕاکێشێت لە تالاری ژوژمان وەدەرچوو. بەدوای شاژندا موهەندیس سەیحوون لە نمرەدان و هەڵسەنگاندنی کارەکان بوویەوە؛ ئەو دووانە کە لەسەر ماڵیان دەڕۆیشتن وەک گەنە نووسابوون بەکارەکانەوە سەرئەنجام یەک سەعات درەنگتر لە هەڵسەنگاندن بوونەوە. دکتۆر نەهاوەندی کەوتە پێشیان بەرەو نووسینگەی شابانو. نووسینگەکەی شابانو زۆرتر لە گالریەکی هونەری دەچوو؛ پڕ بوو لە تابلۆی

هونەرمەندانی تازە و کۆنی ئێرانی. لە چەندین لاوە پەیکەری مەرمەڕین و برۆنزی هونەرمەندانی ناسراو بەشێوەیەکی جوان و ڕازاوە چنرا بوون. پەیکەرێکی نیوە لەشی شا لە لای ڕاستی فەرەحەوە دانرابوو. مێزی نووسینگەی کاری دەستی خاتەمکارانی ئەسفەهان بەزەرافەتکارییەوە خۆی دەنواند، لە گۆشەیەکەوە یەک دەست مۆبلیایی مۆدیرینی نەرم و نۆڵی بەپەڕ ئاخنراو مێزێکی حەوت کەسەی کۆنفرانسی شەوشەین بەسەر پایەی ئاڵتونینەوە لەگەڵ کورسییەکانیا دەبریسکانەوە. کە ڕۆیشتنە ژوورەوە فەرەح لە بەریان هەڵسا و بەدەست ئیشارەتی کرد کە بەسەر مێزی کۆنفرانسەوە دانیشن باشترە.

بۆ خۆیّ لەسەر بنەوە دانیشت، ئەوانیش لە دوولاوە. هەریەکەیان یەک دوو پەڕە کاغەزیان لەبەردەستدا بوو فەرەح وتی:

– تکایە بڕیارەکانتانم بدەنیّ.

دکتۆر نەهاوەندی هەر چوار بڕیاری کۆکردەوە و خستییە بەردەستی شابانو کە سەیری کرد بزە پێکەنینێک کەوتە سەر زاری ئینجا وتی:

– پیم سەیرە بڕیارەکان زۆر لە یەکەوە نزیکن. ئینجا پێنووسی هەڵگرت و کەوتە کۆکردنەوەی نمرەکان و زۆری نەخایاند سەری بەرزکردەوە و وتی:

– زۆرترین ژمارە چوارسەد و حەفتایە.. کە پرۆژەکەی موهەندیس دیبا وەری گرتووە، دووهەمین موهەندیس ئەعلەم سەرجەم سێ سەد و شەست نمرەی هێناوە، سێهەم نووسینگەی ژاکوبە سێسەد و دە نمرەی وەرگرتووە سەرئەنجام نووسینگەی ئەعلەم دواترین نمرەی وەرگرتووە دووسەد و نەوەد نمرەی وەرگرتووە.

ئینجا ڕووی کردە موهەندیس سەیحوون و وتی:

– دەمانەوێت بزانین ئاغای سەیحوون لە ڕووی چی بیروڕایەکەوە پرۆژەکەی موهەندیس دیبای بەیەکەم داناوە؟

سەیحوون لە کورسییەکەیدا تۆزەکێک جێبەجێ بوو ڕوو بەشابانو وتی:

– نامەوێت بەدرێژی لەو ڕووەوە بڕۆم و کاتی شابانو بگرم، چونکە وەڵامی ئەو بۆیە زۆر دەخایەنێت، بەڵام ئەوی لە کارەکەی موهەندیس دیبادا وەدیم کرد و سرنجی ڕاکێشام پەیوەندییەکی سحر ئامێزە لە نێوان بنەماڵە میعمارییەکانا. بەوردی بۆنی ڕۆژهەڵاتی تیادایە بەوردی و وەستاکارانە ڕابوردوو دەگێڕێتەوە، چیرۆکێکی پڕ لە زەرافەتە، قارەمانەکانی هەڵسوکەوتێکی سەردەمانە دەکەن و پەیوەند و بویان بەژیانی ئەمڕۆوە هەیە. شکڵەکان وەستاکارانە پێکەوە پەیوەنددراون بەیەکەوە. لە کارێکی میعماریدا کومەڵکردنی ئەو هەموو بنەماڵە میعمارییە ئاسان نییە. من بەشبەحاڵی خۆم هیچ جۆرە پچڕان و دابڕانێک لەو کارەدا نابینم. وە ئەو نمرەیەی وا داومە زۆر بەلاسارییەوە دەمویست نەیدەم، بەڵام بەشایستەگییەوە لێی سەندم؛ من نەمدا بۆ خۆی لێی سەندم. بەدڵنیاییەوە دەڵێم ئەو پڕۆژەیە دەبێتە شاکارێکی میعماری ئەم وڵاتە.

ئینجا شابانو ڕوو بەیەکێک لە چاوساقانی فەڕەنساوی هەمان پرسیاری کرد. ئەویش تا ڕادەیەکی زۆر هەمانی وت کە موهەندیس سەیحوون وتی. ئەوی تریان جیاواز تێدەفکرا؛ بەڵام لە نمرەدانا کارەکەی دیبای بەیەکەم دانابوو لەو ڕووەوە وتی:

– زۆر کۆشام ئەو پڕۆژانە لەیەک جوێ کەمەوە نەمتوانی. ئەوەندە

شتی تێکەڵ و پێکەڵیان پێکەوە هەبوو تووشی گێژووێژی هاتم. دان بەوە دادەنێم بەلای منەوە کارێکی دژوارم لێ تێپەڕی. ئینجا شابانو ڕوو بەدکتۆر نەهاوەندی وتی:

- برۆ ئاغایانم بۆ بانگ کە. هیندەی نەخایاند خاوەن پرۆژەکان هاتنە ژوورەوە؛ هەروا ڕاوەستابوون. شابانو ئاماژەی کرد تا دانیشن. نیگەرانی و پەشێوحاڵی لە ڕوخساریاندا دەبینرا. دوو سەعات چاوەڕوانی تێکەڵ بەدوودڵی و ئەگەر و نەگەر ماندووی کردبوون. بەپێچەوانەیانەوە تەنکە بزەیەک نەخشابووە سەر لێوی فەرەحەوە. لە سەرەتاوە بەدەنگێکی کەرخی نەختەکێک گڕی پیاوانە کەوتە باس و ستایشی هەرچوار پرۆژەکە و چۆنیەتی نمرەدان و هەڵبژاردن؛ ئینجا کەوتە خوێندنەوەی نمرەکان کە لەلایەن چاوساقانەوە درابوون. سەرئەنجام دەریخست کە تێکڕا پرۆژەکەی موهەندیس دیبامان بەیەکەم هەڵبژاردووە، ئینجا ڕوو بەکامەران دەستی درێژکرد و وتی:

- پیرۆزباییت لێ دەکەم. کامەران دەستی ماچ کرد.

دووبارە فەرەح هاتەوە قسە و وتی:

- بێ شک دوا بڕیار بەدەستی عەلاحەزرەتە. ئێمە بیروڕای خۆمان لەگەڵ کارەکاندا دەبەینە خزمەتی شاهەنشاوەوە.. فەرمان دەدا. فەرەح هەستا و سوپاسی لە لێژنەی ژوژمانی هەڵبژاردن کرد. ئەوە بەمانای تەواوبوونی دانیشتنەکە دەزانرا. هەموان دووبارە دەستی شاژنیان ماچ کرد و چوونە دەرەوە.

دووان لە بەشداربووەکان پیرۆزباییان لە موهەندیس دیبا کرد ئەعلەم بێ هیچ ورتەیەک ڕێگەی گرت و بەپلەکانەکەدا بەرەو خوار بوویەوە. ئەوەندە ئاڵۆز و پەشێوانە هەنگاوی نا، سەرسمیدا و تەختی زەوی بوو.

# ٢١

– خاقان! خاقان! گوێم لێته.. دەی.

خاقان! خاقان! وەڵام دەرەوە.. گوێم لێته دەی.

– سیمرخ! دەتبیسم بڵێ.. گوێم لێته..

– بەدوای کۆترەوەم. وا بەرەو دەرگا گەورەکەی زانکۆ بەڕێ کەوتووە.

– ئەمشەو چی لەبەردایە؟

– کاپشنێکی گوڵ گوڵی، پانتوڵێکی جین. بۆ خۆمیش دوورونزیک بەدوایەوەم.

– نەکا گومی کەیت.

– ئێمە لە کەناری جادەی سەر سینەما رادیوستی ڕامان گرتووە. ئەگەر نیازی ماڵەوەی بێت هەر لەملاوە سوار دەبێت. ئەگەر ویستی بپەڕێتەوە ئەوپەڕی شەقام، بۆ مەبادا ماشینێکم لەو دەسیشەوە داناوە.

– وا لە دەرگا گەورەکەی زانکۆ هاتە دەرەوە.

– سیمرخ: وا وەدەرکەوت، دەیبینم. وا بەرەوخوار بوویەوە. تۆ بۆ خۆت بەدوایەوەیە.. ئێمەش دوور و نزیک لە ژێر چاودێریماندایە. ڕەنگە سواری تەکسی بێن، ئەگەر بوو چاکترە. بەدوای دەکەوین و بەپێی بەرنامە کارەکەمان ئەنجام دەدەین. تۆ هەر بەدوایەوە بە. ئەرژەنگ هەروا دەینوارییە ڕێوە ڕۆیشتنی ژیلادا بێ ئەوەی چاوی

لەسەر هەڵگرێ وتی:

– خۆ ناکرێت ژیلا خانم ئەوەندە بێ زەوق بێت بەم شەوە سارده حەزی لە پیادەڕەوی بێت.. دڵنیام سەرما ناچاری سواربوونی دەکا. ژەندییە میهردادەوە، تۆزێک بجووڵێ و بڕۆ پێشەوە.

میهرداد ماشێنی خستە گڕ و ئارام کەوتە ڕێ لە دوایەوە کابرایەکی پەیکانسوار هوڕینێکی بۆ لێدا و لە پەنجەرەکەی خۆیەوە سەری دەرهێنا و قیڕاندی:

– یا بڕۆ، یا لادە. میهرداد دەستی لە پەنجەرەی ماشین بەتووڕەبوونەوە دەرهێنا و ڕایوەشاند؛ لەولاترەوە ڕایگرت، پەیکانسوار تووڕە و ئاڵۆز سەری وەرچەرخاندە لای میهردادەوە دووبارە قیڕاندی:

– لات وایە شەقام لە باپیرتەوە بۆت ماوەتەوە و موڵکی بابتە، ها؟

میهرداد تەواوی فکر و زکری بەلای ژیلاوە بوو ئاوڕێکی لە کابرا دایەوە و وتی:

– دەڕۆیت یا دابەزم هەرچی پەراسووت هەیە بیهاڕمە یەکدا. بڕۆ ملت بشکێنە.

کابرا بەدەم جنێودانەوە پای نا بەبەنزینی ماشیندا و بۆی دەرچوو. لە هەمان کاتدا ژیلا لە کەناری شەقامدا ڕاوەستا و ئاماژەی بۆ تەکسی دەکرد. سەرئەنجام سوار بوو.

میهرداد دوور و نزیک وەدوای تەکسی کەوت. لە گۆڕەپانی بیست و چواری ئەسفەند تەکسی پێچی کردەوە بەرەو پارکی ئەمیراباد، لەوێڕا بەدەستی ڕاستدا تەکسی پێچایەوە بەرەو جەمشیدئاباد. تاریک دای دابوو.. ژیلا قژی کلکە ئەسپی لە پشتی سەریەوە بەستبوو شۆڕ بووبوویەوە بەسەر کابشنەکەیدا یەک دوو جزوەی بەبندەستەوە بوو.

ئاسمانی تاران ساف و سایەقەی سامالٚ ئەستێرەکان؛ چوون دەفرێکی کریستالآ بەبن پۆپەی ئاسمانەوە دەیبریسکانەوە. تەکسی سەرکەوت بەرەو گەڕەکی جەمیشدئاباد. میهرداد و ئەرژەنگیش بەدوایدا. ئەرژەنگ هەروا چاوی بەسەر تەکسییەکەوە بوو وتی:

– چەند جار لەم کارانەم کردووە، هیچ دووکەڵێکی لێوەدەر نەهاتووە؛ نازانم بۆ وا بۆ ئەمەیان نیگەران و دڵواپەسم؟

– نیگەرانی چیت؟ کۆترە و لە قەفەس دایە. تاوێکی دی لە چنگمان دایە؛ فکری لێ مەکەوە، خۆ ئامادەی؟

– ئەوەسا نایبینی بەدەستمەوەیە؟ هەر دابەزێ و نەختێک تەکسییەکە دوورکەوتەوە، دەست بەکار دەبم. لەپڕ وتی:

– ئەوەسا خەریکە دادەبەزێت.

ژیلا جزوە بەدەست لە تەکسی دابەزی. دیار بوو تەکسییەکە بەوەی ڕازی نەبوو بچێتە نێو کووچە و کۆڵانەوە. تاکسی بەرەو خوار بوویەوە. میهرداد تیژ بەرەو ژیلا ڕۆیشت، ئەرژەنگ و میهرداد گورگ ئاسا لە چرکەیەکدا لە ماشین دابەزین و خۆیان گەیاندە ژیلا. ژیلا کە دی وا دوو کەس لێی نزیک دەبنەوە زانی دووچاری مەترسییەکی گەورە دەبێت؛ بەڵام نەیدەزانی چۆن و چییە. هیچ مۆڵەتی بیرکردنەوەی تری پێ نەدرا. میهرداد و ئەرژەنگ پارچەیێ لە دەرمان بێهوشێ هەڵژەنراویان خستە سەر کەپووی ژیلا. لە سەرەتاوە کەوتە پەلەقاژێ و فرتە فرتو. قیژەیەکی خنکاوی لە دەم وەدەرهات.. زۆری نەخایاند.. خاو بوویەوە. جزوەکانی لە زەویدا پەخش و بڵاوبوویەوە. بازووی بەهێزی میهرداد و ئەرژەنگ ماوە و مەودای بەهیچ جۆرە بەرانبەرکێیەک نەدا و چوار دەستە هەڵیان گرت و خستیانە دوای

ماشێنەوە. ئەرژەنگ لە دواوە ژیلای ڕاکشاند و سەری خستە سەر ڕانی خۆی و.. ناوناویش پارچەی لە دەرمانی بێهۆش هەڵژەناوی دەدا بەلووتی ژیلادا. میهردادیش بێتەلی بەدەستەوە:

- هەلەو، سیمرخ.. سیمرخ وەڵامدەرەوە.. خاقانت لەگەڵە؟

- گوێم لێتە خاقان.

- کۆتر لە قەفەسدایە. با داپێویستەکان ئامادە بێت، بەڕێگەوەین.. وا هاتین.

بێتەلی کوژانەوە. میهرداد لای کردە دواوە. سەروزوڵفی پەرێشانی بەسەر ڕانی ئەرژەنگەوە دی، دەستی دا بەسەر بازنەی سووکانی ماشینەکەیدا و وتی:

- ئەی بترەژم. چیماڵێکە؟

ئەرژەنگیش دەستێکی بەدەرمانی بێهۆشییەوە و ئەو دەستەکەی خستبووە سەر نەرمەی سنگی ژیلا. میهرداد بەرەو خوار بووبوویەوە. بەشەقامی شارەزادا ڕوو بەفرۆکەخانەی میهرئاباد بەجادەی ئوتوبانا بەرەو شاری کەرەج توندوتیژ ماشێنی دەڕانی. لەشی گەرم بووبوو. ئەرژەنگیش بروزەی عەرەق کەوتبووە ناوچاوانی. ژیلا جاروبار نووزەیەکی لێ هەڵدەستا، میهرداد ناوگەڵی خوێنی تێزابوو. توندوتیژ دەڕۆیشت. لەبەر خۆیەوە وتی:

- سەبرم لێکە ژیلا خانم! سەیرکە چۆن تەختت دەکەم؟ ژیلا نووزەیەکی کرد. میهرداد وتی: گیان حەیاتەکەم! میهرداد وەک وڵاخێکی یەرەق کردوو تامەزرۆ هەر لای بەدواوە دەکرد. ئەرژەنگ تێی خوڕی:

- هەتیو ئاگات لە پێشت بێت، پەلەی چیتە؟

– پەلەی چیم نەبێت. مەگەر کوێری و ئەو پارچە نازدارە نابینی ڕاکشاوە؟

– ئا. جارێک کوێرم. با بگەینە جێی خۆی ئەو حەلە هەرچی دەکەی بیکە و ئازادی. من بۆ خۆم یەشتا هەر لە بیری کارەکەدام کە دەبێت بێ هیچ گرفتارییەک پاک و خاوێن ئەنجامی دەین، ئەمەیان بۆ من گرنگە و بەس.

– من وا تێنافکرییەم. قەت قەتیش وەک تۆ بیرناکەمەوە. من خاقانم خاقان. هەم سەرتاسەری دەستگای ساواک دەمناسێت. هەم زۆربەی زۆری خەڵکی ئێران. شانازیش بەو ناسینەوە دەکەم. تێگەیشتی؟

ئەو ڕاستی دەکرد. نێوی خاقان لە نێو کارمەندانی ساواکا بۆ خۆی ناوێک بوو. ئەنجامدەری کاروباری ناشرین و نەشیاو و ناپەسەند، دەم پیس و شەواڵ پلیت، شەهوانی و دڵڕەق و بێ دەربەست و ملهوڕ. حەقی بوو وابێت؛ چاوی کردبوویەوە لە هەتیوخانەدا پەروەردە بووبوو بێ باوک، نەیدەزانی کوڕی کێیە لە سەرەتاوە دایکی پیشەی سیغە بوونی کردبووە کاروباری، هەر بەو کارەشەوە دەژیا. تا پێش پیربوون و داچۆڕان سێ سەد چوار سەد جار چووبووە ژێر سیغەی ئەم و ئەوەوە. سەرئەنجام کە داچۆڕاو کەڵکی هیچی پێوە نەما، بوو بەپێش خزمەتی ئافرەتێکی خۆفرۆشی شاری. نەو لۆکە و کلینکس و چایی و قاوەی بۆ ئامادە دەکرد، ئاخریش بەنەخۆشی سوسەنەکدا فەوتا و مرد.

میهرداد هەر لە منداڵییەوە کینەی خەڵکی لە دڵا دەکوڵا و هەرچی دەکرد ئەو ڕق و کینەیەی لە دەروونا دانەدەمرکایەوە. یەک دووجار لە هەتیوخانەش ڕای کرد و پێش ئەوەی بیدۆزنەوە، دوو سێ مانگێک

بەلای کابرایەکی بەدناوی چەقۆکێشەوە بوو. بەفەلاکەتێکی زۆر توانی بڕوانامەی دبلۆم وەرگرێ و چەندین جار لە کۆنکورا بەشداری کرد و سەرنەکەوت و سەرئەنجام کرایە سەرباز. لە سەربازیدا ئەوەندە خۆش خــزمــەتی و شـــان تەکـــاندنی باش دەزانـی ســـرنجی یەکـــێک لـە ئەفسەرەکانی ڕاکێشا کە پەیوەندیی لەگەڵ ساواکدا هەبوو. هەڵیبژارد تا بڕواتە ناو دەستگای ساواکەوە. لە سەرەتاوە کاری ئەشکەنجەدان و گـاز و تاوەی گیـراوەکـانیـان پێ سپـارد. ئەوەندە خـوێن سـاردی و دڵڕەقی نیشـان دا سرنجی گەورەکانی ڕاکێشـا، وردە وردە لە بازێک کاری ڕێچکە هەڵگرتن و چاودێریی خەڵکدا بەشـدارییان کـرد تا بوو بەسـەرپـەرشـتی بەرنامـەی "خـانەی خـاقـان". ژیلا نووزە نووزی دەست پێ کردبوو، میهرداد نەڕاندی بەسەر ئەرژەنگدا:

– بیدە وە لووتیا. تاقـەتی قیژەقیژیم نـییە. ها ئەرژەنگ پەڕۆی دایەوە دەم و لووتی ژیلادا دووبـارە وەک مـردووییەکـی لێ هـاتەوە. مـیـهـرداد لە ڕاسـتــەی ئوتوبان وەدەرچوو بـەرەو قـیـرتاوێکی پڕ پێچ و لوولووی نێـو دار و درەخت، نزیکەی دە کـیلۆمـەتـر هەروا ڕۆیشت تا لـەبەر دەرگـای باخێکی سەوزەڵانیدا ڕاوەسـتـاو هۆرینێکی لێداو دەرگا کرایەوە. بەژێر تەلبـەنێکی چاتمەیی گـڵامێودا سێ سـەد چوارسـەد مـەترێک ڕۆیشـت و لەبەر دەرگـای ڤـیـلایەکی گـەورەی ڕازاوەدا ڕاوەسـتـا. دەرگـای ڤـیـلا کــرایەوە دوو کـــابرای لێــوە دەر هـات دارەمـــەیتــێکی مــوشــەمـــایان بەدەســـتـــەوە بوو ژیلایـان لە مـــاشـین پەلـەکــێش کــرد و خـــرایە ناو دارەمـــەیتـــەوە و بردیانە ژوورەوە. مــیــهــرداد و ئەرژەنگیش وەک دوو ســەگی پونێــتــەری ڕاوی بەدوای دارمـــەیتـــدا ڕۆیشـــتـنە ژوورەوە. دوو کــابرای دارەمـــەیت بەدەست دەیـانزانـی ژیلا بەرەو چ ژوورێـک دەبەن، مـیــهـرداد لە ڕاڕەوەکـەدا کـەوتە پێش دوو کـابـرا و ژیلای بێــهــۆش تا

ڕۆیشتە ژووری تایبەتەوە ئەوانیش بەدوایدا.

سەریرێکی دووکەسەی ڕازاوە بەچرای بندەست و ئاوێنەی دیواری، دوو مێزی بندەستی سەریر پڕ لە شووشەی بۆنی جۆراوجۆر، سەعاتێکی دیواری زەنگدار، مێزی تەوالێتی ژنانە لە سووچێکەوە، سەر ڕووەکەی پڕی پڕبوو لە بۆن داپێوستەکانی ئارایشی ژنان لە پۆدرەوە بیگرە تا کرێمی گران قیمەت و سووراوسپیاو و ڕۆژی لێوی ڕەنگاوڕەنگ کە بخواتە دەم و لێوی جیاواز و پێستی تاریک و ڕۆشن، ڕیمیلی چاو لەگەڵ پێنووسی ڕەنگاوڕەنگی ئەبرۆ و برژانگدا. لەولاترەوە سەر شۆرگەیەکی گەورەی گەورە پڕ بوو لە دەستگای جۆراوجۆری ماساژ و سشوار و خۆکێشانەکردن. یەک دوو کانتۆری بەرزونزم لەگەڵ نیو دەست مۆبلیادا لە ژوورەکەدا دانرابوو.. ژوورەکە وەک سویتێکی گەورەی بەربڵاو، ئەوی داپێویستی ژیانی ژن و پیاوێک بێت تیادا دانرابوو. لە سووچێکیدا بارێکی بچکۆلانە چەند جۆر مەزەی بەسەر کەنتوارەکەیەوە دەبینرا. میهرداد ڕووکەشی کورسی خەوەکەی هەڵدایەوە و دارەمەیت بەدەست ژیلایان خستە سەر سەریر و لە ژوور چوونە دەرەوە.

میهرداد پێکێک ڤۆدگای تێکرد و گورج هەڵیدا و کەوچکێک مەزەی بەدوادا خوارد. هەناسەیەکی قووڵی هەڵکیشا و تەنگەنەفەسانە بەئەرژەنگی وت:

- تۆ وێسکی دەخوێتەوە یا ڤۆدگا؟ بێخود نییە ڕوس ئەوەندە شیفتەی ڤۆدگایە، مەتاعێکی سەیرە. ئەرژەنگ بێدەنگ پێکێک وێسکی بۆ خۆی تێ کرد.

ژیلا بەسەر جێگەوە بێهوش پرخەی دەهات. ئەرژەنگ پشت بەژیلا و

میهرداد نەرم نەرم مژی لە لیوانەکەی دەدا.

ئەو سروشتێکی ئارامی هەبوو، درەنگ ئاڵۆز و کەم قسەی دەکرد ئەگەر یەک دووجار پرسیارت لێ نەکردبا وەڵامی نەدەدایەوە لە بنەچەکدا خەڵکی شاری مەشهەد و لە دوای ڕووداوی بیست و هەشتی مورداد باوکی لە مەشهەدەوە کۆچی کردبووە تاران.. لە سەرەتاوە وەک زۆربەی قوتابیانی زانکۆ لە کاروباری ململان و تێکۆشانا بەشداری دەکرد. سەرئەنجام بەتۆمەتی پەیوەندی لەگەڵ شانەیەکی چەپ گەرای توندڕەو دەگیرێ و دوو سێ مانگێک دەخرێتە بەندیخانەو ژێر ئەشکەنجە و ئازارەوە تا دان بەتەواوی جوولانەوە و پەیوەندییەکانیدا دەنێ و ناوی تەواوی هاوکارانی دەدا بەساواک و.. بەرەڵلا دەکرێت و دەبێتە هاوکاری ساواک و زۆر ناخایەنێت لەناو خەڵکدا دەستنیشان دەکرێت و بەناچار ڕاستەوخۆ دەڕواتە نێو دەستگای ساواکەوە و لە چەند بەرنامەدا بەشدار دەکرێت و دڕندەخۆیی وەدەردەخا و سەرئەنجام دەکرێتە هاو نیلەی میهرداد.

میهرداد پێکەکەی تازە دەکاتەوە. هەڵی دەدا و لەش و ئەندامی تاو دەیگرێ وردە وردە بەرەو لای کورسی خەو و ژیلای ڕاکشاوی بێهۆشدا دەچێ. پەردەی ژووری نوستنەکە بەمەخمەڵێکی ئەستوور داپۆشرابوو. ئارام و دڵنیا دوگمەی کراسەکەی ژیلای دانە دانە کردەوە؛ بەشێک لە سنگ و مەمکی گۆشتنی ژیلا وەدەرکەوت کە دەستی بۆ بەمەمکدانەکەی برد؛ وەک جێلی دەلەرزییەوە. دەستی خستە ژێر پشتی و لەسەر قوون داینیشاند و کاپشنەکەی لەبەر دەرهێنا و تووڕی دایە سەر زەوی. سەری مۆڵەق شۆڕ بوو بوویە سەر سنگیدا. کەوشەکانی لە پا داکەند ژیلا لەسەر گازەرەی پشت کەوتبوو؛ نەهۆش و نە حەواس و نەجوولانەوەی پێوە نەدەبینرا.

مـیـهـرداد لەسـەر هەردوو ڕانی دانیـشت و بەرەزوانەی پشـتـوێنی پانتۆڵەکەی کردەوە و زنجیرەکەشی کێشایە خوارەوە. پانتۆڵەکەی لە پا دامـاڵاند.. ژیلا جـووتێک گـۆرەوی خـوری درێژی تا ژێر چۆکی لە پێدابوو.. ئەویشی داماڵاند. ئنجا ڕوو بەئەرژەنگ:

– کاتی ئەوە هاتووە شەرەنقەی بێهۆشی لێدەیت ئەمکارەیان تەنها بێهۆش دەم و لووت بۆی کەمە.

ئەرژەنگ لە ژانتا دەستییەکەی دەوا و دەستگای شەرەنقەی دەرهێنا و چەقاندییە لاڕانی ژیلادا.

ژوورەکە شـوقـاژ تیـادا کـاری دەکـرد سـەرمـا و سـۆڵەی ئەودیوی پەنجەرە و پەردە هەستی پێ نەدەکرا.

ئەرژەنگ بەسـەر یەکێک لە موبلەکانەوە دانیشت و هەردوو پای نایە سەر مێـزی ناوەڕاست و وردە وردە مژی لە پێکەکـەی دەستی دەدا و چاوی بڕیبـووە جووڵانەوەی مـیـهرداد. مـیـهرداد بلووزی بەری ژیلای تووڕ دابـوو هەرچی دەکـۆشـا نێـرومـێکەی مـەمکدانەکـەی بکاتەوە نەیتـوانی؛ بەڕق و پەلە پەلانـە بچڕاندی. ئینجا بە خـۆ ڕووتکردنەوەی خـۆیەوە خـەریک بوو ژیلا ڕووت و قـووت تـەنهـا شـۆرتـەکـەی لـە پادا مابوویەوە.

دەستی بەزەنگدا نا و دوو کابرای کامیـرا بەدەست هاتنە ژوورەوە؛ یەکێکیان کامیرای فیدیۆی پێ بوو، ئەوی دییان کامیرای وێنەگری. با وەک ئەو ژوورە دەستگای کامیرای شاراوەی تیادا دامەزرابوو دەنگ و ڕەنگی تۆمار دەکرد، دەستگا شاراوەکانیان بۆ کەسانێک بەکار دەبرد کە دەکەوتنە داو و کەپکەوە؛ نەک ژیلای فریا و ژیلای بێهۆش.

مـیـهـرداد دوا پارچەی بەری ژیلای داکـەند و هی خـۆیشـی و ئازا

دەست بەکاربوو. کابرای فیدیۆ بەدەست وەک دەرهێنەرێک فەرمانی بەمهیرداد دەدا:

– دەستی بخە سەر گەردنت. ئینجا جێی دەگۆڕی و دەیوت سەری بهێنە لای ڕاستەوە، ڕانی بەرزکەرەوە، زۆرتر دەی.. دەی.. تۆزێکی دی. با سەروپرچی بکەوێتە لادا تا گیانی ڕووتی لەگەڵ ڕوخساریدا پێکەوە ببینرێت.

وەک جانەوەرێکی دەوری لاکێک بەدەوریدا دەهات و وێنەی دەگرت و دەکەوتەوە فەرماندان. ژیلا وەک پارچە گۆشتێکی گەورەی بێ ڕوح و گیان بەچەپ و ڕاستدا دەیانجوولاند. کابرا دووبارە نەڕاندی: یەک ڕانی بهێنە خوارەوە، دەمەوێ زۆر لە نزیکەوە وێنەی بگرم. کابرای وێنەگریش موزەمۆز بەچوار لای میهرداد و ژیلادا وێنەی دەگرت. چەرچەف و متیلی سەریرەکە لە چەند لاوە سوور بووبوو لە خوێنا. کابرای کامیرا بەدەست دەکۆشا خوێنەکە وەدەرنەکەوێ، وردە وردە نزە و ئای ئای ژیلاش هاتە گوێ. ئەرژەنگ ئاماژەی بۆ وێنەگرەکان کرد تا دوورکەونەوە. دووبارە دەرزییەکی بێهۆشی تری لە ژیلا داو دووبارە بوویەوە پارچەیەک لە پەڕۆ. کابرای وێنەگر دووبارە دەست بەکار بوویەوە. بەمیهردادی وت دەستی چەپیم بۆ بخە بەلاوە.

لیوانێک شەرابی هێناو دایە دەستییەوە.. پەڵەی خوێنی سەر متیلەکە تا دەبوو گەورەتر دەبوو، هەردوو چۆکی میهردادی خوێناوی کردبوو کابرای وێنەگر وتی:

– یا دەبێت متیلەکە بگۆڕین یا خوێنەکە داپۆشین. میهرداد بەدەم هەناسەبڕکێیەوە وەڵامی دایەوە:

– من بەو خوێنە دێمە سەر هەوەس. تۆ وێنەی خۆت گرت و تەواو. لە ئێمە گەڕێن.

ئەرژەنگیش هاتبووە سەر هەوەس، موزە موزی پێکەوتبوو. خۆی پێ ڕانەدەگیرا خوێن زابووە چاوانی ژیلا، تەنها هەناسەی دەدا. ئەرژەنگ دەستی خستە سەر پشتی میهرداد و وتی:

– بەس نییە، نۆرەی منە. بەرۆک و سەرچۆکی میهرداد خوێنی لێ دەچۆڕا. ئەرژەنگ پەلە پەل خۆی ڕووت کردەوە. میهرداد هەروا ڕووتوقووت لە ناوەڕاستی ژووردا ڕاوەستابوو جگەرەی دەکێشاو پێکێکی تازە کردەوە. ئەرژەنگیش دەست بەکاربوو. خوێنڕێژیش بەردەوام. ئەرژەنگ ڕوانی ئەگەر لە کارەکەیدا بەردەوام بێت ئەوی ڕیساوییانە شی دەبێتەوە ئەو حەلە وەڵامی ئاغای مەنسووری چی دەدەنەوە. خۆی کێشایەوە و وتی:

– تا ئەیرا بەسە، دەبێت بکەوینە چارەسەری. ئینجا لای کردەوە لای میهرداد و وتی:

– خۆ دکتۆر بوڕهانی لەیرایە؟

– هاتینە ژوورەوە لەیرا بوو، ناکرێت ڕۆیشتووبێت. تا بەتەواوی بەرنامەکەمان تەواو نەبێت بەپێی فەرامین مافی ئەیرا بەجێهێشتنی نییە.. تۆ خۆت کۆکەرەوە من دەرۆم بانگی دەکەم.

ئەرژەنگ یەشتا پاشووی ڕووت بوو دکتۆر بوڕهانی ژانتا بەدەست هاتە ژوورەوە.. کەوتە تیمار و دەرمانی ژیلا و سەرئەنجام وتی:

– ئەگەر تا دە دەقیقەی دی خوێنڕێژییەکەی ڕانەوەستا. ناچارین بێگەیەنینە بیمارستانی تایبەتیی ساواک.

میهرداد وتی:

– جارێک هی ئەوە نییە لەیرا بڕواتە دەرەوە هەر چۆنێک بووە با لەیرا دەواو دەرمان کرێت. بەڕای تۆ کەی دێتە هۆشا؟

– پێم وانییه زۆر بخایەنێت زۆری زۆر هەر چارەکێکی تره.

دکتۆر بورهانی دووسێ دەرزی لە ژیلا دا. ژیلا هاتبووه پرخه پرخ.

میهرداد ڕوو بەکامیرای فیدیۆ بەدەست:

– فیلمەکه کەی ئامادە دەبێت؟

– ئێستا ئامادەیه، بەڵام دەبێت بدرێته دەم یەک و مونتاژ کرێت. خۆ بەم پچڕ پچڕه ناخرێته بەر دەست، سبەی ئامادەیه؟

– ئەی وێنەکان؟

– یەک دوو سەعاتی دی ئامادە دەبێت.

ژیلا هاتووه جووڵه جووڵ؛ وردە وردە ئایی و ئۆف و دایە دایەیشی دەبیسرا. سەری بەچەپ و ڕاستدا دەجووڵانەوه، زۆری پێ نەچوو برژانگی چاوی کەوتنە لەرزین نەختەکێک چاوی کردبوویەوه. هەر سپێنی چاوی دەبینرا. دکتۆر خاولییەکی نمداری دا بەمیهرداد و وتی:

– بەم خاولییه سەروملی تەڕ کە زووتر دێتە هۆشا. میهرداد بەو شێوەی کرد وا دکتۆر وتی. زۆری نەخایاند ژیلا وەک مەستێکی مەنگی ئەلکول گێژووێژ و خاو و خلیچک زاق زاق دەینواڕی. هەروا گێل گێلانه ئاوڕی دەدایەوه. لەپڕ خۆی کێشایه لاوه هەردوو چۆکی له ئامێز گرت و دەستی خستە سەر سینەی ڕووتی. ترسی دونیا له چاوانیا دەبینرا میهردادیش خوێن ساردانه بەسەر کەمەی سیسەمەکەوه دانیشتبوو. دەستی درێژکرد تا دەستی بگرێت، قیژەی ژیلا ئاسمانی ژوورەکەی دادڕاند. یەک بەدوای یەکدا هیستیریانه دەیقیژاند. ئەمجارەیان بێ دەرمانی بێهۆشی بەلادا هات. دکتۆر دووبارە هاتە ژوورەوه. دەستگای تەوژمی دەکرد و پلەی تەوژمی هاتبووه خوارەوه.

گۆلاژێکی لە ژانتاکەی دەرهێنا و بەزۆر دەمی ژیلای کردەوە لووتی گرت و ئاوی کردە قورگیا. میهرداد و ئەرژەنگیش بەڕاسەری دکتۆرەوە ڕاوەستابوون؛ نیگەرانی بەڕوخساریانەوە دەبینرا. مەرگی سەدانی وەک ژیلا بەلای ئەوانەوە بایی قەرانێکی سووریش نەبوو، ترسی ئەوان لە تۆڵەی ئاغای مەنسووری بوو. میهرداد دەستی خستە سەر شانی دکتۆر و وتی:

– تۆ بڵێی نیازی بکەویتە بیمارستان؟

دکتۆر متیلی سەر ڕانی لادا و هەردوو لنگی بڵاوکردەوە و بەوردیی سەیری ناوگەڵی کرد و وتی:

– باوەڕ ناکەم نیازی کەویتە بیمارستان؛ گرنگ ئەوەیە خوێن ڕێژییەکەی ڕاوەستاوە. ماوەتەوە سەر سەرسامی و گێژوویژی حاڵەتە هیستیریاکەی. دکتۆر دووبارە دەرزییەکی تری لێدا و وتی:

– ئەمەیان بەئەندازەیەکی زۆر ئارامی دەکاتەوە.

دکتۆر ویستی لە ژوور بڕواتە دەرەوە میهرداد وتی:

– تکایە ئەیرا بەجێ مەهێڵە تا بەتەواوی دڵنیا دەبیت.

ئەرژەنگ ڕوو بەمیهرداد:

– نەدەبوو بەو شێوە دەست بەکار باینا.. خۆ تۆ بەچاکی دەتزانی ئەمە کچە و بێ ڕاوەستان هەر بەردەوام بوویت.

– ئەشهەد و ڕاست دەکەی. کاتێک گەرمی خوێنم بەسەر ئەژنۆمەوە هەست پێکرد و بۆنی هاتە سەرما و سوورییەکەیم دی، هاتمە هەوەسێکی وا، خۆم پێ ڕانەگیرا. ئەی تۆ نازانی کە بۆنی خوێن دێ بەسەرما هەڵە و ڕاست لەیەک ناکەمەوە.

– با دەزانم؛ بەڵام ئەم بەرنامەیە جیاوازە و بەلای ئاغای

مەنسوورییەوە مەبەستە.

– باشە تۆ بۆ سواری بوویت.

– وەنەبێت منیش زۆر شەریف بم. کە سواری بووم لە خوێنا شڵپەی دەهات، بەناچار خۆم ڕاگرت، لە ترسی سین و جیمی ئاغای مەنسووری.

– سەختی لێ مەنوە. ئافرەت بەرگەی دە پیاویش دەگرێت، دەڵێن دایکم سێ سەد چوار سەد جار بووە بە سیغەی ئەم و ئەو سەرئەنجامیش لە "شاری نوێ"دا خوا خوای بوو پیاوێک ئاوڕێکی لێداتەوە. بە تامەزرۆیی مرد و لە دونیا دەرچوو شارەوانی کفن و دفنی کرد. پەنجەی بۆ ژیلای بێهۆش درێژکرد و وتی:

– ژن حەوت گیانی هەیە هەر گیانێکی بەنهۆمێکی ئاسمانەوە بەسراوە بۆچی تۆ منداڵ بوون بەکەم دەزانی؟

– ئەمەیان چ پەیوەندییەکی بەمنداڵ بوون و دایکە سوزانییەکەی تۆوە هەیە. ئێمە سبەی تووشی چاو زاق کردنەوەی ئاغای مەنسووری دەبین.

– ئەوەندە مەیهۆنەوە. ئەو سمت کەفەڵەی وا من دیومە، توانای ئەوەی هەیە دە منداڵی پیا بێت و بەبای خەیاڵیشیدا نەیەت.

– قسەی قۆڕ دەکەی. بۆ وا دەزانی هەموو ئافرەتێک دایکە دافەرەقاوەکەی تۆیە؟

دووبارە ژیلا هاتبووە نرکە و نووزە. میهرداد خاولی تەڕی بەتووڕەبوونەوە خستە سەر ڕوخسار و سنگ و ملی. ژیلا و کەم کەم هاتەوە هۆشا دووبارە گێلانە ڕوانی چوارمشقی لێی دانیشت. بێ دەنگ هۆن هۆن فرمێسک بەچاوانیا خوڕ هاتە خوارەوە. لێوی سەر و

خــواری دەلـەرزی؛ هـاتبــووەوە ســەر خــۆی و هــەســتی بەوە کــردبوو چ بەڵایەکــیــان بەســەردا هـێنـاوە. مــیــهــرداد و ئەرژەنـگ لەمــلاولای سەریرەکەوە دانیشتبوون میهرداد بەتوندی دەستی گرت و وتی:

– بەزمـەکـە تەواو؛ لێگەڕێ لە گـریان و شـیـوەن. ئەمـانـە تەواوی بێ سوودە و بێ مانا با بێینە سەر خۆمان.

ژێلا بەدەنگێکی لەرزۆکی پڕ لە گریانەوە وتی:

– خوا گیان.

لەناو ئەم هەمـوو کچ و ژنانی تارانەدا بۆ من؟ کەی شایستەی ئەوەم ئەمــەم بهـێنن بەســەردا؟ مـەگــەر ئێـوە بەشــەر نـین؟ مـەگــەر دایک و خوشکتان نییە؟

میهرداد بەدەم بەس بەسەوە زللەیەکی ماڵی بە ڕوومەتیا و وتی:

– دەم ڕامـەدە و ورتەت لە دەم وەدەر نـەیەت. جـا کێ وتوویەتی ئـێمـە دایک و خوشکمان هەیە؟ بۆت نییە هیچت لەدەم وەدەربێت. تۆمـان بۆ هەڵبـژاردووە بـێ شک ڕاز و حـیکمــەتێکی تیـادایە. هـەسـتـە خـۆت پۆشتەکەوە تا بتبەینەوە ماڵ.

– مـاڵ؟ کـام مـاڵ؟ تازە بە چ ڕوویەکـەوە ڕوو لە مـاڵ کـەم؟ وەڵامـی دایکم و خەڵک و خواو میهران چۆن بدەمەوە؟

– ئەوەندە مەکرووزێرەوە وەڵامی ئەو پرسیارانە لای ئێمەیە.

– ئێوە جانەوەری کام جەنگەڵن وا واتان بەسەرما هێناوە؟

– نەموت زمان درێژی قەدەغەیە و نەشیاو؟

– ژیلا بەدەم گریانەوە:

– بێ شەرەف! جانەوەر! واتان لێ کردووم و دەنگیش نەکەم. مـەگەر هەرکــەس بۆخـۆیەتـی و شــار بێ خــێـو و خــاوەنە؟ بـاوکـتـان لـە گـۆڕ

دەردێنم. میهرداد دووبارە زللەیەکی تری پیامالّی و نەڕاندی:

– وس بە سۆزانی بێ سەروپا! ئەمجارەیان زمانت دەبڕم تۆ چ کارەی تا باوکمان لە گۆڕ وەدەر بهێنیت؟ دەزانی من کێم؟

– تۆ کوڕی هەر بێ باوک و دایکێک بیت حەقی خۆمت لێ دەکەمەوە؛ ئەمڕۆ نا سبەی.

– کام سبەی؟ ئێمەمانان نە دوێنێمان بووە و نە ئەمڕۆمان هەیە و نە سبەی. هەستە بجوولّێ، خۆت کۆکەرەوە. ژیلا متیلەکەی بەخۆیەوە پێچایەوە.. زانی چەنەچەن و قسەی بەزوران دان لە ژوورێکی وادا نە سوودی هەیە و نە سنوور و هیچ دەردێکیش دەرمان ناکا. کەوتە جوولّە هاتە لێواری سەریر و پای خستە سەر زەوی. باریکە ژانێک لە ناو گەلّیەوە بزیسکەی دا و ژان و سۆزێکی تێروخەس کۆمی کردەوە هەروا بەمتیلەکەوە وتی:

– تکایە بڕۆنە دەرەوە تا خۆم پۆشتە دەکەمەوە..

میهرداد قاقا پێکەنی و وتی:

– تا لەش و لارت نەبینین؟ کچێ متیلەکە تووڕدە لاوە.

– بێ شەرەف!

میهرداد پڕی دایە و متیلی لێ کردەوە. ژیلا لە زەویدا خۆی گرمۆلّە کرد و بەگریانەوە هاواری بەخوا و دایکی دەبرد. پانتۆلّەکەی بەسەر زەوییەوە لە دەم دەستیدا بوو دەستی بۆ درێژ کرد و نووساندی بە سنگ و بەرۆکییەوە ئەرژەنگ لە ژوور ڕۆیشتە دەرەوە. میهرداد لە ناو دەرگاکەدا ڕاوەستا بوو هەی دەیوت: زوو کە وەئیلا دەرگات لەسەر دادەخەم و دوو ڕۆژی دی بۆت دەکەمەوە.

ژیلا پانتۆلّی لە پا کرد و لەولاتریشەوە بلووزەکەی دۆزییەوە و ئەویشی پۆشی و بەگۆرەوی و کەوش لە پاکردنەوە خەریک بوو

کابشنی گوڵ گوڵیشی لەبەر کرد و ئامادەی فەرمانی میهرداد ڕاوەستا.

میهرداد ئاماژەی بۆ کرد کە جارێک دانیشێ. کاری پێ هەیە ئەرژەنگیش هاتە ژوورەوە. ژیلا هەروا ڕاوەستابوو.

میهرداد دەستی گرت و بەسەر یەکێک لە موبلیاکانەوە دای نیشاند و بۆخۆیشی لە بندەستییەوە لێی دانیشت و وتی:

- باش گوێم لێ بگرە چی دەڵێم، ئێمە کارمان بەتۆ هەیە.

تۆ ناتوانی لە قسەمان دەرچیت. ئەوی دەیڵێین مووبەموو ناچاری ئەنجامی دەیت وەئیلا.

- وە ئیلا چی؟ شتێکی ترم ماوە لە دەستی دەم.

- با، زۆر شتت ماوە لە دەستی دەیت و بەلاتەوە گرنگە.

- تۆ هەر دەڵێی ئێمە.. ئێمە.. ئێوە کێن؟ بێ ئاوڕووتان کردم، لەوە زیاترتان لەمن دەوێ؟

- جارێک لە کوێتە، تۆ ناچاری هاوکاریمان لەگەڵا بکەیت. ئێمە کارمەندانی سازمانی ئەمنیەتی ئیرانین یانی ساواک. تێگەیشتی؟

- یانی دوای ئەم بێ ئابڕوویی و کارەساتەم، بەتەمان هاوکاریتان لەگەڵ بکەم.

- پێم وانییە چارەیەکیترت بۆ مابێتەوە. ئینجا بەئەرژەنگی وت:

- هەستە بڕۆ فیدیۆکەی بۆ بخە گەڕ. ئەرژەنگ هەستا و فیدیۆی خستە ئیش. ژیلا سەرسامانە دەینواڕی؛ هەر چاوێکی بەئەندازەی ژێر پیاڵەیەک کرابوویەوە تا دەبوو سەرسامتر و سەرسامتر دەبوو. فرمێسک بەهەزار وەک بارانی بەهار، پرمەی گریان، هەناسەی تەنگ کردبوو، نەشی دەتوانی سەیری دیمەنەکانی نەکا. هەروا بێ باوەڕانە

دەینوارِی و دەگریا و دەگریا. لە ناکاودا پەنجەی خستە نێو پرچی و دەستی بەقژ رِنین و هاوار و قیژەی هیستیریای کرد.

میهرداد بێ ئەوە دەستی بگرێت خوێن ساردانە دەیوت:

– گەوجە! بەسە منداڵ بازی دەرمەهێنە.. دەڵێم ناتوانی هاوکاریمان لەگەڵا نەکەیت، یانی ناتوانیت. ئەوەندە وێنەمان لێت گرتووە، خەرمانێکە. بەشی ئەوە دەکا هەر قوتابییەک و دانەیەکی بەدەستەوە دەین. هەستە، هەستە با بتگەیەنمە ماڵ. شتێکی وانەبووە هاتی کچ بوویت؛ ئێستا ژنیت. خەفەت مەخۆ دایکی منیش رِۆژێک لە رِۆژان کچ بوو؛ کێ کردی بە ژن ئەوەیان نازانم. هێندەم لا ئاشکەرایە باوکە نەناسراوەکەم نەبووە. تازە زۆر لە ناسراوانت بەم جێگەیە ئاشنان و هاتوچۆی ئەیرایان کردووە. ئەوەندە لە خۆت دامەمێنە.

ئەرژەنگ لێوە نزیک بوویەوە دەستی گرت و وتی:

– فەرموو برِۆین.

لە ژوور وەدەر هاتن. ئەرژەنگ و ژیلا لە پێشەوە. ژیلا گەلاوگەڵ دەرِۆیشت بەرِێگەوە. سواری ماشین بوون.. بەرەو تاران. کاتژمێر دوانزەی شەو بوو. ژیلا دەرگای ئەپارتمانی کردەوە و شیلای پوورزای بەهەرِا رِووبەرِووی هات و بەئاڵۆزییەوە پرسی:

– ناڵێی تا ئەم کاتە لە چی جەهەنەمێکدا بوویت؟

– با پێت دەڵێم.

## ٢٢

ئەوە دە ڕۆژە. سەرت لە ماڵ وەدەر نەبردووە؛ ئاسمان هەرووژاوە؟ خۆ نەهەرووژاوە. تۆزێک بەزەییت بەخۆتا بێتەوە، هەزاران شا و شازادە بێ پشت و پەناو بێکەس و خێو لە دەشتودەرا سەری تیا چووە، ئەم جۆرە ژیانەت بۆ بووە بەعەیب و ناتور. دۆست و دوژمنت لێ کەوتووەتە تەقەوە.

– لێیان گەڕێ، بەمە دڵ خۆش دەبن با بن. مەسەلە تەنها یاسای کشتوکاڵ نییە، لەوەی نارەحەتم ئەم قوزاق زادەیە دەیەوێت تەواوی گەندوگووی خۆی هەیە بەئێمەمانان بشۆرێتەوە.

– ئێمەش ئەمە دەزانین و زۆر کەسی تریش وەک ئێمە دەیزانێ و پەی بەوە بردووە. لە خۆت بپرسە بەرانبەر شا هیچت پێ دەکرێت؟ دەکرێ؟

– خانم مەسەلە بەم ئاسانییەش نییە؛ ئەمە تاڵانکردنە، ئەمە ڕووتکردنەوەیە.

– ئۆهۆ هەم دەستت پێ کردەوە.

– با بڵێین وایە تاڵانە، زەوتە، زۆرە، چەپاوە. بەرانبەر شایەکی وا زۆردار لە خۆ خواردن زیاتر شتێکی ترت لە دەست دێت؟

– دەزانم جارێک هیچم لە دەست نایەو ئەوەش دەزانم پایە و بنەمای شاهەنشاهی ئەم نانەجیبە لە سەر زوڵم و زۆر دامەزراوە. شتێکە تا

بەئەمرۆ من و تۆ هەستمان بەزەرەر و زیان نەکردووە و یا خۆمان لێ کەڕ کردووە.

– ئاها، وا هاتیتە سەر قسەکانی فەلامەرز. تا بەئەمرۆ لات وا بووە قوتابییەکی خوێن گەرمی کۆمەنیست مەئابە، کەچی شەو و ڕۆژ نیگەرانی تەندروستی تۆیە.. ئا تۆ داینە و بیدوێنە.

– تاقەتی منداڵە وردکەی زانکۆم نییە. دەزانم چۆن تێدەفکریەن.

– منداڵە وردکەی چی؟ دوو مانگی دی ئەندازیارێکی میعمارییە.

– ئەندازیار و مەندازیار بە فلسێک ناکڕم. لە ناو کۆڕ و کۆمەڵێکدایە. دەترن دەڵێن بیست و یەکی بەهارە.

– باشە، هەروا تێفکریە، سەرئەنجامەکەت بەتاریک دەبینم. لە جنێودان و گاڵتە بەبوونی خەڵکدا بەردەوام بە. ئەو حەلە یەکتر دەبینین. تۆ دەڵێی لە گوێی گادا نوستووی؛ دەور. دەوری بێی و برۆی ساواکە. ئەوسا لە سەر جنێوێک هەر خەڵکە و بێ سەروشوێن دەبەن و نایگەڕیننەوە.

– هەر ئەوە ماوە بیشم گرن، نا؟

– جا بۆ ناتگرن؟ دەڵێن لێیگەڕێ ئەمیرە و ئەمیرزادەیە و با جنێوی خۆی بدا. ئەمە شەڕ بەپارەسەندن نییە؟

– تا ئەو حەلە ئالەمتاج بێدەنگ دانیشتبوو. هیچی نەدەوت ئاخری ڕوو بەباوکی:

– قوربان دایکم ڕاست دەکا. تازە کار لە کار ترازاوە. لەم ڕووەوە نە جەنابت و نە خەڵکی تریش هیچتان پێ ناکرێ. جۆرێک بەرنامەیان داناوە.. تەواوی ڕەش و ڕووتی وڵاتیان هێناوەتە سەما. نەمانی یاسای

دەرەبەگایەتی و هەڵوەشانی پەیوەندی نێوان ئاغا و ڕەعیەتی، تەواوی چینی جوتیاری لە سەرتاسەری ئێرانا سەرخۆش و مەدهۆش کردووە. دروشمی «زەوی بۆ ئەو کەسەیە دەیکێڵێت» دروشمێکی ئەفسووناوییە، هاندەرە، سحرئامێزە. بەلای جوتیارانەوە ئەگەر دە لە سەدی ئەو دروشمانەش ئەنجام دەن، یەشتا بۆ چینی جوتیار فرەیە. تازە قوربان گیان دونیا کەی ئەوە دێنێ مرۆڤ وا خۆی بۆ ئازار بدا؟ خۆ تەواوی زەوییەکانت نابەن ئەوەی پێت بکرێ و بیکەیتە "میکانیزە" بەدەستەوە دەیهێڵن.

– کچم! کچی باشم! بەکێوە میکانیزەی بکەم؟ خومە کە ناتوانم، فەلامەرز بۆم دەکا؟ یا ئەفشینی پاریسی برات؟ ها؟ دەی وەڵامم دەیەوە.

– قوربان گیان! تۆ بکەوە ئەو باوەڕەوە، ئەمڕۆ نا سبەی هەر دەکرێن. خۆ دەبێت برێکی تەرخان کەن بۆ جەنابت.

فەلامەرزیش هاتە ژوورێ. سەڵاوی کرد و دانیشت. هەمووان بێدەنگ بوون. مات و مەلوول لێی دانیشتبوون. تا فەلامەرز هاتە قسە و وتی:

– خۆ خراو ڕووی نەداوە، وا مەلوولن؟ ئەمیر بێ ئەوەی لا بەلایەوەکا وتی:

– بۆچی باش ماوە، تا خراو ڕوونەدا؟

– قوربان! مەبەستم خراوی تازەیە، ئەگەر ڕووی داوە بامنیش بیزانم.

ئەمیر وەڵامی نەدایەوە، دایکی هاتە قسە و وتی:

– ئەمە ژیان نییە ئێمەی تیادابن؛ ژیانمان بووە بەگلۆڵەیەک بەنی ئاڵۆزکاو. وا بڕوات سەد دەر و پەنجەرەی ڕووداومان لێ دەکرێتەوە.

ئەوەسا ئەمیر وەک عابیدی کلیسای لەخۆ کردووە. ئەمیر ئاوڕێکی تیژوتوندی لێ دایەوە، ئەو گوێی لە ئاوڕە تاڵەکەی نەدایەوە. ئەفشینە وێڵ و ئاوارەی وڵاتانە، ئاڵەمــتــاجــیش بووکی دوێنێــیــە دووچاری دەردەسەری خۆی هاتووە لەگەڵ ئەسفەندیارا، تۆیش جۆرێک ڕەفتار دەکەیت دەڵێی میوانی، ئەمڕۆ بێ یا سبەی دەدەی لە شەقەی باڵ و دەڕۆی. ئەگــەر فــریای خــۆمــان نەکــەوین، تەواوی پۆ و پەیوەندیی خێزانیمان دەپچڕێ و دەبینە جێی تەماشای پیاو و ناپیاو. فەلامەرز نەیهێڵا دایکی درێژی پێبدا و وتی:

– دایە گیان! تۆزێک لەسەرخۆت. ڕاستە ئێمە گرفتاریمان بۆ پەیدا بووە. جا هەیە گرفتاری نەبێت. ئا تۆ پارچەیەک لە کراسی شڕۆڵی خەڵکی دادرە و بزانە لە چی دەردە سەرییەکدان. ڕاستتان بووێت. گرفتارییەکی وامان نییە شایانی باس بێت تەنها غەمێکی گەورەمان هەبێت تەندروستی جەنابی ئەمیرە و بەس.

ئەمیر بەئاڵۆزییەوە وتی:

– مەگەر من چیمە، تا غەمم بخۆن؟

– قوربان گیان هەرکات دەمەوێ ئەم باسانەت لەگەڵا بکەمەوە وام لێ ئاڵۆز دەبێ نایەڵی چوارپەلی قسەکانم لە زەوی کەوێ. جا قوربان گیان لێم گەڕێ و مەمکە دەرەوە و لێشم ئاڵۆز مەبە تا قسەکانم تەواو دەکەم.

ئەمیر بەتووڕەبوونێکی پڕ لە گاڵتە پێکردنەوە وتی:

– فەرموو جەنابی ئاغای ئەمیر ئینتیزامی! بزانم چی گەوهەر بارانێک دەفەرموویت دەی فەرموو.

– ئەوە دەڵێم. جەنابت تەمەنێکت لێ گوزەشتووە، سەیر لەوەدایە

بەزەییت بەخۆتا نایتەوە و ئازار و ئەزیەتت بۆخۆت کردوەتە پیشە.. پیاو کوڕێکی ئازیزی دەبێ و لە پڕ دەمرێت، چەرخ و چەمەری دەوێت؟ ئاسمان دەهەرووژێ؟ هەفتەیەک، مانگێک، دوو، سێ، پێنج مانگ بۆی دڵ تەنگ دەبێ و وردە وردە هوکارەی ڕاستەقینە دەبێ تەواو نەک وەک جەنابت بۆ ساتێک ئەم یاسا نەنگینەی کشتوکاڵەت لە بیر ناچێتەوە و کردووتە بەخولیای شەو و ڕۆژت. بنوارە ئەمیر عەلی خان، بۆچی ئەو لە جەنابت کەمتری لە دەست چووە؟ ئەویش بەم یاسایە ناڕەحەتە؛ نە جنێو دەدا و نە لە ناو خەڵکدا بەچاکە و خراپە ناوی یاسای کشتوکاڵی شا ناهێنێت. لەمانە گوزەشتە بۆچی پێت وایە لە وڵاتی سویسرەدا دەژین؟ من لە ناو خەڵک و چینی ڕۆشنبیر و هەژارا دەژیم. دەزانم ساواک چی دەکا و چ جۆرە ڕەوشتێکی دوور لە مرۆڤایەتی بەکار دەبا. باوەڕم پێ بکە وەک سەگی هاریان لێ هاتووە تەواوی کاروباریان بەدەستەوەیە. لە هەر کارێکدا بیانەوێ بیکەن ئازادی ئازادن. ئەوەندەش هاوکاریان هەیە نەبێتەوە سا بەزۆر بێت یا زەڕ. من تێناگەم جەنابت بەتەمای چیت؟ پێت خۆشە بتخەنە سیا چاڵەکانییانەوە؟

- بەسە. بەس. بۆ ناڵێی کلکەوانەکەی حەزرەتی سلێمانیشیان لە پەنجەدایە؟

- جا بۆ لە پەنجەیاندا نییە؟ ئەمڕۆ ساواک کلکەوانەی شایە ئەوی بیەوێت دەیکا...

ئەمیر.. نەیدەنوارییە فەلامەرزدا؛ بەڵام دەکۆشا بەوردی گوێی لێ گرێت.

- دێمەوە سەر یاسای کشتوکاڵ و چۆنیەتی دەرد و، دەروونی

ئاشــوفــتــەی جــەنابت. من نازانم بۆ ئەوەندە هەست بەبێکەسی و بێچارەگی دەفەرمووێت.

ئەگەر مۆڵەتم بدەی بۆ خۆم وەڵامی خۆم دەدەمەوە. جەنابت دوو کورت هەیە، خۆت بەوەجاخ کوێر دەزانی. بۆ خۆتیش وەک جاران نەماوی، هەتا وەکو وەک ئەوساش بایتا لە زمانی ئەمڕۆی خەڵکی نازانی، وانییە قوربان!؟

ئەمیر بەسەر مۆبلیاکەیەوە شان بەشان بوو. هەستی بەتەنگەبەرییەکی سەخڵەت کرد و سەرێکی بادا و لە دڵا وتی:

– ئەم توولە سەگە دەڵێی لە نێو دڵمایە، ئاگاداری فکر و زکر و بۆچوونەکانمە. تا ئێستا نەمزانیوە ئەم هەتیوە ئەوەندە هوشیار و ئاگادارە. ئینجا ڕووی بەلای فەلامەرزا چەرخاند. فەلامەرز لە باوکی وردبوویەوە، بۆ یەکەمین جار دەستەپاچەگی و بێدەسەڵاتی و زەبوونی لە ڕوخساریدا وەدی کرد. ئەوسا بیروڕای هەڵەشی بەتووڕەبوونەوە دەسەلماند. ئەوەندە غرووری چینایەتی لە بیر و ئەندێشەیدا شەپۆلی دەدا هیچی پێ نەدەسەلمێنرا، وا بەباش دەسەمۆی ڕووداو بووە. کودتاکەی حەمە ڕەزا شا هیچی بۆ نەهێشتوەتەوە تا دەستی پێوە بگرێت، هەر نەبێت بۆ خۆی پێی وایە. ئەوەسا وەک خەنجەری نێو کێلانی لێ هاتووە.

ئەمیر وتی:

– با بڵێین ئەوانەی وا وتت، وایە.

فەلامەرز دڵی داخورپا و سەرسام تارمایی خۆشحاڵییەک کەوتە ڕوخسارییەوە. پێی وایە گوێی دەزرنگێتەوە. ئەمیر بێ و بفەرمووێت ڕاستە وایە. بۆ ئەمیر کەم نییە.

فەلامەرز هاتەوە قسە و وتی:

– ماوەتەوە سەر نیوەی گرفتارییەکە. مادام زانیمان هەڵە و دەردەکان لە کوێدایە، بابزانین دەرمانی دەردەکە چییە. ئەمیر باوەک لەزەتی لە شیکردنەوەکەی فەلامەرز دەبرد قسەکانی پێ بڕی:

– فەلسەفەبافی مەکە و برۆ ناو باسەکەتەوە دەتەوێ چی بڵێی؟

فەلامەرز زانی زیرەکانە پەنجەی خستووەتە سەر زامی باوکی بێ ئەوەی بیەوێ بیکولێنێتەوە. ئەو خۆخەسڵەتی باوک و چینی بەخۆزلزانی باوکی دەناسی و دەیزانی هەورە تەرەشقەش لە قەڵای سەنگ بارانی غروور نایان هێنێتە دەرەوە. بەڵام هێنابوویە سەر سنووری گوێگرتن و تێڕامان.

– قوربان! دەمەوێ چی بڵێم. خۆ مەسنەوی نییە، دوکانی بەکر دوو قاڵب سابوون زەوییەکانت هەڵبژێرە و میکانیزەی بکە و لەناو خەڵکیشدا بۆ لەمەولاش جنێو مەدە. ئەفشینە لەیرا نییە، منیش شەش حەوت مانگم ماوە و زانکۆ تەواو دەکەم. بەڵێنت دەدەمێ ئەو کارانەی پێم بسپێریت ئەنجامی بدەم. ئالەمتاجیش ئەوسا جارێک میوانمانە و لەگەڵ ئەسفەندیارا ناکۆکن. وانازانم غەم و پەژارەی پێویست بێت. ئەمڕۆ یا سبەی ئاشتیان دەبێتەوە و ئاو بێرە و دەست بشۆ.

ئەمیر نەرم بووبوو. وتەکانی فەلامەرزی شیاو و پەسەند هاتبووە بەرچاو. باوەک یەشتا لە ئەسپی وڕک و لاساری دانەبەزیبوو لە بەر خۆیەوە وتی:

– لام گرانە ئەم جۆرە ڕووداوانە بسەلمێنم.

– قوربان گیان! ئەگەر نەیسەلمێنی. یانی ناتەوێ زەوی هەڵبژێری بۆ میکانیزە کردن و ئەوەی ماوە لە دەستی دەی.

ئێستا نە کاتی کشتوکاڵە نە هی وەرد و درەوە؛ دەڵێم. بۆچی بۆ یەک دوو مانگێک خۆت لەم بیگرە و بەردەیە دوور ناخەیتەوە و سەرێکی ئەوروپا نادەی. ئاسایشێکی فکری و دەروونی وەدەست بهێنیت؟

دایکی قسەکانی فەلامەرزی بڕی:

– ئەشهەدو پێشنیارێکی شایان و شیاو و پەسەندە. ئەفشینیش لەوێڕا لە خزمەتدا دەبێت.

ئەگەر بەچاکی دەزانی. با دایکیشم لەگەڵتا بێت. یا بێ ئەو بۆی دەرچۆ.

ئەمیر هیچی نەدەوت. لەگەڵ خۆیدا بیری دەکردەوە:

– کوڕە ئەم هەتیوە ڕاست دەکا من زۆر لە پێویست لوولی دەدەم. عومرێکی وام بەدەستەوە نەماوە، دونیا کەی ئەوەندە دێنێت. ڕووی کردە دایکی فەلامەرز و وتی:

– باشە تۆ بۆ نایەیت..؟

هەم فەلامەرز و هەم عالەمتاج و هەم خانم، ناخۆ ئاگانە دایان لە چەپڵە.

خانم پرسی:

– یانی ڕازی بووی بڕۆیت. هەزار بار شوکر و سوپاس.. تۆ بڕۆ من نایەم. ئەمجارەیان بەتەنها بڕۆ، هاوین پێکەوە دەڕۆین. خەریکە بۆ ئەفشین سوێم دەبێتەوە. هەر نەبێت بزانم گرفتارییەکەی ئالەمتاج دەگاتە کوێ. تەلیفۆن زرنگایەوە. فەلامەرز هەڵی گرت، ڕوو بەباوکی وتی:

– قوربان! ئەمیر ئەقدەمە.

ئەمیر ئەگەر ئاڵۆز نەبوویایە گەلێک ئارام و ژمێراو دەدوا.. دیاربوو دەربارەی ناکۆکی نێوان ئەسفەندیار و ئالەمتاج دەدوان.

بۆیە ئەمیر وتی:

– بەخێربێن سەرچاوان. تەلیفۆنی داخست، ئینجا وتی:

– ئەمیر و دایکی ئەسفەندیار سەعات نۆی شەو دێن.

ئالەمتاج لەوێرا ڕاپەڕی و وتی:

– من لەم ماڵەدا بەن نابم. ئامادە نیم ئەسفەندیار ببینم. فەلامەرز نەیهێڵا ئەمیر یا دایکی پێش قسە بن وتی:

– کچێ ئەوە چی دەڵێی؟ هەموو ژن و مێردێک بەشەڕ دێن و ناکۆکی دەکەوێتە نێوانیانەوە و پێکیش دێن. ئەوەندە توندوتیژ مەبە. شت نییە دروست نەبێت.. ئەگەر ناکۆکی تۆ و ئەسفەندیار لەسەر قومارە، قایلی بڕیار و لێدوانە. لەمانەش گوزەشتە ئێمە هەر قسەی تۆمان بیستووە، بابزانین ئەو چی دەڵێت. ئەگەر داویە لە ژێری قەول و قەرار و لێکەوتنی نێوانتان، هەر نەبێت با لەویش شتێک ببیسین. ئەو مۆڵەتەی بدەرێ.

ئەمیر و دایکی ڕاکەی فەلامەرزیان بەشیاو و پەسەند زانی.

تاجی ئارام بووبوویەوە. فەلامەرز ڕۆیشتە لایەوە. وتی:

– ئەم خانمەی من دەیبینم. ئەوەندە باوەڕی بەخۆی هەیە ڕا ناکا و بەرانبەر دادەنیشێت و بیروڕای خۆیشی دەڵێت. ئینجا هەستا و ڕۆیشتە لای تەلیفۆنەکەوە و ژمارەیەکی وەرگرت.

هەلاو یاسی، چۆنی؟ من دەڕۆم بۆ نووسینگە. ئاغای موهەندیس ناردوویە بەدواما. لەوێرا تەلیفۆنت بۆ دەکەم. خۆ ناڕۆیتە دەرەوە؟

– دایکی ڕوو بەفەلامەرز:

– ئەم یاسی خـــانمە ناشێ ئەو ڕووتـەڵە بێت وا لـە فـــرۆکـــەخـــانە بەخزمەتی گەیشتین؟

– با.. هەمانە.

– دایکی سەرێکی بەولاوە چەرخاند و هیچی نەوت.

– بۆ مـەگـەر شاخی پێوە بوو.؟ کچێکی خوێندەوار و ئەتکێت زان و هاوکـۆلێـژمــە. ئەویش وەک مـن شـــەش حـــەوت مـــانگی دی دەبێـــتــە ئەندازیار.

– بەســە.. بەس. ئەندازیار و مـەندازیار لای مـن ناخـوا. ســەد کـچی ئەمیر و خـانزادە هەن کـەوش مـاچ دەکەن بوونە بووکـمـان، تۆیش وەک مێش نووساوی بەچییەوە؟

– دایکە گـیــان! لای جـەنابت ناخــوا. زوڵمــە و دەیکەی. تـازە من نە نووســـاوم بـەوە و نە ئەو پـیــســـاییــیــە و. نەمـنیش مــێش. ئەو کـــچــە بەئەندازەیە ڕۆشنبیر و هوشیارە نەبێتەوە. با لەوەش دڵنیـا بی ئەو لە بیری شـووکردن بـەمندا نییە. باوەک من زۆرم لا خـۆشــە و ئامـادەیش، حەیف ئەو نایکا. تازە من نە بەتەمای ئەمیر و شازادە و خـاقان زادەم و نە بیریشی لێ دەکەمەوە.

ئـەمـــەیان وا دەزانم مــــافی ڕەوای خـــۆم بێت کــــە وەک جـــەنابت تێنەفکریەم.

– نا سـەلامـەتی، فـەلامـەرز خـان چۆن تێدەفکریەن؟ ئێمـە تا بەئەورۆ وا تێفکراوین و هەزاران کەس و ناکەس ئاواتەخوازی ژیانمانە.

– دایە گـیــان خـوانـەخـواســتــە خـــراوم نەوتووە. ئێـوە ســەروەر و شایستەی هەموو شتێکن. ڕەنگە هاوسـەر هەڵبژاردنیش. ئەگەر بۆ من بێت. مافی ڕەوای من بێت. وا نا؟

ئەمیر ویستی باسەکەیان ببڕێتەوە:

– خانم گیان بیبڕەوە. سوار سوار نەبووە بڕوات بووک بهێنێت. هەموو شت لە وەختی خۆیدا خۆشە. لە ئێستاوە. بۆ زوڵفەقارت لە کێلان کێشاوە. من لەم بارەوە هیچ جۆرە مەرجێک ناخەمە سەر ژن هێنانی کوڕەکانم و سەختی لێناگرم. سبەی ئەفشین خانی کوڕت کچەتیوەیەکی پاریسی هێنا چیت پێ دەکرێ؟

فەلامەرز سەرێکی دانواندەوە و وتی:

– بەندە دەبێ بڕۆم و بگەمە کاروبارما. لێی دا و لە ماڵ وەدەرکەوت. یارە ڕیقو دەرگای کردەوە. فەلامەرز لە پەنجەرەی ماشینەکەوە پرسی:

– ئەرێ دەنگوباسی ڕەحمان لە چیدایە. بیستوومە خەریکە دەبێتە جیفارا..؟

– قوربان! هیچ خەوەرێکی تازەیم پێ نەگەیشتووە و ئاگاداری جیفەو میفەی نیم.

– باشە بڕۆ بۆ لای سەلاوی منی پێ بگەیەنە. پێی بڵێ ئەگەر کەسێک بنێرمە لای. دەتوانێت یارمەتی بدا تا میقدارێک چەک و تەقەمەنی بکڕێت؟ لەبیرت نەڕوا ئەمەی دەیڵێم مەگەر گڵ لێت ببیسێت، نەکا لای کەس بیدرکێنێ؟

– سەرچاو!

– سبەی مورەخەسی وەرگرە و بڕۆ بۆ لای و وەلامەکەشم لێگەڕێنەوە.

فەلامەرز چاوەڕوانی وەلامی یارە نەبوو؛ لە حەوشی وەدەرچوو. لە شەقامی پەهلەویدا منداڵێکی ڕۆژنامەفرۆش هاواری دەکرد:

– خراوەکاران بانکی مللی سەڵتەنەت ئابادیان تالان کرد.

ماشینی ڕاگرت و ڕۆژنامەی کڕی. لە ڕۆژنامەی کەیهاندا نووسرابوو:

«ئەمڕۆ سەعات دەی بەیانی چەند کەسێکی سەرورۆ هەڵپێکراوی چەکدار، هێرشیان بردە سەر یەکێک لە بانکەکانی مللی لە گەڕەکی سەڵتەنەت ئابادا؛ هەرچی تیادا بوو بەچەپاو بردیان».

ئینجا کەوتە خوێندنەوەی وتووێژی هەواڵدەری ڕۆژنامەکە لەگەڵ مووچەخۆرانی بانکەکەدا.

– چەند کەس بوون؟

– چوار چەکدار.

– چەنێکیان بردووە؟

– پارەیەکی ئەوتۆی کاشمان لە بەنکدا نەبوو.. هەمووی دەوروبەری دوو ملیۆن تومان دەبوو.

– ئەم جۆرە دزییانە بەناوی سیاسەتەوە دەیکەن، ڕای جەنابت چییە دەربارەی؟

– دەمەوێت پرسیارەکەت ڕاست کەمەوە، پێم وانییە سیاسی دزی بکا. ئەمە کاری کۆمەڵێکی سەرلێشێواوی ترۆریسمیە. دەکۆشن ڕیشەی ئاسایش لەم وڵاتەدا ڕیشەکەن کەن.

– بۆیان دەڕواتە سەر؟

– لام وانییە. ئەمڕۆ نا سبەی هەر دەستگیر دەکریەن.

فەلامەرز ڕۆژنامەی تووڕدایە لاوە کەوتە بیرەوە:

– ئا، گەمەکە بەرەو گەرمبوون دەڕوا. گۆم تا قووڵ بێت مەلەی خۆشە.

گەیشتبووە لای نووسینگەکە. ویستی دیارییەک بۆ یاسەمین بکڕێت،

پەشیمان بوویەوە و یەکڕاست ڕۆیشتە ژوورەوە. بەلای سکرتێرەکەی موهەندیسەوە دانیشت. دوای چایی خواردنەوە فەلامەرز نواڕییە کاتژمێرەکەیدا.. سکرتێرەکە وتی:

– مەستانە خانمی خێزانی موهەندیس فولادی بەلای موهەندیسەوەیە. لەگەڵ ئاوا وتنا تارمایی بزەیەک لە ڕوخساری سکرتێرەکەدا دەبینرا. ئەوەندەی نەخایاند مەستانە لە ژووری موهەندیس هاتە دەرەوە. حەوت قەڵەم ئارایشی کردبوو. یەکڕاست بەرەو لای فەلامەرز هات و وتی:

– دەبێ جەنابت فەلامەرز خان بیت؟

– بۆ خۆی؛ ئەوم.

– خۆشحاڵم لەگەڵتا ئاشنا بووم و پیرۆزباییشت لێ دەکەم.

فەلامەرز هەرچی کۆشا. نەیتوانی ڕفتار و گفتاری مەستانە بڕواتە دڵیەوە. کەمتەرخەمانە خواحافیزی کرد و ژنەی سکرتێر دەرگای موهەندیسی بۆ کردەوە.

موهەندیس بەخۆشحاڵییەوە. هەستاو باوشی بۆ کردەوە و لە ئامێزی گرت و وتی:

پیرۆزباییت لێ دەکەم. عەلاحەزرەتیش هەر کارەکەی خۆمانی هەڵبژارد. ئافەرین و سەد ئافەرین! کار بوو بە هی خۆمان.

– ئەگەر تەمێ و ڕێنمایی جەنابت نەبوایە، سەرکەوتنمان بەم ئاسانییە نەدەبوو. بەتایبەت چەندین نووسینگەی ناسراوی میعماری وڵات تیادا بەشداربوون هەریەکەیان زۆرتر لە بیست ساڵە خاوەنی ئەزموونی خۆیان بوون، هونەرە گەورەکە دەگەڕێتەوە بۆ جەنابت.

ـ ئەشهەدو وانییە. هونەری گەورە و سەرەکی دەگەڕێتەوە بۆ

لێهاتوویی تۆ. تۆ بوویت وەستاکارانە فۆرم و شکڵ و قەد و قامەتت کردە ئاهەنگێکی موسیقای خۆش نەوا. با ئەویشە بڵێم عولیاحەزرەت فەرمانی دا لیلیخانم تەواوی کاروباری بەدیهێنانی کۆشکەکەی لەژێر دەستدا بێت یانی تەواوی کاروبارمان بۆ لەمەولا دەکەوێتە ژێر سەرپەرشتیی ئەوە.. یانی لیلیخانمەوە.

منیش بڕیارم داوە بۆخۆت لە یەکەمین ڕۆژی کارەوە ئەو کارەت بەدەستەوە بێت. هەرچی نیاز و کاروباری ئەو کارەش هەیە بەلای لیلیخانمەوەیە.

– نافەرمووی ئەم لیلیخانمە کێیە؟

– هاوڕاز و. هاودەمی عولیاحەزرەتە. دوایی بەدرێژی بۆت باس دەکەم. بۆ ئاگاداریت زەوی نێو باخچەی کۆشکی سەعدابادیان هەڵبژاردووە؛ یانی ئەوەندە لە نووسینگەکەی عولیاحەزرەتەوە دوور نییە. سبەی دەگەمە خزمەت شابانو. جێگە و شوێنی کۆشک و چۆنیەتی کارەکانت پێ ڕادەگەیەنم.

شەقام پڕ بوو لە هۆڕینی ماشین، هەرا و بەزم و دهۆڵ لێدان. موهەندیس کامەران لە پەنجەرەوە دەینواڕییە سیرم سیرمی نێو شەقاما. نەیدەزانی چی ڕووی داوە؛ زەنگی لێدا و ژنەی سکرتێر هاتە ژوورێ.

پرسی:

– ناڵێی چی قەوماوە؟

– تیمی فوتباڵی ئێران دوو بەیەک بەسەر تیمی فوتباڵی ئیسرائیلدا سەرکەوتووە و خەڵکەکەش لە وەرزشگاوە بەو شێوە ڕژانەتە نێو شەقامەوە.

درەنگیان کرد.

کوێخا کاتژمێره بەرباخەڵەکەی لە گیرفانی دەرهێنا زنجیرەکەی بەیەکێک لە شوێن قۆپچەی سوخمەکەیەوە بەسراوبوو. تێی نواڕی و وتی:

– نا.. هەروا دەگەن. ئینجا ڕووی کردە عەلی تەیب و وتی:

– لەوە دڵنیای ڕەحمان چاکی چاک بووەتەوە و نیازی بەتۆ نەماوە؟

– جا بزانم نیازی بەمن ماوە، بەجێی تێلّم؟

– باوەڕ ناکەم.

– زامەکەی دەمی هاتووەتە یەک و گیرساوەتەوە. ئەگەر نەکوڵێتەوە بەمن نیازمەند نییە.

یەکێک لە پیاوەکانی کوێخا هات بەژوورا و وتی:

میوانەکان گەیشتنە کەوانەی دێ.

کوێخا هەڵسا و فەقێ ڕەشید و عەلە تەیب و ڕەحمانیش بەشەلە شەل کەوتنە دوای کوێخا. ئەوکە و تاقمەکەی گەیشتبوونە ناو دێ و بەرەو ماڵی کوێخا ڕیزیان بەستبوو تەکانیان دەدا. هەتاو بەرەو ئاوابوون دەچوو، زەردەی خۆر خۆی دابوو لە کەل، بایەکی سارد تێکەڵ و پێکەڵ لوولی دەدا.

خەڵکی دێ گرمۆڵەی ساردیی زستان بوون. بڕێک لە سەرما

کەپوویان وەک تەماتە سوور هەڵگەڕابوو. ئەوکە و دەستەکەی فەرەنجی سەرتاپایان لەبەر کردبوو بەسەریدا ڕەزنیان سفت و سەخت بەستبوو سەروملیان بەمشکی و جامانی هەڵپێکابوو.

ئەوکە لە پێشیانەوە گەیشتە کوێخا؛ سێ چوار جار دەست ماچانیان کرد، ئەوانی تریش هەروا. ئەوکە ڕەحمانی دی ڕاوەستابوو. بەدەنگی بەرز وتی:

– دەست خۆش خاڵۆ ئەلی مەگە ئەلی تەیب شوخییە؟

کوێخا ڕوو بەهەمووان:

– فرە ساردە، با برۆینە ماڵەوە.

لە ناوەڕاستی دیوەخانەکەی کوێخادا بەرمیلێکیان کردبووە سۆبە و لوولەکەیان لە دیوار بردبووە دەرەوە؛ پڕی پڕ بوو لە سکڵ و پشکۆی دار بەڕوو.

کوێخا یەک دوو جار وتی:

– ئەحمەد! ئەحمەدە! ئەگەر چایی ئامادەیە بیهێنن. ڕوو بەئەوکە وتی:

– خۆتان بکەنەوە؛ دەست و پاتان بدەنە ئاگر. ئەمڕۆ. فرە ساردە.

ئەوکە وەڵامی دایەوە:

– کزەکەی ئادەم ڕچنت. ناوگەڵمان یەخ یەخ کردییە، ناچار ئاگر کردینەو تا دەست وە ئاو برەسنین.

هەمووان پشتیان کردەوە، تفەنگەکانیان لە سووچدا هەڵواسی. بەسەر سۆپاکەوە دەست و گەڵیان دەدایە گەرما. ئەوکە لای کردە لای کوێخاوە:

- خـەیلـی زەمـانە ئەی جـور سـەرمـا نەدیمە، سـەی ئادەم بچـڕنت.
کوێخا بانگی کرد:

- ئەحمەد! ئەحمەد! کوتەرەدار بهێنن.

ئەحـمەد بەسـینی و پیاڵەوە هاتە ژووریٚ یەکێکی دی قۆری و کتـری. کتـری و قوریان خسـتە سـەر سۆپا. بەچایی تێکردنەوە خـەریک بوو کوێخا وتی:

- ئەی کوتەرەدار؟

- نامیق خەریکیەتی، وا هێنای.

هەمووان چایان خواردەوە. گەرم بـووبوونەوە. کوێخـا ڕەشید هـەڵسا بڕواتەوە بۆ ماڵ، کۆیخا نەیهێشت و گلی دایەوە.

ڕەحـمـان بیٚ دەنگ و خـامـۆش دانیـشـتـبـوو؛ هیـچ جـۆرە شـادی و سەرحاڵییەکی پێوە نەدەبینرا. یەکێک لە تاقمەکەی ئەوکە لە سەر یەکە چەندجار کۆکی. عەلی تەیب وتی:

- وەرە لامـەوە با ناودەمت ببینم. هەسـتـا و لە بندەست عەلی تەیبدا چنچکەی دا و لێی دانیشت. عەلی دەستی گرت و وتی:

- کەمێک گەرمی. ئادەی دەمت بکەوە. کابرا دەمی کردەوە. عەلی هیچی نەدی، بەکابرای بندەستی وت:

- ئەو لۆکسەم لیٚ نزیک کەرەوە. ڕووی کابرای ڕوو بەلۆکس گرت و تۆزێک ڕاوەستا و وتی:

- قورگت هاتووەتەیەک؛ سـەرمات بووە دووسیٚ ڕۆژێک دەخایەنێت. با ئەم یەک دوو ڕۆژە سەرما لێت نەدا. باشترە.

ئەوکە ڕوو بەڕەحمان:

– زانی سەروان عەزیزی کوێخا ئەڵماس دارکاری کردییە.

– مەویش؟

– وە ئەلی وە ناو کانی تووا وەبەرچاو تەواو مەردمە و خاسی خاس کوتایەسەی.

– وا بچت شـــەڕواڵ وەپای ژنیـــەلمان کـــەنت. ســـەگ هـاریگە و مەرەخەسی کردنەسە ناو مەردوم.

– قەی نەیرت، سەگ هار چل ڕوژ عومر کەت.

– چل ڕوژ چە؟ یە چل مـــــانگە تەواو مـــــەردوم داڵەهو و زەهاو خەسانییە.

– ئیشم سەگ هار چل ڕوژ عمرکەت؛ یانی چل ڕوژ. یا منیش چو ئەو ناموس نەیرم.

نانیان هێنا و نان خورا. چاییش خورایەوە. ئەوکە ڕوو بەکوێخا وتی:

– زانی ڕەحمان دەنگ فرە نازداری دیرت. هورەیی چڕت. نیشتە دڵ. تەمورەش خاس ژەنت.

– وەڵا ئێمە هیچمان لێ نەبیستووە.. ئەمە بیست و یەک ڕۆژە لەم دێیەدایە.. دەنگی لە دەم وەدەر نەهاتووە. کاک ڕەحمان بەخیلیمان لێ مەکە..؟

ڕەحمان سووربوویەوە.

ئەوکە:

– خەجاڵەت نەیرت دەمی بچڕە.

خەڵکەکە تەواو چاویان بڕییە دەست و دەمی ڕەحمان. ڕەحمان

کەمێ جوولا. بەناچار دەستی خستە بناگوێی و دەستی پێ کرد:

وەک دیـــوانـــە وە دەشـــت و چـــۆڵـــم
غـەم وەک داڵەهو نیـشـتـیـە وە کـۆڵم
یە چ دەردی بـێ دوچـارم کـــــــردی
هەرچی کـە داشـتم وە یەغـمـا بردی

ڕەحمان بەسۆزێکی واوە دەیچڕی. هەمووانی خستە نێو داوی بیر و غەمە پەنگ خوراوەکانی نێو دەروونیانەوە. بەڵام کەسیان نەدەگەیشتنە خەرمانی غەم و نائومێدی ڕەحمانا. دەروونی گڕوگڵپەی لێ هەڵدەستا، ئاگرێک لە ناخیدا بڵێسەی سەندبوو. بۆ کروزی ناخی گەیشتبووە لای فریشتەکانی ئاسمان. کە تەواوی کرد هەموان پێکەوە دەمخۆشییان لێ کرد، دووبارە فەقێ ڕەشید و عەلی تەیب هەڵسان بڕۆنەوە، کوێخا دایانی نایەوە و وتی:

- مام عەلی دەتەوێ بۆی دەرچیت و سەرگوزشتەیەکی خۆتمان بۆ نەگێـڕیتـەوە. بەخـوا بەخـوا لەم دیوەخـانە وەدەر ناچیت تا یەک دوو ڕووداومان بۆ باس نەکەیت. ئینجا ڕوو بەئەوکە وتی:

- ئەم خاڵۆ عەلییە کارەساتی سەیر سەیری بەلاوەیە.

مام عەلی تیمارکەر و حەکیمی باش بوو؛ بەڵام کە بهاتایەتە قسەوباس نەیدەبڕیەوە.. تۆزەکێکیش حەزی لە درۆ و خۆ هەڵکێشان دەکرد؛ چوار مشقی دانیشتبوو تەزبیحەکەی جووت جووت دەژماردو سەری بەرز کردەوە و وتی:

- ڕەنگە زۆربەی زۆرتان ناوی بارام بەگی سـەی سـایەقـتـان بیستبێت. کوێخا و یەک دوو کەسی تر وتیان:

- ئا بیستوومانە.

– ناردی بەدواما ڕۆیشتم سەیرم کرد تەختی زەوییە.

جـــووڵەی لێ بڕابوو؛ بـەدەست ئـەمــدیـو و دیوی دەکـــەن. دەینـالاند بەهەناسکە بڕکێوە وتی:

– مـام عـەلی فـریام کـەوە، دکتـۆرەکـانی سـولێمـانـی هیـچیـان بەهیـچ نەکرد و هـەر وەک خـۆم وام، ژان دەمبڕێت، هـاواری لـە کلۆکی دەکرد. کە ڕووتم کردەوە و پەنجەم خستە سەر ژانەکەی زانیم چییەتی.

وتم.. گایەکم بۆ بهێنن.

بارام بەگ وتی:

– کۆرە دە گایشت دەدەمێ بەمەرجێک چارەم کەیت!

وتم:

– گام دەوێ.. تا تۆی پێ چاک کەمەوە، قوربان!

بارام بەگ سەرسامانە وتی:

– گا چ پەیوەندییەکی لەگەڵ کلۆکی مندا هەیە؟

وتم:

ـــ میرم هەیەتی، یانی هەیەتی.

دەبڕۆن بـۆم بهـێـنن. گـایـان هێنا و داوای تـوورەکـەیە خـوێم کـرد و خـوێیـان هێنا و خـوێم خـسـتــە بەر گــا. گـا خـواردی و خـواردی و خواردی. زۆری نـەخایاند گـای بەسـەزمـان بەچاویا دیار بوو تینوویەتی تەنگی لێ هـەڵچنیوە. دووبارە خوێم خستـەوە سەر سینی و گا تـەواوی خـوارد و سینی لێسـایەوە. گام بەسـتـەوە. سەعاتێک و دوو سیان. گـا لەخـۆیـەوە دەیقـۆڕاند. دەمــزانی بەئـەندازەیەک تینوویەتی تەنگی لێ هەڵچنیوە، لە حەیوەتدا دەقۆڕێنێت.

خەڵکەکە حاڵی ئاشوفتەی گایان دەدی، پێیان سەیر بوو دەیانوت:

– ئەم کـــابرا هـاتووە گـــایەکی بێ چارە وا لێکا. یان بارام بـەگ تیـمـارکا؟ گـوێم لەو توڕڕەهـاتانە نەبوو. ئێـوارە وتم گـام بۆ بێنن. گـا کـەفی دەچەڕاند؛ کـەف لە دەمـیـا بووبوو بەشـریس. فـەرمـانم دا گوریسێکم بۆ بهێنن هەروەها بەگ و گام بردە سەر جۆگەی ئاو بەهەر دژوارییەک بوو بەگم خستە سەر گاوە. لە ژێر سکی گاوە هەردوو پای بارام بەگم توند تـوند جـەڕاند بەشێوەیەکی وا سفت و سەخت تویژی پای بـەگ زوربەی دامـاڵیـا. گـا هۆشی بەخـۆیەوە نـەبوو. پەریشـان جاروبار دەیقۆڕاند. ملی دەنا و ڕانەدەوەستا. بۆنی نمی جۆگە و ئاوی دەهاتـە لووت، قـۆڕانـی زۆرتر دەبوو. کـــە ڕوانیم گـا چـە ئەنـدازەیەک تینـوویەتی پەریشـانی کـردووە و خـەریکە بەلادا دێت، پای بەگ چەڕاو بەسـەر گاوە. گا، قۆڕەقۆڕ شێت و شـەیدای دڵۆپێک ئاوە. گـام هێنا و خستمـە بەر جـۆگـەی ئاوە. ئاوی خـواردەوە، خواردی و خـواردییەوە.. بارام بەگ دەینالاند وتم:

– مـیـرم ئەگـەر دەتەوێ چاک بیـتـەوە دەبێ بەرگـەی ژان بگـریت. دەتەوێ چاک ببیتەوە؟

خـوا هەڵناگـرێ؛ مـەردانە بەرگـەی ئێش و ژانی دەگـرت؛ دەم دەم دەیوت:

– تۆ چاکم کەرەوە و ژان لەسەر من.

سەرتان نەیەشێنم.. گا ئاوی خواردەوە و خواردییەوە.

سکی تا دەبوو دەپەنما. پای بارام بەگیش هەرچی پێشە و گۆشت و ڕەگ و دەماری هەیە ڕادەکێشرا؛ بەڵام ئارام ئارام ملیمەتر بەملیمەتر. بەگ بەسـەر گاوە. جوانـاوی ژانـی دەڕێژاو هاواری نەدەکرد گـایش لە

خواردنەوەی ئاودا بەردەوام و بەردەوام سکی ئاوسا و ئاوسا. منیش لە بندەستی ڕانی بەگدا چاوەڕوانی خرتە بووم. خەریک دەبووم بەرەو پەریشانی و نائومێدی بڕۆم.

چاوەڕوان و چاوەڕوانی چرکەیەکی کاتژمێر، چاوەڕوانی خرتەی دوپێشەی تەرازاو. بەگ تادەبوو ئازاری زۆرتر دەبوو. لەپڕ گوێم لە خرتەی سحر ئامێز بوو. بەگ بەسەر گاوە دوو زەلام دوو بندەستیان گرتبوو.. لە ژانا سەری لار بووبوویەوە. ژمیراو وتی:

– سەد ڕەحمەت لە باوکت! بەسە گیانم دەرچوو، لە ژانا مردم.

وتم:

– نامری ئیشەڵڵا. تەواو.

– چی تەواو؟

وتم:

– تەواو یانی تەواو. کلۆکت ڕۆیشتەوە جێی خۆی.

وتی:

– تۆ بڵێی..؟

وتم دایگرن.

لەسەر خۆ و ئارام بارام بەگیان لە پشتی گا داگرت. گایش بەئەندازەی ڕەشکە کایەک ئاوسابوو، ئەوەندە ئاوی خواردبوویەوە. بەگ لەسەر پای خۆی وەستا.. وەک منداڵێکی تازە پێ گرتوو یەک دوو هەنگاوی نا، دوو زەلامیش بندەستیان گرتبوو. لە خۆشیدا منداڵانە دەستی بەگریان کرد. ئەمە ئەوە. ئێستا دەتوانین مەرەخەس بین. چاوەڕوانی وەڵام نەبوو هەڵسا و فەقێ ڕەشیدیش بەدوایدا.

مایەوە سەر کوێخا و ئەوکە و ڕەحمان و دەستەکەی. کوێخا ڕوو بەئەوکە وتی:

– خۆ دەزانی بۆچی ناردوومە بەدواتانا؟

– زانم؛ وەلی خاس نا.

– سبەی بەیانی قەتارێک چایی قاچاخ لەوبەرەوە بەسەرتەک دا دەپەڕێتەوە و دێتە خوارەوە. قارکیان لە گەڵدایە پێم وایە چل ولاخێک دەبن. ئەگەر لە دەربەندی "دەڵەشێر"دا بۆیان دامەزریەن وەک مریشک دەست دەخەنە سەریان. لاشم خۆشە کارەکە بێ کوشتاربێت؛ مەگەر ناچاربن. هەشتا سندوق چای ماڵێکی زۆرە. گوێلێکی لە من حەرام بێت هەر هەمووی بۆخۆتان.

ئەڕا نیم.. نیم نەوت..؟

– نە من هیچم ناوێت ئەوەم بەسە سبەی خاوەنەکانی وەک سەگ لەم بەردەم ماڵەدا دەلالکێنەوە. ئەوە بۆمن فرە زۆرە.

ـ ئیشی، ئەگەر خوا کردیە نەسیب بیلینە و نەفروشنەی؟

– پەلەی لێ مەکە.. تا شەش حەوت ڕۆژێک ئەگەر سەرو کەللەی خاوەنەکانی پەیدا نەبوون، ئاوای کەو بیفرۆشە؛ بەلام لام وایە دەکەونە کەوش ماچکردن ئەو حەلە باجی خۆتانی لێ دەسین.

– توام بزانم ئەی قارک ناوە کۆینەیس و چکارەس؟

– منیش باش نایناسم بەلام وابزانم خەڵکی ناوچەی "بنکورە"یە. ناوی قارەمانە و چەتەییشی کردووە. یەک دوو جاریش لە شەڕ و شۆڕدا بریندار کراوە و تۆزێکیش بۆی دەشەلێت.

– توای بکوشمەی؟

– ئەگەر ناچار نەبوویت، مەیکوژە.

ـ یانی وەی خەوەرانە، بایەت وەعەسرە و برەسنە دەڵەشیر.

– پێم وایە.

– ئەگەر شەوەکی تاریکەولیلّەکە نەکەفینە ڕێ، نارەسین؛ ڕای دوورێکە.

ڕەحمان وتی:

– پا هەڵگرین. ڕەسین.

– توکە وەڵانا نیەتیت.

– وە ئەلی مەگەر بکوشنەم. وەیللا تیەم. مەگەچە؟ ئەوە خاڵو ئەلی لەلی بپرس، بزان چەیشت. ئەوە کوێخا... ڕوو بەکوێخا:

– مەگە عەلی تەیب نەوت خاس خاس بوویتەتەو؟

– با وتی. ئەوەشی وت.. نابێت زامەکەت بکولێتەوە.

ـ ئەرا کولێتەوە، نیەکولێتەو. وە سەی براکە نەکوشنەم وەلتانا تیەم.

کوێخا ڕوانی ڕەحمان ورکێکی منداڵانەی گرتووە و سوورە لەسەر ڕۆیشتن، وتی:

– با لەگەڵتانا بێت، وانازانم تووشی دەردەسەر بێت.

مەجید باوەجانی چاوساقی هەوروهەڵاو بەفروباران و تۆف بوو، ئەوکە پێی وت:

– بچویە نیگای وەئاسمان بکە، بزان چەیشت؟

مەجید ڕۆیشتە دەرەوە، زوو هاتەوە وتی:

– هەور بەئاسمانەوەیە، پێم وانییە هی بەفروباران بێت ئەوکە ڕووی کردە هاوڕێ نەخۆشەکە و وتی:

– تو شەوسو وەلانا نیەتیەیت. وەیرا منیت تا تێمنەو.

– ناو منیش تیەم.

– وەتم نیەتیەی، یانی نیەتیەی. ئەی جور قینە کار وەدەست ئیمشەو دەد ئەر بەش نیگرانی نیەتوات بەشت خەمە لاوە.

دەمەو بەیان لە دێ وەدەرچوون. ئەستێرە بەئاسمانەوە لە جریوەدانا بوون. ڕیزی حەوت کەسەی ئەوکە. بەرەو خوار تەکانیان دەدا بێ دەنگ، بێ ورتە و خامۆش. ئەوکە هەر لە سەرەتاوە نمی غەم و پەژموردەگی لە ڕوخساری ڕەحمانا وەدی کردبوو. هەرچی دەکۆشا پەی بەقوولایی دەروونی بباو سەر لە دەردەسەرەکەی وەدەر بهێنێت، نەیدەتوانی. ڕەحمان لە دوایەوە تەکانی دەدا بێ ئەوەی لا بەلایەوەکا وتی:

– تو نایەشی چەتە؟ چمانە کوە داڵەهو کەفتیەتە کوڵت بیشەرام چە لەلیت قەومیایە؟

– ئاغا ئەوکە، هیچی. بیلەم، پیلەم وەدەرد خۆمەو.

– دەرد..؟ دەردت ئەگەر زەخمی بوونت بوو، تەواو. وا خاس بوویتەتەو.

– زەخمی و مەخمی بوون وەفکرم نەمەنییە دەرد من دەردیگە بی دەرمان.

ڕەحمان ڕاوەستاو ئەوانی تریش ڕاوەستان. ئەوکە خوڕیە برادەرانی:

– بچنە ڕیوە، ئیمە وەنواتانا تیەین.

مەجید باوەجانی کەوتە پێشیان.

– ئیرنگە دەردت ئەڕام بیشە. زوو، وە باوەیادگار وە زووی

نەیشـتـیەی یە گـوللە کـەمـە قـوربانت. ئەوکـە لوولەی تفـەنگەکەی ڕوو بەڕەحمان گرت.

– جـا کـەیتـەی؟ ئەگـەر توای بکوشـیـتـەم خـەلاسم کـردیتـە توڕا وە هەرچی ئاین هەس بکوشەم.

ـ یەتیم خراو لە لیت قەومیایە.. چییە دق وەپیم کردی؟

– توای چەبات؟ من نەمـەنیـمـە، سـوزیامـە. ئەگـەر وەدادم نەڕەسی حسـاوم تەواو بـییـە. بڕەس پیم. دوێتـەی فـەقی ڕەشـید کـوشـیـەسـەم. بیمـەسـە قـەقنەس، هیـچی ئەڕام نـەهیـشـتـیـە. نەخـەو دیرم، نەخـوراک وەدادم بڕەس ئاغا ئەوکە.

– کامیان ڕابە یا سەبە؟

– سەبەیان..

– ئەی داد و بیـداد. دەرد فـرەییگە. فکر نیکـەم کـار ئاسـانی وت تو تایفەو ئەو سونی مەزهەو؛ فرە مەرافە دیرت، مەگەر...

– مەگەر چە؟ تورا بەدینت فکری ئەڕام بکە؟

– مەگەر دەست وەدینت هەڵگری و بایتە سونی مەزهەو.

– ئاغا ئەوکە تو چەیشیت؛ حـازرم بمرم. ئاین گشت ئاین خـوایە چ تایفە، چ سونی چ شیعە، چ گاور.

– یانی حازری بایتە سونی مەزهەو.

– حازرم بکوشنەم و سەبە وە دەست بارم.

– یە باسی ترە. فکرنیەکەم سەختگیری فەریەک بکەن.

فـەقێ ڕەشـید پیـاو خـواناسیگە. ئەی دوێتـە چە، وەی کـەین و بەینە زانت؟

- وەلیا قسەکردمە.

- بیلە ئیوارە قاڵ قارک بخەفینیم. خەیاڵت ڕاحەت وت یە ڕایی ئەرایش پەیدا کەیمن و سەبە خەمە باخەلت.

ڕەحمان منداڵانە دەپانزە جار دەست و ڕووی ئەوکەی ماچ کرد و بەدەم دەست ماچکردنەوە، دەیوت :

- تا مرم خاک ژیر پاتم و نەوکەریت کەم.

ئینجا ئەوکە کەوتەوە ڕێ و وتی:

- پا بخە، با بڕەسینە ڕەفیقەلمانا. ئاسمان ڕۆشن بووبوویەوە. زەردەی هەتاو لە پشتی چیای داڵەهۆوە بەرەو سووریی دەچوو. بۆنی خوێنی دەدا، ڕەحمان وتی:

- کا ئەوکە بیلە با دەمی هورە ئەڕات بچڕم. ئەوکە هەروا تەکانی دەدا؛ وتی:

- دەی.

ڕەحمان لە دوای ئەوکەوە تەکانی دەدا؛ دەستی خستە بناگوێی و چریکاندی:

شەنگ خانەی پشتت پڕی وە شەنگە
چاوت لە دوژمن دەستت وە جەنگە
کردیان وە سەردا دو تەل ماوی
بەگزادە لە جاف خان لە سنجاوی
دیوەخانەکەت فەرشە لە قاڵی
میوان هاتیە ئەکبەر خان والی

ئەوکە لای کردە لای ڕەحمانەوە وتی:

- ئەی چڕینە وەل چڕین شەوا زەوی تا ئاسمان فەرق دیرت.

ـــ ئەزانی بۆ؟

– بیش.

– یەک دنیا ئومیدوارم کردی. مەگە ئومیدەواری شوخییە؟

– پا بخە.. ئەوەسا ڕەسینەتە دولەدیودیو. نیوەی چیای زەمناکو گوم بوو لە هەڵما.. حەوت چەکدار هەنگاویان دەنا عەرەق ناو پشتیانی نمدار کرد بوو. هەر یەکەیان بەهەوا و هەوەسێکەوە کەوتبوونە دەشت و دەر: بڕێکیان لە ڕووی ناچارییەوە و بڕێکی تریان لە ڕووی خۆخسڵەتی توندوتیژی و دڕیەتییەوە. نیوەڕۆ گەیشتنە دامێنی دۆڵ و دەربەندی دەڵەشێر و گورجانە لە دوو لای دەربەندا سەنگەریان گرت و چاویان هەڵخست بەرەو دابڕانەکەی. سەرتەک بەقەبرغەی بەمۆوە وەک زامێکی گەورە دەنوا لە لەشی ڕاکشاوی چیای بەمۆوە. ڕێگە پێچ پێچەکەی نێو دابڕانی سەرتەک، وەک ئەژدیهایەک بەسەر لەشی بەمۆوە داکشابوو. هەر جووڵانەوەیەکی پێوە دیاربوو. چەکدارەکانی ئەوکە چاویان بڕیبووە دابڕانی سەرتەک؛ تفەنگ لەباوش، هوشیار و ئاگادار و چاوەڕوان هەریەکە کارێکی پێ سپاردبوون. پێیانی ڕاگەیاندبوو کە گوێ لە قسەکانی کوێخا مەدەن، ئەم کارە بێ کوشتن سەرناگرێت؛ مەگەر هاتووین مریشک بگرین یا کاوڕ بکەینە کۆزەوە. ڕای گەیاندبوو لە دەستڕێژی یەکەمدا قارک بکوژن؛ ئەو بکوژرێت شیرازەیان تێک دەچێت. ئەگەر تەسلیمیش نەبوون هەرچی تەقەی کرد بیکوژن؛ دەست نەپارێزن. لە بیرتان نەچێت قارک سواری ئەسپێکی شێیە. ئەو کوژیان، نیوەی کارە.

بێ دووکەڵ و جگەرەکێشان لە سەنگەرەکانیاندا چاوەڕوان بەدوولای دەربەندا لە پشتی گابەردەوە مەلاسیان دابوو. ڕەحمان لە نزیکی

ئەوکــەوە ســەنگەرێکی پێ ســپــێــرابوو. ئومـێـد و ئارەزوو لە دڵ و دەروونیـدا شـەپۆلی دەدا. ئەوکـە دڵ گەرمـی کردبوو. هـەوای بەدەست هێنانی سەبری باوەڕ بەخۆبوونی چەندین بەرانبەر کردبوو.

دەربەندی دەڵەشیر کەوتبووە نێوان دوو لووتکە و زنجیرە چیایەکی تیــژ و تـاش تاشـی شـــان بەشـــانەوە. ئەو گــوزەرگـــایە بەڕێگەی هاتوچۆیـەکی مـێژوویی دەژمـێرا لە نێـوان ڕۆژهەڵات و کوردوسـتـانی خـــوارەوودا. لەیەک دوو جــێگەیدا بەئەندازەیەک تەنگەبەرێکە تەنگ دەبێـتـەوە، تەنـهـا سـوارێکی پیـا دەگـوزەرێت و بەدوولایدا سـەنگەری سروشـتی دەستی پەروەردگار سازاندوویەتی. ئەگەر چەکدارێک تیادا سوور بێت لەسەر شەڕ کردن، بەدژوار هەڵدەکەنرێت.

ئەوکە دووربینی ڕوو بەسەرتەک هەڵخستبوو. لەژێر لێوەوە وتی:

– هـاتن. دەی... دەی بان.

دووربینی شۆڕکردەوە بەملیا، ئاماژەی کرد بۆ مـەجید باوەجـانی و هاوڕێکەی تێی گـەیاندن وا بەریان لە سـەرتـەکـەوە دەرکـەوت و بەرەو خـوار دێن و دێن. پێی ڕاگـەیاندبوون کـەس دەست نەکـاتەوە، بۆخـۆی پێش تەقە دەبێت و ئەوانیش بەدوایدا دەست پێ دەکەن. سێ سوار لە پێشی زەوارەوە دەهات. چەند چەکداری دیش لە دواوە دەهاتن. قارک، دەربەندی دەڵەشیری دەناسی و چەندین جار پیادا هاتوچۆی کردبوو. ترسیشی لە هیچ لایەک و هیچ کەسێک نەبوو، بۆخۆیشی بەڕابوردووی خۆیشیا دەینازی و سەد مەترێکی مابوو بگاتە چەقی دەربەند، تفەنگی لە شـانی کردەوە و خـستیـە سـەر کـەڵپوزی زینەکـەی. ئەسپـە شێ. هاتبووە پرمەو چەپوکان، ڕێچکەی هێسـتـر و باریش بەدوایدا. قـارک گەیشتـبـووە چەقی تەنگەبەری. سـەنگەرگرەکان.. هەناسـەیان لە خۆ بڕیبوو.

قـارِک لە چەق تێـپـەڕبوو، لە پێـشـەوە دەچوو. ڕیزی هێـسـتـر و چەکدارەکان هەموویان هاتبوونە نێو دەربەندەوە. ئەوکە کەللەی سەری قارکی خستبووە نێو قەرەوڵەوە. ئەوانی دیش هەریەکەیان چەکدارێکی دی. ئەوکە پەنجەی بەپەلەپێتکەدا هێنا و قارک لە ئەسپ لاربوویەوە. تەقەکەی ئەوکە چەندین جار لە نێو دەربەندا تەقییەوە و دەنگی دایەوە، لە هەر چوارلاوە زەوار درایە بەر تەقە. دەستڕێژەکە بەئەندازەیەک کتوپڕی و غافڵگیرانە بوو چەکدارەکان نەیانپەرژایە سەر بەرانبەرکی؛ بەتایبەت کە پێکانی قارکیان دی، ئەندازەی شپرزەییان زۆرتر و سەرلێشێوانیان دیارتر. قارک یەک پای لە ئوزەنگیدا گیری کرد و ئەسپە "شێ" تەرمی ڕادەکێشاو تەرمی بەدوای خۆیەوە دەدی ئەوەندەی تر دەسڵوکیەوە و شاخی دەکرد.

بڕێک لە هێسترسوارەکان کۆشان بەرەو دوا بگەڕێنەوە لەلاو دواوە درانە بەر تەقە.. بەناچار بار و هێستریان بەرەڵا کرد و هەر یەکە لە ترسا خۆی فڕێ دایە بن بەردێکەوە. هێستر و ئەسپی باردار و بێ سوار بەدەربەندا گۆزەران. تفەنگ بەدەستەکان خۆیان هاویشتبووە بن بەردەوە و بزانن لە کوێنەوە تەقەیان لێ دەکرێت بەرانبەرەکانیان لە کوێنەدان.

ئەوکە تەقەی بڕییەوە بەو سەربانەوە قیڕاندی:

– نیەتواین بکوشینتان. وە ئاین ئەگەر وەبی تفەنگ وەپشت ئەو بەردانە بانەدەر هیچ لەلیتان نیەکەین. یەکێک لە چەکدارەکان خراو بریندار بووبوو، مابوە سەر سێ چەکداری تر.

یەکێک لە چەکدارەکان وەڵامی دایەوە:

– کێ دەڵێت ڕاست دەکەن؟

ئەوکە دووبارە قیڕاندی دەنگی لە دەربەندا دەنگی دەدایەوە وتی:

– وە باوەیادگار وە شەرەف هەرکەس شەرەف دیرت کار وە پیتان نەیرین. بار و ماڵ بووەسە هی ئێمە. ئەگەر توان سەر وەسەلامەت بوەنە دەر بی تفەنگ ڕاست ڕاست بانەدەر.

ئەوانەی بێ چەک بوون هاواریان لێهەڵسا دەیانوت:

– تەقەمان لێ مەکەن.. ئێمە نەسەری سیرین و نە قنچکی پیازین؛ چارەوەدارین و بەس.

ئەوکە وتی:

– خەیاڵتان ڕاحەت وت بانە دەر و بچنە ڕیتانەو. وردە وردە لەملاو لاوە چارەوەدارە بێ چەکەکان لەبن بەردەکانەوە هاتنەدەر.

ئەوکە دووبارە قیڕاندی:

– لەیەک نزیک بانەو.

مایەوە سەر سێ چەکدارەکە. قارک لە تەقەی یەکەمدا کوژرابوو؛ ئەسپەشێ پەلەکێشی کرد و بەدوای خۆیدا لە دەربەند وەدەری بردبوو.

یەکێک لە چەکدارەکان بە دوو هاوڕێکەی وت:

– با تامولْ کەین تا شەو داتیەت. ڕەنگە بتوانین لەیرا دەرچین.

یەکێکیان وتی:

– ئەی سەمین چی لێکەین؟ مەیتێکە؛ ئەومان چۆن بۆ دەردەچێت؟

– چووزانم. شەڕە و دەبێت سەری لەبەر وەدەربهێنین.

کابرا بەتووڕەبوونەوە وەڵامی دایەوە:

– ڕەنگە بەلای تۆوە سەمین گرنگ نەبێت. بەحەیانەتی حەی قەسەم تا گەرمی لە گیانما بێت بەجێی ناهێڵم. جگە لە ئەوەی سەمین

ئامۆزامە، وەڵامی ناتور و چاو داخستنیی خەڵکی چی بدەمەوە؟

- باشە، کێ دەڵێت نامانکوژن؟

- ئەمانە پێم وانییە دەستەودایەرەی مەلا حیلمی بن. ئەوان نە گەردەنە گیرن و نە وا بێ ڕەحمانەش خەڵک دادەپلۆسن.

- وا بزانم گیری "ئەوکە شامار" هاتووین. بێ ڕەحمێکە بۆخۆی خوا هەقە! ئەم دەردەسەر و گرفتارییەمان بەختەتای قارەمانی دەزانم. چەند کوێخا مەحموو ڕایگەیاند کە وا نابێت و ناکرێت. بەبەر دەستماندا دێن و دەڕۆن وەک وابێت بەڵمە برنج بن. قارەمان هەر وەڵامیشی نەدایەوە؛ ئەوەسا شەقەیان لێ هەڵساندین و کۆڵەواریان کردین. چی دەڵێن لەگەڵیانا بکەومە گفتوگۆوە؟

ئەوی پێشنیاری شەو ڕاکردنی کرد. تۆزێک مات بوو کەوتە بیرەوە و وتی:

- بیرێکی خراو نییە.

- ئاخر کە چووم و دوام لەگەڵیانا و داتان لەژێری قسەکانم، خۆ وەک کارە کۆرپە سەرم دەبڕن.

- دڵنیابە.

- دڵنیای چی بم؟

- وتم دڵنیابە.. ئەوەندەش نامەرد نیم.

کابرا پڕ بەدەم قیڕاندی:

- وا دێمە دەرەوە تەقەم لێ مەکەن.

فایەق بەبێ چەک لە پشتی گابەردێک هاتە دەرەوە، لەو سەرەوە تێیان خوڕی:

– دەستەیلت بخە بان سەرت و بەوە ئەیلاترەو؛ وەلای ڕاسا.

فایەق moo بەموو بەگوێرەی قسەی کابرا جوولا. لەولاترەوە دەدوانزە چارەوەدار تۆپەڵیان کردبوو، دووسێ هێستری بەبارەوە لەولاترەوە دەجوولان. فایەق ڕۆیشت و ڕۆیشت تا کەوتە پێچپیەکەوە نوقم بوو.

خەڵکە تۆپەڵ بووەکە و هاوالەکانی فایەق هەروا چاوەڕوان بوون... سووراییی خۆرئاوا یەشتا بەئاسمانەوە دەبینرا. فایەق دووبارە وەدەرکەوت و گل بوویەوە بەرەو لای هاوەلانییەوە وتی:

– لەوەی دڵنیام نەک هیچمان لێ ناکەن، بەڵکو هەر لەیراوە مەرەخەسمان دەکەن.

ڕەسووڵ وتی:

– جا ئەیکەن؟

– ئا دەیکەن. بەلام بێ تفەنگ.

– یانی بێ ئاوڕوویەکی هەتا هەتایی، من شتی واناکەم. کابرای هاوڕێی تری وتی:

– من دەیکەم، خۆ ئێمە سەرپەرستی ئەم قەتارە، نەیوینە قارک بوو، کوژیا. چارەیەترمان بەدەستەوە نییە.

فایەق ڕوو بەڕەسووڵ وتی:

– یانی نایەیت؟ هەر نایەیت؟

– نا نایەم ئەوی تفەنگ لە من دەسێنێ، یەشتا لەدایک نەبووە؟

– پیاوی چاک بەو ملهۆڕی مەکە، وامەزانە لێت ڕادەوەستن. باوەڕ بکە هەر ئێمەت لێ دوور کەوینەوە پەلامارت دەدەن.

– دەزانم. ئەویش دەزانم دەکوژرێم، قەینا. بابمکوژن؛ بەلام مەردانە دەکوژرێم.

– ئاخر فکرێک لەو خەڵکەش بکەرەوە، ئەگەر لەو چەتانە بکوژرێن. ڕەنگە دووبارە بکەونە دوامـان و بمانکوژن. ئەمە هەمووی لەبەر تفەنگێک، یا دەتەوێ بڵێی لە ئێمە ئازاتر و پیاوتریت؟

– هەرچۆنێکی لەیەک دەدەیتەوە و بۆی دەچیت ئازادی. من کەسێک نیم خۆم بدەمە دەستەوە؛ مەگەر پیاو چەند جار دەمرێت؟

ئەوکە دووبارە قیڕاندی:

– ها درەنگە! حەوسەڵەم نەمەنییە، باینە دەر؟ فایەق نواڕی دوان لەگەڵ ڕەسووڵدا ئاسنی ساردکوتانە نەڕاندی:

– وا هاتینەدەر. هوشیار بن تەقەمان لێ مەکەن.

ئەوکە قیڕاندی:

– تفەنگەکانتان تووڕ دەنە لاوە.

فایەق تفەنگی کابرای بریندار و هاوەڵەکەی و هی خۆی گرتە باوشەوە و لە بن بەرد وەدەرکەوت. یەک هەنگاو دوو ڕۆیشتە پێشەوە، هەرسێکەی لە زەویدا دانا.

گەڕایەوە لای سەمینی ئامۆزایی بریندار لەسەر گازەرەی پشت کەوتبوو بەیارمەتی هاوڕێیەکەی دای بەکۆڵیا و لە ڕەسووڵ دوورکەوتەوە.

ئەوکە دووبارە قیڕاندی:

– یاروی تر چە؟ مەگەر نیەتوات نەفەس بکیشت؟

فایەق قیڕاندی:

– جارێک تەقەی لێ مەکەن تا دێمە پێشەوە.

ئینجا ئەوکە ڕوو بەخەڵکە کۆمەڵ بووەکە قیڕاندی:

– ئیوه.. ئەرا جمه نەیەکەن: بانه نوا. ئەگەر تفەنگ مفەنگ دەوانچە وەپیتانه. بیشن.

خەڵکەکە لەگەڵ فایەق و هاوڕێکەیدا هەمووان هاتنە پێشەوە. یەک دوانێکیان ڕۆیشتنە یارمەتی فایەقەوە. ئەوکە هەر دەیوت. بانە نوا. دەی بان و بان. ئەوکە دەیویست لە تەنها چەکداری بن بەردا دووریان خاتەوە.

ئەوکە دیسانەوە ڕوو بەچەکدار وتی:

– ئەگەر وەهەوای تاریکەوە مەنیتە، وەسەی براکە حەفت باڵ وەپیت بات شکنمەی. ئەڕا مەگە شوخییە؟

فایەق قیڕاندی:

– بیکەن لە ڕێگەی خوادا لێیگەڕێن با بەتفەنگەکەیەوە بڕوات.

– نا نیەوت. یا بایەت بێ تفەنگ یا هەرچی توانت بکاتەی. تا دە حساو کەم، هاتیتە دەر، ئەمان دیریت نەهاتی مەیل خۆتە.

وتی:

– یەک.. دوو.. سێ لە ژمارەدا بەردەوام بوو تا هەر دەکەی تەواو کرد. لەگەڵ تەواوبوونی ژمارەدا دەستڕێژ دەستی پێ کرد. ڕەحمان لە سەنگەر وەدەرچوو. کۆشا پشتی لێ بگرێت؛ دەستڕێژ ڕوو بەڕەسووڵ بەردەوام بوو. ڕەحمان لە ڕەسووڵ نزیک بووبوویەوە. دووبارە دەستڕێژیان دەست پێ کردەوە. چەکدارەکان ڕەحمانیان دەدی وا لە ڕەسووڵ نزیکتر بووەتەوە قۆڵی لای مەجید باوەجانی لە تەقە کەوتبوو. ڕەسووڵ کوڕانە شەڕی دەکرد. ڕەحمان بەتەواوی کەوتە پشتی ڕەسووڵەوە. بەڕەحمانی نەزانی تا لە دواوە زرمەی لێ هەڵساند. گوللەکەی ڕەحمان ناوشانی پێکابوو لە سنگییەوە وەدەرهاتبوو.

ڕەسوولّ تفەنگی لەدەست بەربوویەوە. ڕەحمان پەلاماری داو تفەنگەکەی لێ دوورخستەوە، ڕەسوولّ یەشتا گوڕی تیادا بوو، دەیتوانی بجوولّێت. ڕەحمان ڕوو بەهاوەلّانی قیڕاندی:

– بانە خوارەو کاری تەمامە. ئەوکە و چەکدارەکان لە سەنگەرەکانیان هاتنە خوارەوە یەکڕاست هاتنە سەر ڕەسوولّ.. ئەوکە لە ڕەسولّ نزیک بوویەوە. ڕەسوولّ خوێنێکی زۆری لێ ڕۆیشتبوو بەلاّم یەشتا هۆشی بەلای خۆیەوە بوو. چاوی بەدژوار هەلّێنایەوە. ئەوکە چنجکە بەلایەوە دانیشت و دەستی گرت و وتی:

– حەیف وەوجورە خۆت وەناو بردیت! حەیف ئەرا جوانخاسیت! ئەشهەدو مەرد مەردانە جەنگیت. بیشەرام ئەڕا خۆت دایتە کوشت؟

– خەفەتی ناوێت. یەک ڕۆژ کەلّەشێری، هەزار سالّ ژیانی مریشکی دەژی..

بەدوای ئەو قسەدا کەوتە حالّی خۆیەوە و گیانی دەرچوو. ئەوکە هەستایە سەر پا و خەلّکەکەی کۆکردەوە و ڕای گەیاند:

– لە کورەوە هاتنە، هەروا بچنەو. وەلی بێبار و ولاّخ. فایەق هاتە پێشەوە:

– ئەی ئەم مەیتانە چوین بوەینەوە. سفارش دیرم ئەڕا حەمە فەرەج خان دەربەندیخان بیشن ئەوکە شامار ئیشت: مەگەر هەرکەس ئەڕا خۆیەتی؟ ئەی دەورو وەرە مەگە بی خاوەنە؟ یا لای واس ئیمە شەروالّ ژنەیل هاوە پامان.

سێ چوار کەسێک چوونە لای هێسترە نزیکەکانەوە. باریان لێ خستن. ئەوکە وتی:

– سێ چوار کەستان بچنە لای جەنازەی کاورای "شێ" سوارە و

بارنەی. فایەق و دووسێ لە پیاوەکان چوون بەدوای جەنازەی قارک دا. برێک لە هێسترەکان بەبارەوە دەلەوەڕیان، برێکیان باریان لێ کەوتبوو. ئەسپەکەی قارکیش لەولاوە تووڕە و ئاڵۆز دەینواڕی بەلای تووله ڕێگەکەدا. تەرمی قارک کەوتبووە سەر دەما. تەرمیان دا بەسەر هێسترێکدا و گەڕانەوە لای هاوەڵانیان. وردە وردە تاریک دادەهات. سێ جەنازە بەسەر سێ هێسترەوە، خەڵکەکەش لە پێش و لە دوایانەوە بەتووله ڕێگەکەی سەرتەک دا سەرکەوتن. سەمینی بریندار دەم دەم دەیناڵاند.

مەجید باوەجانی گولله بەر شانی کەوتبوو. پیشەی نەگرتبوو. هێندە پابەندی زامەکەی نەدەبوو. هەروا لە جووڵان و هاتوچۆدا بەردەوام و سەرحاڵ.. ئەوکە قیرِاندییە سەر هاوەڵەکانیدا:

- تا درەنگ نەویە بچنە نوای باریەلا. ڕەحمان! تو مەچو با زەخمەکەت نەکولیتەو. چەکدارەکان گورج و گۆڵانە بۆی دەرچوون بەدوای بارو ولاخەکانا. ڕوو بەڕەحمان وتی:

- تا کوڕیەل تینەو. با ئاگر کەینەو فرە سەرد کردیە.

هەریەکە بەلایەکدا بەدوای چیکلەدا داروکوترەو دارماڵکەی لاناو چڵ و پۆی دار و درەختی وشکەوە بووی زۆر لە دەربەندی دەڵەشیرا دەبینرا؛ بەدژوار برێکیان کۆکردەوەو لە جێگەیەکی نسترم و پەنادا ئاگریان کردەوە.

- ماڵم قەورە یارو کوشیای کوڕ خاسی بی. داڵک ڕوڵە ڕو ئەڕای نەکا وا کەیتەی. ئەڕا مەردانگی و دەست و تفەنگت.

- ئاغا ئەوکە.. ئەی کوردە میللەت عەجیبییە.. زانت کوشنەی.. دەرقەد نییە.

خـرمـەی سـمی وڵاخ نـزیک دەبوویەوە، ئەسـتـێـرە تـاک و تەراک بەئاسـمـانـەوە وەدی دەکـرا، هاژەی با لـە نێـو دەربـەندا وەک هەزاران جانەوەر دەیلووران. تا دەبوو جریوەو پەلە پەلی ئەستێرە بەئاسمانەوە زۆرتر دەبوو. تارمایی چیای بەئاسمانا هەڵکشاوی "بەمو" لە ئاسۆدا یەشـتـا دەبینرا. ئەوکـە و ڕەحـمـان بەدەوری ئاگـرەکـەوە چنچکەیان دابـوو؛ هەراو هـوریا تـا دەبوو نـزیکتـر دەبوویەوە. پێش قـەرەوڵـی وڵاخـەکان وەدەرکـەوتن و یەکـڕاست بەرەو لای ئاگرەکە هاتن. ئەوکە و ڕەحمان هەستانە سەر پا. تا دەبوو هێستر و بار کۆدەبوویەوە. مەجید باوەجـانی سـواری ئەسـپـە "شێ"ی قـارک بووبوو؛ هەر هێـسـتـرێک لە تـوولـە ڕێگـەکـە لایدابا دەیهـێـنـایەوە سـەر ڕێـگا دەنگە دەنـگی چەکدارەکان. بەتایبـەت ئەو هەمـوو ماڵ و ئەحـواڵەیان وەدەس هێنابوو بنکڕی خـۆشـحـاڵـی لە وتووێژیاندا دەبینـرا. جگە لە ڕوکـانی شـانی مەجید نەبێت هیچیان لە دەست نەدابوو، زۆریشیان وەچنگ هێنابوو. کە تەواوی چەکدارەکان کۆبوونەوە بەئەوکەیان ڕاگەیاند کە چوار پێنج هێسـتـر دیار نین و چەند بارێکیش لەمـلاو لا کـەوتووە. وڵاخـەکـانیـان بەیەکـەوە بەسـتـەوە و چاودێریان دانا و بەچایکـردنەوە خـەریک بوون و هەریـەکـە توێشـووی خـۆی کـردەوە و بەدەوری ئاگـرەکـەدا دەوریان بەست. ئەوکە شانی دابووە گابەردێکەوە بێ ئەوەی سەیری کەسێ بکا وتی:

– شەوەکی بچنە نوای وڵاخیەل گوم بوا.

ڕەحمان وتی:

– منیش ئەچم؟

وتی:

– نا مەچو.. مەجید تویش بمینەو. ئینجا ڕوو بەمەجید وتی:

– زەخمەکەت چوینە؟ بەو بوینمەی.

ـ شتێکی وا نییە، گوللە ڕوکاندوویەتی دوو سێ دوگمەی کراسەکەی کردەوە و شانی بۆ دەرهێنا و دایە گڕی ئاگرەکە. ئەو کە لە زامەکەی ورد بوویەوە و وتی:

– نیگرانی نەیرت، شەوسو تۆ وەل منا تیەیت.

یەکێک لە چەکدارەکان پرسی: مەگەر جیاوینەو؟

– ئا. من و ڕەحمان و مەجید چیمنە کێلەبەرزە و ئیوە ماڵ و بار بوەنەو بەردەڕەش.

مەجید وتی:

– ئەم ولاخانە ئەگەر ئالیکیان نەدرێتێ دەتۆپن لە برسا.

ـ وە ئاوای سەر ڕێ ئالک وە پارە بسەنن و بدەنەی ولاخیەل. مەبادا وەزور. وە پول بسننەی.

وردە وردە بەدەوری ئاگرەکەوە پایان ڕاکێشا و لەسەر شان لێی کەوتن.

ئەوکە وتی:

– نگەهبانیەل هەوایان وە ئاگرەکەوە وت، با نەکوژیتەو. بەسبەینیدا بار و هێسترە گوم بووەکانیان دۆزییەوە. قەتاری بار و هێستر بەرەو بەردەڕەش وەڕێ کەوتن ئەوکە و ڕەحمان و مەجیدیش سوارە بەرەو کێلەبەرزە وەڕێ کەوتن.

کاتێک کوێخا تەنها ئەو سێ کەسەی دی نیگەرانی کەوتە ناوچاوانیەوە.. پێش سەلاو خێرهاتن وتی:

– ئەی ئەوانیتر کوان؟ خۆ نەکوژراون؟

– نارەحەتی نیەرت ئەڕات باس کەم، بیلە با نەفەس تازەکەینەو زۆری نەبرد تەواوی ڕووداوی بۆ کوێخا گێڕایەوە. بەجیاوازی یەک شت، کە قارک دەستی لێیان کردەوە و لە شەڕدا کوژرا. کوێخا تۆزێک ماتی دایگرت و کەوتە بیری سێ کەسی کوژراوەوە. کە خاوەنەکانی بەئەوی دەزانن جگە لە ماڵ و ئەحواڵێکی زۆری تالان کراو لە ناوچەکەی ئەودا دەست بەدەست بووە. هەرچی هەڵیدەسەنگاند تەنها ترس و چەکەرەیەکی ڕاستەقینەی لە دڵ گەورە و گەورەتر دەبوو مەلا حیلمی و هاوڕێیانی بوو. دەیزانی مەلا ئەو جۆرە کارانەی لا پەسەند نییە و بەئاسانی هەرکەس بۆ خۆی ئومێدێک لە دڵ و دەروونیا ڕۆشنایی وەدەر دەکەوت ماڵ و ئەحواڵەکە هی کابرایەکی بەدناوی خۆفرۆش وەک حەمە فەرەج خانی دەربەندیخانە کە وەک سەگێکی هار کەوتووەتە گیانی خەڵک و خوای ئەو ناوچانە.

ئەوکە:

– کویخا چەس کەوتیتە فکرەو؟

– لە مێژا فکری خۆم کردووەتەوە و دەزانم چی و چی ڕوودەدا. ئافەرین لە تۆ و برادەرانت! مەگەر ئەم خەڵکە پیاو نییە نامەردێکی وەک حەمە فەرەج خان چەتەکانی بنێرێتە ناوچەکەمان.

کوێخا قیڕاندی:

– بڕۆن عەلی تەیبم بۆ بانگ کەن. ویستی ئەمڕۆ بڕواتەوە. بۆ مەبادا نەمهێشت. ترسی برینداربوونتانم هەبوو.

ژوور چۆڵ بوو ئەوکە ڕوو بەکوێخا وتی:

– کار خسووسی وەپیت دیرم؛ کار خەیریگە. هەر ئەڕا ئەیە هاتمەو

ئومیدم هەس دریخ نەفەرمایت.

– بۆچی بەگومانی کارێک بۆ تۆ بیەت و لە دەستی منابێت درێخ بکەم؟

– وەسەی براکە! زانم وەهیچ کار خەیری دریخ نیەکەیت نە فەقەت ئەڕا من، ئەرا گشت کەس.

– دەی بڵێ؟

– وەلا کوێخا ئەگەر ڕای جەنابئالی وەبانی وت میمکینە ئەی کارە بوت، وەئیلا وەئاسانی سەرنیەگرت.

دەتەوێ چی بڵێیت؟ دەی دە بیڵێ؟

ئەوکە دەستی بۆ ڕەحمان درێژکرد و وتی:

ـ ئەی یەتیمە عاشق بییەو تەوحی چووەتە سەر دوێتەی فەقێ ڕەشید. ئەگەر جەنابئالی کارەکە بجووڵێنی وەنەزەرم کار ناجوری نەوت.

کوێخا دووبارە کەوتەوە بیرەوە. بێدەنگ هەروا تێدەفکرا. ئەوکە ڕشتەی بیری پچڕاند و وتی:

ـ زانم وەچی فکرکەیت؛ ڕەحمان تایفەس و دوێتە سونی مەزهەو. مەگە نا؟

– با. ئەگەر لات وایە کارێکی ئاسانە، وا نییە؟

– کوێخا لەی کارە فرە بییە. نە یەکەمینە و نە ئاخرینیش نییە. هەرچی ئاین و شەریعەت ئەمرکەت، ڕەحمان سەر وەپیوە نییە.. خاڵۆ فەقێ ڕەشید پیاو خواناسیگە، ئەڕا حەز نەکات وە ڕای ئەوە غەیرە دینی باتە سونی؟

– یانی ڕەحمان ئامادەی ئەوەیە؟

– ئەی ئەگەر ئامادەی ئاوا کاری نەوت. مەگەر پوڕت ئەیە وەل جەنابتا باس کەم؟

– باشە، کامیان؟ ڕابە. یا سەبەیان؟

– گوماندیرم دوێتە بچکولەکەوت.

ڕەحمان سەری داخستبوو. لە ژێر لێوەوە وتی:

– دروستە سەبریانە.

کوێخا دەستی خستبووە سەر سمێڵی و بای دەدا و تێدەفکرا. عەلی تەیب هاتە ژوورا. یەکڕاست ڕۆیشتە لای مەجیدەوە. مەجید شانی ڕووت کردبوو، مام عەلی هەگبەکەی کردەوە چەندین شووشەی ڕەنگاوڕەنگی دەرمان دەرهێناو پۆدرەکەی ڕژاندە سەر زامەکەیدا و وتی:

ـ هیچ نییە، زامەکەت ڕووکەشە. ئەم دەرمانەی دووسێ جار بڕژێنە سەر چاک دەبێتەوە. لەولاوە دانیشت و کوێخا ئاگاداری خزمایەتی عەلی تەیب و بنەماڵەی فەقێ ڕەشید و بەمام عەلی وت :

– پرسیارێکت لێ دەکەم وەڵامم بدەیەوە. ئاماژەی بۆ ڕەحمان کرد و وتی:

– ئەم کوڕە خاسە ئەگەر بێتە موسڵمان و شایەتمان بەشانی موحەممەد ڕەسولەڵا بهێنێت و ببێتە سونی مەزهەو، فەقێ ڕەشید دەیکاتە کوڕی خۆی؟

عەلە تەیب غافڵگیر بووبوو. تووشی منە من هات و ئینجا وتی:

– وەڵا خۆ نازانم. ڕەنگە بیکا و ڕەنگە نەشیکا؟ کوێخا بزەیەک گرتی و وتی:

– ئەی خۆ سێهەمیان کەس نییە یا دەیکا یا نایکا. خۆ سەری

نابڕێت ئەی ئەگەر کچی تۆ بایە دەتدایە؟

من خەریک بووم ئەم پرسیارە لە جەنابت بکەم ئەگەر کچی شووکەرت باو ڕەحمان داوای کردبا دەتدایە؟

– لە هەر چوار مەزەوی خوا بەشم بڕابێت کچم باتاو داوای کردبا دەمدایە و هەموو شتێکیشم بۆ دەکرد.

– کەواتە ئەمە نیوەی مەسەلەکەیە ئەو نیوەکەش دەکەوێتەوە لای فەقێ ڕەشید.

ڕەحمان دڵی لەسەر هەزار لێی دەدا. تەواوی لەش و ئەندامی بووبوو بەگوێ و وتووێژەکەی کوێخا و مام عەلی هەڵدەسەنگاند و کۆسپ و تەگەرەکان و ئەگەرومەگەرەکانی بەرئاورد کێشانە دەکرد.

کوێخا ڕوو بەمام عەلی:

– ئەم باسەم بۆیە لەگەڵتا کردەوە، چون لە هۆش و درایەتت دڵنیام و نەشم ویست ڕاستەوخۆ بەفەقێ ڕەشیدی بڵێم جا داواکارم ئەم باسەم بۆ بگەیەنە فەقێ و.. بزانە مەزەنەی چییە و ڕای چۆنە و لەسەرچییە؟ ئەگەر ڕاشی لەسەرە؟ داوا و مەرجی چییە و، ئەگەر ڕاش لە نەدان بێت، چۆن چۆنین ڕازی کەین؟

مام عەلی هەڵسا و کلاشی هەڵکێشاو گەڕایەوە ماڵی فەقێ ڕەشید.

چایی تێکرابوو کوێخا ڕوو بەئەوکە:

– لام وایە باشتربێت جارێک دەست لە ماڵ و ئەحواڵەکان نەدرێت باشتر بێت و بەتەواوی هەواڵەکان بەرئاورد و هەڵسەنگێنین. ئەوی بۆ من گرنگە ڕای مەلا حیلمییە و بەس. بەڕای من ئەمرۆ و سبەی سەروکەللەیان پەیدا دەبێت. یا دێن بۆ ئەیرا یا دەنێرنە دوامانا لە هەردوو حاڵەتەکەدا جارێک مەڕۆرەوە تا قاڵ دەخەوێ.

– کوێخا کام قاڵ؟ قاڵ جەنگەکە ئیشیت، یا قاڵ ڕەحمان؟

– ڕەحمان قـاڵێکی بەدواوە نییە. قاڵی گەورە دوێنـی بووە، سێ مەیت گەڕاوەتەوە بۆ دەربەندیخـان. مـاڵ و ئەحـواڵێکی فـراوان تاڵان کـراوە و لاشـم وایە ئـەسپ و چارەوییـەکـان هەمـووی هـی حـەمـە فـەرەج خـان نەبێت. بـڕێکی هـی فـەقـیـر و هـەژارە، بـەکـرێ گـیـراون. ئەوانە ناکـرێت نەدرێنەوە خـاوەنەکـانی. بەهـەرحـاڵ جـارێک هـەر دەبێ چاوەڕوان بین. کورتە بێدەنگییـەک کـەوتە دیوەخـانەوە. بیـری دانـیـشـتـوان بەر بڵاو و هەریـەکـە بەلای خـۆیـەوە جـۆرێک تێـدەفکرا. وەو ڕێـگردنە، کـوێـخـا چەکـەرەی خـسـتـبـووە دڵـی ناحـەزان و دوژمنانیـەوە و ئـاوی چاوی سەندبوون.

ڕای گــەیاندبوو لە دوور و نـزیکـی نـاوچەی ئـەودا هـەر کــاروبـار و کـردەوەیەک بـێ ئەو سـەرناگـرێ. ئـەوکـە و یارانیـشـی لە چۆنیـەتی فرۆشـتـنی مـاڵ و ئەحـواڵی تالان کـراودا بیـریان دەخـولایەوە. مـەجیـد باوەجـانییش لـە چەتەیی مـاندووبـووبوو، بەتەمای هەلێک تا لە گۆشـە و کەنارێکدا ئارام و ئاسـایش بگرێت، ڕەحـمـانیش تەواوی فکر و زکر و تێفکرینی لە سـەبە بەدەست هێنان و ڕەزامەندی باوکیدا بوو. تۆ بڵێی فەقێ ڕەشید کەوشـی لاسـاریی لە پا کـاو بڵێ: نەء و ئەوە نییـە کوێخا وتی: «من کچم هەبا دەمدایە.. بەڵام فەقێ ڕەشید فەقێ ڕەشیدە. وتی نایدەم و تەواو. ئەو حەلە چی؟»

جـا بـۆ بڵێ نـایدەم؟ هەرچـی ئەو بڵـێت دەکـرێ و هـەرچی بیـەوێت دەدرێ.. باوەڕ نـاکـەم.. دەست بەسـنگمـەوە بنێ. ئـینجـا پـەنای دەبردە باوە یادگار تا کارەکەی ئاسان کا؛ لە دڵەوە دەیوت:

– باوە یادگـار! سـەی براکـە! بگەنە فـریامـا. دڵی فـەقێ ڕەشـیـدم بۆ نەرم کـەن. لێـشـم زویر مـەبن؛ نـاچارم، گـرفـتـارم، چۆلەکـە و پەنا وە بنچک.

مام عەلی هاتەوە دانیشت و دووبارە خێراتن کرا.

کوێخا:

- فەقێ چی وت؟

- نازانم بڵێم چی وت.

ڕەحمان لەناو قەدیدا پچڕا، دڵی هاتە لەرزین، هەناسەی سواربوو، خۆ شتێکی هەر وتووە، بیڵێ، مەقمانە.

ڕەحمان لە دڵا وتی:

- یادگار! ئەمجارە و بەس.

ڕاستت بوێت لە سەرەتاوە وەک تۆپ تەقییەوە، بەقیرە قیرەوە دەیوت:

- مەگەر شتی وا دەبێت. ئەمە بەلای منەوە نەشیاوە و هەر ناکرێت. وردە وردە ئارامم کردەوە و خوێندمە گوێدا کە بۆچی ناوێت؟ نەشیاو لە کارەکەدا تەنها غەیرە دینی نییە دروس دەبیەو چارەسەر دەکرێت.

مام عەلی بەکورتی بڵێ چی وت؟ وەڵامی چییە؟

- ڕاستت بوێت نەیوت باشە. بەڵام جۆش و خرۆش دامرکایەوە.

- تۆ دەڵێی چی؟ ئایا پێی ڕاگەیەنین ئیمشەو دێینە میوانی و کاری خەیرمان بەدەستەوەیە؟

مام عەلی سەری داخست و تۆزێک ڕاوەستاو ئینجا بەپەلە چەند دانەیەک لە تەزبیحەکەی دەستی هەڵە پەڵانە خوار و ژوور کرد و وتی:

- بەڕای من زەرەری تیا نییە.

- زەرەر ئەوەیە دەست بەسنگانەوە نا؛ ئەگینا خۆ کەشتیمان غەرق ناوێت. ئەویت؟

ڕەحمان لەژێر لێوەوە دوعای بۆ کوێخا دەکرد:

– نوکەرتم، بچکتم، فیداتم.

مام عەلی هەستە برۆرەوە لای فەقێ و پێی ڕاگەیەنە بۆچی دێین بۆ خۆتیش بدوە لەگەڵیا.

تەتەرەکەی لای مەلا ئەنوەر هاتە ژوورا. دوای بەخێرهاتن نوشتەیەکی لە باخەڵ دەرکرد و دای بەدەستی کوێخاوە کوێخا نوشتەی کردەوە و نوشتە بوو بەپەڕەیەک کاغەز و دای بەڕەحمان وتی:

– بۆمان بخوێنەوە.

ڕەحمان نامەی وەرگرت و بەخوێندنەوەیەوە خەریک بوو، مام کوێخا. سەڵاو!

ئێستا بروسکەیەکم لە مەلا حیلمییەوە بۆمان دەڵێت بەکوێخا ڕاگەیەنە سبەی نیوەڕۆ دەبینە میوانی با لە ماڵا بێت.

براتان
مەلا ئەنور

کوێخا ڕوو بەئەوکە:

– نەموت سەر و کەللەیان پەیدا دەبێت.

– هەرچی زووتر ئەی قاڵە ببڕینەوە خاسترە.

عومەر لەرزانەش گەڕایەوەو هاتە ژوورەوە. کوێخا بەدوای شەڕەکەدا بۆ بەدەست هێنانی ڕاستەقینەی دەنگوباس، عومەر لەرزانەی ناردبوو بۆ دەربەندیخان تا بیرورای خەڵکەکە لە لایەکەوە هەڕەشەو گوڕەشەی حەمە فەرەج خانیشی بۆ بهێنێتەوە کە دانیشت کوێخا وتی:

– دەی چیت بۆ دەرکەوت. فشە فشی حەمە فەرەج خان هەر وەک خۆی ماوەتەوە؟

– مەپرسە! دەڵێن وەک جانەوەرێکی بریندار لێهاتووە. دێت و دەڕوا جنێو دەدا.

– بە کێ؟

– بە کێ؟ بە باوکم؛ بەتۆ.

ئەوکە هاتە نێوانیانە و وتی:

– ئەی وەمنیش خراو دەت؟

– تا من لەوێ بووم کەم کەس تۆی بەناو دەناسی؛ بەڵام دەیانزانی کار کاری کوێخا مەحمەوودە و چەتەی ئێرانی خستووەتە ڕێگەی جەماعەت و تاڵانەکەشی لە کوێخا مەحموو دەزانێت و دەڵێت:

ـ خولە خوێڕی، ڕۆژێکت ئەبێ. باوەڕ ناکەم لە دەستم دەرچیت ئەم تۆڵەیەت لێ نەکەمەوە. قەینا ئەمڕۆ خولە کیلە بەرزەییم لێ بووەتە حەمە تاڵی بانە.

– کوژراوەکان کوێنەرین؟

– قارکیان، دەیناسی و بنکورەییە کوژراو زامارەکەش هارونین.

– ئەشهەدو ئەمەیانم لاناخۆشە. کورە خۆ لەگەڵ ئەوانەدا خزم و خوێشین. ئەی خەڵکی چۆن دەدون؟

خەڵکەکە بۆ ڕەسووڵ فرە نارەحەتن. بەڵام چون پوزەی حەمە فەرەج خانی تیا شکاوە، ڕووداوەکەیان لا خۆشە.

ئەوکە:

– خوا هەقە کوڕ جوانمەردی بی، وەلی حەیف بیخودی خۆی وەکوشت دا.

کوێخا دیسانەوە مات و مەلول کەوتەوە بیرەوە لەپڕ لەبەر خۆیەوە وتی:

– شەڕ شەڕە؛ یا دەکوژیت یا دەکوژریەیت. یانی حەمە فەرەج خان لەوەی دڵنیایە ئەم کارە کاری من بووە؟

– سەد لە سەد و ئەملاو لای تیا نییە و هەڕەشەی خۆشی دەکا.

– با وڕێنەی خۆی بکا. من لە جێگەیەکی دوورنیم سیروان و بەمۆمان لە نێوانە. ئەوە گورز و ئەویشە مەیدان. جارێک بێ دەنگم. با دەمی مەلا حیلمی تاقی کەمەوە، ئەو دەمە وەڵامی دەدەمەوە و دەزانم چۆن چۆنین میرازی دەگرم.

ڕەحمان ئومێدەواری لە دڵ و دەروونیدا شەپۆلی دەدا. بەتایبەت هەڕەشەکانی حەمە فەرەج خانی بیست زانی کوێخا نیازی زۆری بەکەسانێکی وەک ئەو دەکەوێ و نرخ و باییيان زۆرتر دەبێت.

ئینجا لە دڵا وتی:

– کرۆ کرۆ شوکر. یادگار و سەی براکە کار خۆیان کرد. بنوڕ! بنوڕ ئەی پیاوە وەچی وەختی ئەی خەوەرانە هاورد؟ ڕەحمان هاتە قسەو وتی:

– ئەی حەمە فەرەج خانە ئەگەر خۆی وەمەرد زانت با وە سیروان بپەڕیتەو بکەفیتە ئەی دەورو وەرە. ئەوسا زانت کویخا چە کوریەلی دیرت. گایە نەزرم وت باتە ئەی تەرەفە، ئەی یادگار بنیرەی با بات.

کوێخا بزەی شادی و ڕەزامەندیی کەوتە دەم و لێوی. ئەوکەش قسەکانی ڕەحمانی لاخۆش بوو بۆیە بەکوێخای وت:

– وە ئەلی ڕەحمان شیرین وت. یەکی منیش ڕووی نەزر ڕەحمان شایەت یادگار سەر لە لی بشیونت و باتە ڕامان. فرە سەفا دیرت.

کوێخا بەپێکەنینەوە وتی:

– گوێی مەدەرێ. ئەوە فشەوفیشاڵی نێو دیوەخانە. زۆری تێناچێت،

بابێت. ئەو هەر بەفەقیر و هەژاران فێرە و یەشتا تووشی پیاوی خۆی نەبووە.

ڕەحمان لەسەر کلکە لەقیەو زمان درێژی خۆی دەڕۆیشت وتی:

– وەهەرچی ئاین هەس بنیرمە دەروەندی خان و دەسم بخەنەی سەری، کوشمەی.

– جارێک نەگەیشتووەتە ئەوە. با چاوەڕوان بین، هەستن بڕۆین. فەقێ ڕەشید چاوەڕوانمانە. ڕەحمان تو لەیرا بمینەوە.

لەماڵ وەدەرکەوتن ترەسکەی ئەشکەوتی پاشا دەبینرا. تاریکییەکی فرەڕەش داگەڕا و هەموو لای داپۆشی بوو. ئاسمان سایەقەی ساماڵ پڕی پڕ بوو لە ئەستێرە، سەگەل دەوەڕین، ماڵی فەقێ ڕەشید پێچێک لەولا تری ماڵی کوێخاوە بوو. ڕەحمان تەواوی ئیمام و پیاوخاسانی هێنایە تکا و نزا و نەزرێکی تری بڕیاردا. سەڕەی نێرەکەرێک ناوەخت لە سەرتا سەری دێی کێلەبەرزەدا بیسرا.

کوێخا و ئەوکە چاییان دەخواردەوە. سەبرییش لەولاوە نیگەران و دوودڵ و ئاشوفتە.. کەوتبووە ژێر تەوژمێکی جۆراوجۆری زۆرەوە ئاوڕی سەخت و ئاڵۆزی باوکی، وردە بزماری ڕابەی خوشکی:

– مەگەر پیاو قات بوو تا بگەیتە ئەم غەیرە دینە..؟ سەیرکە چیت بەسەرمانا هێنا؟

سەبری بێدەنگ و ئارام دڵۆپ دڵۆپ فرمێسکی دەڕێژا.

– بۆچی دەگری؟ کاری خۆ کردە گریانی ناوێت. زانیم ئاخری گوانەکانت کار بەدەستمانەوە دەدا، بۆیە دەمبەستەوە ئیتر لە حەوت دەوڵەت ئازادیان کە مەرەخەسی مەرەخەسی کە. کوێخا هاتبووە قسە. فەقێ ڕەشید ماتو بێدەنگ تەزبیحەکەی دەژمارد، وردە وردە نۆرە هاتە

سەر فەقێ ڕەشید:

ـ من زۆرم بیر لێ کردووەتەوە. دەزانم ئەم ڕەحمانە کوڕێکی چاکە و لێهاتوویشە؛ بەڵام ئێمە و بنەماڵەی ئێمە لەم جۆرە ژیانەوە دوور بووین و کارمان بەکاری ملهوڕی و چەتەییەوە نییە و نەبووە. ژیانی ڕەحمان لەگەڵ ئێمەدا جیاوازە بۆیە نیگەران و دوودڵم.

کوێخا:

– ئەگەر دوودڵیت ئەوە بێت، ئاسانە. کابرا بەپێی شەریعەتی ئیسلام ئەوەی پێویست بێ دەیکا. ئێمەش لە ڕۆژگارێکدا دەژین بەبوختان و تۆمەتی هەتاوەکو دەوڵەتیش بەڕێگر و چەتەمان دادەنیەن. ئێمەش دەزانین چین و بۆچی هاتوچۆی دەوڵەت ناکەین. لەوە گوزەشتە لە ڕێگەی تۆوە کابرایەکی غەیرە دین شایەتمان بەشانی ڕەسوڵەلاوا بدا خێری ئەوەندە زۆرە نەبێتەوە. بۆخۆت ئەوەیان لەمن باشتری لێدەزانی. دە بڵێ باشە؟

– باشە، بەڵام مەرجم هەیە.

– هەر مەرجێکت هەبێت. بەندە ئامادەیم و ئەنجامی دەدەم.

– هەفتەی داهاتوو خزمانم دێن و ڕابەی کچم دەبەن دەمێنێتەوە من و سەبری کچم. ئەم کچەم نابێت لێم دوورکەوێتەوە.

– هەر ئەمە؟

ئەوکە وەڵامی دایەوە:

– یانی فەقێ ئیشت ماڵ ڕەحمان باتە ئەیرا. فەقێ دووبارە هاتەوە قسە و وتی:

– مەرجێکی ترم هەیە، دەبێ ڕەحمان لەسەر دەستی حاجی مەلا عەولعەزیزی چوارکڵاو شایەتمان بهێنێت.

کوێخا وتی:

- چیتر؟

- هیچی تر لە گۆڕدا نییە. تەنها ڕەزامەندیی سەبری نەبێت. هەستە مام عەلی برۆ ئەودیو لە سەبری بپرسە بزانە چی دەڵێت؟

مام عەلی ڕۆیشت و هاتەوە و وتی:

- پیرۆزە.

کوێخا وتی:

- ئەلفاتیحا! دانیشتوان هەردوو لەپیان کردەوە و لە دواییدا وتیان: خوا پیرۆزی کا. ئەوکە هەستا و لە جویەی ڕەحمان دەستی فەقێ ڕەشیدی ماچ کرد.

ڕەحمان لە چاوەڕوانییا وەک جانەوەری نێو قەفەس دەهات و دەچوو لە دوورەوە ورەیانی بیست و ڕۆیشتە پیریانەوە. ئەوکە ویستی سەربەسەری نا و وتی:

- کار دایتە دەسمانەو. ئەی ئارەزووتە مەگەر بوەیتەی گورەو بچوو باوە منەی نان بکە خەربزە ئاوە.

ڕەحمان دەمی وشک بوو؛ پچڕ پچڕ وتی:

- یا یا یانی چە دەبیشە کوشتیتەم.

کوێخا زانی لەوانەیە بەلادا بێت وتی:

- برۆ تەدارەکت ببینە پیرۆزە! فەقێمان ڕازی کرد.

ڕەحمان پەلاماری دەستی کوێخای دا و سێ جار لەسەر یەک ماچی کرد و خستییە سەر چاوی و بەدەم دەست ماچکردنەوە دەیوت:

- خوا تو لەلیم نەسنت. تا مەنم نەوکەرتم ئەی یادگار! دەستت

وەباڵ ئەی کوێخاوە بات. ئینجا نووسایە دەستی ئەوکەوە و دەیوت:

– فیدات وم. وە ئەلی تا مرم وەک سایە هاومەدواتەو یە ڕوح دیرم خەمەی ژیر کلاشیەلتەو.

ئەوکە یەک دووجار دایە پشتی ڕەحمانا و وتی:

– بیلە با بچینە ماڵەو کویخا یەخ بەستیە. لاچو، با بچیمن.

کوێخا ڕۆیشتە حەوشەوە و مەغرورانە وتی:

– کاک ڕەحمان! ئەمەش ئەوە؟

ڕەحمان سەرودەستی بەرەو ئاسمان بەرز کردەوە ڕوو بەئاسمان:

– خوا! ئەی خوای بان سەر! تو گەواهی تامن مەنم هەڵقە وەگوش کویخا مەحموو بام.

کوێخا بەڕەحمان:

– فەقێ دوومەرجی خستووەتە پێشت دەزانی؟

– وە ئەلی بیشت. خۆم بکوشم، کوشمەی. شەرت چەس؟

– کوشتن موشتن بخەلاوە. ئەگەر خوا کردییە قسمەتت نایەوێ سەبەی لێ دوور کەوێتەوە؛ یانی دەبێ ماڵ و زیندەگیت لە کێلەبەرزەدا بێت.

– ئەی وەبان چەو.. هەر ئەیەو بەس..؟

– نا مەرجێکی دیش هەیە.. دەبێ لەسەر دەستی حاجی مەلا عەول عەزیزی چوارکلاو شایەتمان بهێنیت و تەواوی کاروباری ئایینی پیرۆزی ئیسلام موو بەموو ئەنجام بدەی؟

– ئەیەشیان وەبان چاو. هەم هەس؟

– ماوەتەوە سەر خانووبەرە. وەستا عوسمان وەستای باش و گورج و گۆڵە.. کوێخا دەستی بۆ دیوەخانەکە ئاماژە کرد و وتی: ئەمە کاری

ئەوە. سبەی بانگی دەکەم تا لای ماڵی فەقێ ڕەشید دوو ژوور و دالانێکت بۆبکا. پێم وایە جارێک بەستانە؟

– فریشە.. منت بەزەکان..؟

– گەوریکیش لەگەڵیا.

ئەوکە وتی:

– منیش توام لە نزیکیانەو دوو ئوتاق دروست بکەم.

– بۆ تۆیشی دەکا. با ڕۆژمان لێ بێتەوە.

کوێخا هەڵسا و ڕۆیشتە دیوی خێزانەوە و بەیانی زووتر هەڵسا و بۆ نیوەڕۆ لە بیست کەس زۆرتر میوان دەبوو. شەوێ بەشوانەکەی ڕاگەیاندبوو سێ کاوڕ گل داتەوە.

چێشت تەنگا میوانەکان گەیشتنە بەرەوە. مەلا حیلمی و مەلا ئەنوەر لە پێشیانەوە بوون. مەلا حیلمی جگە لە دەمانچە و گالۆکێک زیاتر هیچی هەڵنەدەگرت. ڕادیۆیەکی ترانزستۆریش لێ دوور نەدەخستەوە. گەنم ڕەنگ و بالابەرز و لە ڕێگە ڕۆیشتندا هەنگاوی پان پانی دەنا ئەو جۆرە هەنگاونانانە قۆنگی کردبوو. سەروملی زۆرتر دەکەوتە پێش لەشیەوە. کورت بین بوو، بەناچار چاوێلکەی زەرەبینیی لە چاو دەکرد بەپێچەوانەی مەلا حیملی مەلا ئەنوەر کورتەبالا، گردەڵە، چالاک لە یەکەم ئاوڕدا سمێڵەکانی سرنجی ڕادەکێشا کە وەک دوو چزەی کولاژدم قیت بووبوونەوە بەبۆیاخی ڕەش ڕەشی دەکرد. کوژراوی تفەنگی برنەوی درێژ بوو. لە خۆی دوور نەدەخستەوە.

نان خوراو چاییش خورایەوە. مەلا حیلمی بەکوێخای ڕاگەیاندبوو کە تەواوی خەڵکی دێی بۆ کۆکاتەوە. هەستان بەرەو ناو خەڵکی دێ کە لە دەری حەوشی ماڵی کوێخادا کۆبووبوونەوە. مەلا حیلمی ڕۆیشتە

سەر سەکۆی بەرماڵ و ڕوو بەخەڵک وتی:

– دەمەوێت مەبەست لەم هاتنی ئێمەتان بۆ باس بکەم. پێشم خۆش بوو ئەولکەریم شامـاریش لەیرایە. با ئێوە و خەڵکی تر باش بزانن، ئێمە خۆمان بەمیوان نازانین، ئێمە خۆمان بەچاوساق و خۆبەختکەری ئەم خەڵکە و ئەم وڵاتە داناوە. جا خۆمان بەخاوەن ماڵ دادەنێین.. ناکرێت و نەشیاویشە خاوەن ماڵ ئاگاداری ماڵ و ئەحواڵ و چوار تەنیشتی نەبێت و لە بندەستماندا دوو سێ سەعات شەڕە تفەنگ بکرێت و سێ چوار کەس بکوژرێت و تاڵان و بڕۆکرێت. ئەگەر دەست و چاو و دەسەڵاتی دەوڵەت لەم ناوچەوە دوورە، لەبەر بوونی ئێمەیە. ناکرێت هەرکەس بیەوێ ئەوەی بیکاو. بۆی بچێتە سەر ئەم جۆرە کارانە. بەلای ئێمەوە نەشیاو و ناماقووڵە. ئێمەمانان ئەم ژیانە پڕ لە دەردەسەر و کوێرەوەرییەمان هەڵبژاردووە تا بتوانین لە خزمەتی ڕەش و ڕووتی وڵاتەکەمانا بین.

کوێخا ویستی وەڵامی داتەوە مەلا قیڕاندی:

– قسەی من و تۆ لە دواییدایە. مەڵێن نەیوت، بۆ لەمەولا هیچ جۆرە سەرەڕۆییـیەک بێ سزا نابێت. ئەوی بێ ئاگاداری ئێمە دەست بۆ یەکێک یا کۆمەڵێک یا ماڵ و دارایی خەڵک درێژکا، سزایەکی وای دەدەین لەبیری نەچێتەوە؛ جا فەرموون بڵاوەی لێکەن.

خەڵکەکە بڵاوەیان کرد و مەلا حیلمی و مەلا ئەنوەر و ئەوکە گەڕانەوە دیوەخان مەلا حیلمی بەئاڵۆزییەوە ڕوو بەکوێخا:

– هەرگیز بەتەما نەبووم ئاوا کارێکت لێوەشێتەوە؟

ـ کاری چیم لێوەشاوەتەوە کابرایەکی نامەردی بەدناوی زوڵم و زۆرکەری ڕەش و ڕووت و تاڵانکەر بەلای ئێوە و ئێمەدا قەتار و زەوار

و چەکداری بێ و بڕوا و ئێمە و ئێوە بەپیاو نەزانێت. ئەدەب بکرێت و بای دامرێتەوە، خراوم کردووە؟

– خراوت نەکردووە؛ بەڵام نەک بەم شێوەیە!

– کام شێوە؟ هەر دەبوا وا بوایە. بۆچی هەواڵم بۆ نەناردبوو کە برادەر ئەمبەر لای ئێوە نییە. ئێمەمانان لە مێژەوە زیندەگیمان لەسەر هاتوچۆی ئەمبەروئەوبەر بووە، زەوار و قەتارت دەنێریتە ئەمبەرەوە، بۆچی ئێمە بەڵمە برنجین؟ پەیامی بۆ ناردم کە ڕەحەت دانیشم و پا لە بەڕەی خۆم زۆرتر درێژ نەکەم. هەر بۆیە قارک وا دەهات پیاوی بەپیاو نەدەزانی.

– کوێخا ئەمانە هەمووی بەجێی خۆی. حەمە فەرەج خان نامەردە، ئا نامەردە و بێ حورمەت. دز و هەژار کوژە؟ ئا وایە.. بەڵام خۆ دەبوا بەئێمەت ڕاگەیاندایە.

ئەوکە وتی:

– مەلا ئەی جەنگە وەناو خاک ئێران قەومیایە. مەلا حیلمی بەتووڕەبوونەوە:

– ئینشائەڵا لێمان دەبی بەحەمە ڕەزاشا. تۆ جارێکی دی لەم کارانە بکە بزانە چۆن کلکت هەڵدەکەنم و کارێکی وات بەسەرا دێنم لە ژێر ئاسمانا جێگەت نەبێتەوە. بۆ ئێمە خاکی کوردوستان یەکە، چ لە ئێرانا یا عێراقا هەردووکی کوردوستانە. جارێکی دی ئەم قسانەت لێ نەبیسم.

کوێخا دەکۆشا گرفتارییەکە ئەهوەنترکاتەوە وتی:

– مەلا ئەوکە شامار هیچ تاوانێکی نییە و هەرچی بووە و هەرچی کراوە من کردوومە. ئەمەش سەری من و ئەویشە شمشێری ئێوە.

– من لەوەی زویرم پێتان وایە ئاگاداری ڕەفتار و کرداری حەمە فەرەج خان نین؟ تەواوی کار و کردار و گفتاری ڕۆژ بەڕۆژ پێمان دەگا و هاتوچۆکەرانیش دەناسین ئەمجارەیان قەینا، بۆ جارێکی تر کاری خودسەرانەت لێ ببینم بەکوردوستان قەسەم لێت قبوڵ ناکەم. نەڵێی نەتوت. ئەمە یەک، دووهەمیان هەرچی ئەسپ و هێستری خەڵکی هەیە بیدەنەوە خاوەنەکانی. دە دانەی هی حەمە فەرەج خانە. وەک وتم بۆ لەمەولا هەر هەنگاوێک بتەوێ بینەیت، دەبێ ئاگادارمان کەیت

– ئەم کارەیان ئێوەمان ئاگادار کردبا، نەتدەهێشت. لەلایەکی ترەوە دەترسام خەوەری پێبگا. بەهەر حاڵ بۆ لەمەولا مەلا هەرچی بفەرمووێت مووبەموو ئەنجام دەدرێت. ئەمە بەڵێنە مەحمووی کوێخا ناوخاس دەیدا.

ئەوکە وتی: ئێمە تازە تواین باینە ئەمدیو و بووینە پشتماڵەتان جەنابئالی هەرەشە لە لیمان کەیت؟

– ئەوکە شامار ئەمانەی وتم بەهەڕەشەی مەزانە و بەتەمیەی بزانە.

– تەمیەی جەنابت هاوەبان سەرمان.

مەلا حیلمی هەڵسا و وتی:

– ئێمە دەگەڕێینەوە ئەشکەوتی پاشا.

کوێخا هەڵسایە سەر پا و وتی:

– بەشەرەفی هەرچی شەرەفدار هەیە، نەمکوژن نایەڵم بڕۆن. ئیمشەو لە خزمەتتان دەبین.

دەنگی ماشین هاتە گوێ. هەمووان هوشیار بوونەوە کوێخا وتی:

– ماشین نییە و تراکتورە سەندوومە قەرارە ئەمڕۆ بگاتە ئەیرا. وا گەیشتووەتە بەرەوە.

## ٢٤

– کێیه؟

– میهردادم. ئێواره له کۆلێژ هاتیته دەرەوه لەلای دەرگا گەورەکەی زانکۆدا چاوەڕوانتم.

میهرداد تۆزێک ڕاوەستاو هەروا گوێی دەگرت تا وتی:

ـ ئاخروماخری ناوێت، تۆ کەی ژیر دەبیت و تێدەگەی؟

– چاوەڕوانتم.. یانی چاوەڕوانتم و ناتوانی نەیەی تەلیفۆنەکەی داخست.

ژیلا دەستەی تەلیفۆنەکەی بەدەستەوەبوو. گێژووێژ دەینواڕی پیادا. لەپڕ قیژاندی؛ قیژەیەکی وا ژوورەکە دەنگی دایەوە. گریا و گریا ئینجا کەوتە لاواندنەوە و دەیوت:

– خوای گەورە! بۆ وات بەسەرما هێنا؟ ئەم بەڵاو نەنگەت بۆ بەسەرما هێنا؟ بۆ کوێ بڕۆم؟ پەنا بەمە کێ؟ کێ گوێم لێ دەگرێت؟ بە چی ڕوویەکەوە باسی بەدبەختی خۆم بکەم؟ ئینجا بەدەم گریانەوە دەیوت:

– دایکە بێچارەکەم چەندە ئاواتەخوازی تارای بووکێنی من بوویت؟ چەندە دەربارەی ئایندەی من دەدوای؟

ژیلا وەک مەنجەڵێک دەکولا، دەگریا. بۆ بێدەرەتانیی خۆی، بۆ بێ پشت و پەنایی خۆی دەگریا؛ ئاخری هەستا و سەروڕووی خۆی شۆرد

و لەبەر خۆیەوە وتی:

– ژیلای بەدبەخت! هەستە بڕۆ خۆت بسپێرە ئەو خوا گەورەیە مەگەر هەر ئەو بەفریاتا کەوێ.

ژیلا لە ماڵ وەدەرکەوت و خۆی گەیاندە کۆلێژ. لە ماوەی مانگی ڕابوردووا یەک دووجار یاسەمینی دیبوو. بەتەواوی توانایەوە پەڕی لێدەگرت و لاتەرازکەی دەبەست و خۆی لێ دەشاردەوە. بەس ژیلای دیبا، دەیزانی غەمێکی فراوانی لێ نیشتووە و شادی و سەرحاڵییەک لە شێوەیدا نەدەبینرا. ئێوارەش هیچی پێ نەخورابوو. میهرداد تەلیفۆنی بۆ کرد بەرچاییشی پێ نەخورا. برسیەتی تەنگی لێ هەڵچنیی؛ لە برسا ڕیخۆڵەی ڕیخۆڵەی دەخوارد.. بڕیاری دا سەرێکی کافەتریا بدا. لە دەرگا ڕۆیشتە ژوورەوە یاسەمین و فەلامەرز دەستیان بۆ بەرز کردەوە. ناچار بەرەو لایان ڕۆیشت. دە ڕۆژێک دەبوو ژیلا و یاسەمین یەکترییان نەدیبوو. کە چاوی بەژیلا کەوت سەرسامانە دای بەسنگی خۆیدا و وتی:

– خوا مەرگم بدا ئەوە بۆ وات بەسەردا هاتووە؟ کوڕە خۆمە نەماوی، نەخۆشی؟ ژیلا چاوی هەڵنەهێنا بنوارێتە چاوی یاسەمین وتی:

– ئا.. نەخۆشم

– باشە، دکتۆرێک، دەوایەک؟ ئەی منت بۆ ئاگادار نەکردووە؟ لای خۆی میهران بۆ خۆی نیوە دکتۆرێکە، چەن بێ مەعریفەتن تۆ و میهران.

– با چوومەتە لای دکتۆر.

– وتی چی؟ نانوارێت چەندە لاواز بوویت؟

– پێم وایە چوار کیلۆ یا..

یاسەمین دەستی برد بۆ ڕان و پشت و دوای ژیلا و وتی:

ـ کورە خۆمە نەماوی، با بتبەمە لای دکتۆر دکتۆرێکی باش دەناسم.

– نایەوێت.. تەواوی دکتۆرەکان وەک یەک دەڵێن و یەک جۆر دەوا و دەرمانیان بۆ نووسیوم. ماندوویان کردووم.

فەلامەرزیش هاتە قسە و وتی:

– خۆ وەڵا ڕەنگت هەڵپرووزکاوە؛ نیگەران مەبە، یەشتا بەزەهریشەوە دەخوریەیت. کام نەخۆشی ئەوەندە نامەرد و دڵ ڕەقە نێوانی ژیلای ئازیزی ئێمە پەژموردەکا؟ ناماقووڵی کردووە.

ژیلا وتی:

– من فرە برسیمە. دەڕۆم سەندویجێک دەکرِم فەلامەرز هەڵسا و وتی:

– من دەڕۆم دەیهێنم.

– نا بۆخۆم دەچم.

– خانم گیان! بۆچی بێ ئەدەبمان دەکەیت. ژنێکیان وتووە و پیاوێکیان وتووە. نەشیاوە تۆ هەڵسیت و من لەیرا بم. یاسەمین وتی:

– جارێک وتەکەت ڕاست کەرەوە، ژیلا ژن نییە و کچە. بڵێ نێر و مێیەکیان وتووە باشترە.

– باشە با وابێت.

یاسەمین قسەکەی پێ بڕی و وتی:

– دەبڕۆ. ناحساوی، درێژدادڕ! سەندویجێکی قۆڕ و بێ مانایە و بیەری و تەواو. فەلامەرز ئامادە پای جووت کرد و لەپی خستە لای سەری و وتی:

– فەرمانت بەجێیە سەروەرم! تۆیش دەخۆی یا نا؟

– نەخێر جارێک برسیم نییە.

فەلامەرز ڕۆیشت و یاسەمین سەری بردە لای ژیلاوە و وتی:

ـ ڕاستم پێ بڵێ، چی بووە؟ نەخۆشی یا گرفتارییەکت بۆ پێک هاتووە؟ هەرکامیانە پێم بڵێ، من خوشکتم؛ مەگەر نا؟

– با ئێمە خوشکین. باوەڕ بکە هیچم لێ نەقەوماوە، لە نەخۆشی زیاتر.

– نەخۆشی و بەس؟

– ئا بەس و هەزار بەس.

– دڵنیامت کرد. دەمێکە میهرانمان نەدیوە، نەتوت چییە و بۆ دیار نییە؟

– بەخۆیەوە خەریکە

– ڕێکن یا ناکۆکن؟

ـ نە ناکۆکین و نە تەڕەماش، بۆ وا چوار دەورمت چنیەوتەوە. مەگەر بەرپرسیاری ساواکی؟

یاسەمین سەرسامانە نواڕییە ئاڵۆزی ژیلادا. ژیلاش ژانتای لە شان کرد و بۆی دەرچوو و یاسەمینی لە دونیایەکی گێژوویژیدا بەجێهێشت. فەلامەرز سەندویچ بەدەست گەڕایەوە ژیلای نەدی. پێی وا بوو بەرەو دەست شۆری ڕۆیشت. یاسەمین مات و بێدەنگ. فەلامەرز پرسی ژیلا کوا؟

– ڕۆیشت.

– ڕۆیشت؟

– نایبینی؟

– بابە بۆ مەگەر شەڕتان بوو؟

– حەرام ئەگەر هیچم وتووبێت. ئێستا لەوەی دڵنیام ژیلا شتێکی لێ قەوماوە.

– بۆ وا ڕەشبینانە تێدەفکریەیت؟ بۆچی کەس نەخۆش ناکەوێ؟

– با هەموومان نەخۆش دەکەوین. ژیلا کەی ئەوسا وا بوو لە هیچ پێکەنینی دەسازاند.

– ڕەنگە عاشق بووبێت، بۆیە وا لاواز و بێ تاقەتە. ئەوە نییە کابرایەکی لامەزەوی وەک من کچە لوڕێک چی بەسەر هێناوە. یاسەمین دەستی خستە سەر دەمی فەلامەرز و وتی:

– بەس بەس چیتە، ئەمڕۆ فرە سەرحاڵی؟

– خۆ وەڵا ڕاست دەکەی. بۆچی نا؟ کابرایەکی دەرباری وەک من تەواوی کات و ساتی شەو و ڕۆژی لەگەڵ دەرباریياندا دەگوزەرێنێت و دەباتە سەر. ئەمە بەکەم دەزانیت؟

– نەخەیر، کێ وتوویەتی کەمە. ئێوەی دەرباری تارمایی و سێوەری خوان، هەڵبژاردەی زەوت و زەمانن. فەلامەرز یەک دووجار ئحم ئحمی کرد و پای لەسەر پا نا و لووتی کەڵەفیش کردە ئاسمانا و وتی:

– مەگەر وا نیت؟

– با جەنابی ئاغای ئەمیرزادە وایە و زیاتریش.

فەلامەرز ڕێک دانیشتەوە و وتی:

– بێ گاڵتە. قەرارە سبەی لەگەڵ موهەندیس "کامەران"دا بڕۆم بۆ کۆشکی نیاوەران تا بگەمە خزمەتی کارفەرمای ڕاستەوخۆی پڕۆژەکە کە "لیلی" خانمە. هاودەم و هاوڕازی عولیا حەزرەت شەهبانوی

موعەزەم و عالی قەدر فەرەح پەهلەوی. بەڵێ ئەمە ئێمەین؟ گاڵتە مەکە تۆ بۆ لەمەولا دەبێ هەروا قسە بکەیت و وایش ناوی فەرەح بوەیت. ئەگینا هیچ بەهیچ ناکەیت.

– دەزانم لەو ناوە ئەوەندە کاسەلێس و کلکە لەقێکەر زۆرە لە هیچ دەیتاشن. نابینی شایان وا لێ کردووە خۆی بەخوای سەر زەوی دەزانێ و پێی وایە واریسی تەخت و بەختی هەزاران ساڵەی ڕابووردووی ئێرانە و بووە بەگورگێکی دەم خوێناوی..

– یاسی خانم! گورگ زادە هەر دەبێتە گورگ. کابرایەکی ملهوڕی وەک ڕەزا قوزاق هەر دەبێت کوڕی وا بخاتەوە. کەمترین نرخ و بایییەک نە بۆ مرۆڤ و نە بۆ یاسا دادەنێت. بەڵام خۆمانین شادی بەختەوەریم هی ئەو کورتە نامەیە وا موهەندیس سەیحوون لە جامخانەی کۆلێژدا هەڵیکردووە.

– ئەشهەدو حەقتە. ئەوە دەژی مرۆڤ شانازی پێوەکات. ئاخر کەم نییە قوتابییەکی دوا ساڵی ڕشتەی میعماری زاڵ بێتە سەر چەندین نووسینگەی گەورە و سەرەی ناسراوی دەرو وڵاتا ئەمە مایەی شانازی نەک تەنها تۆیە بەڵکو گەورەترین سەرکەوتنە بۆ کۆلێژەکەمان. لەبەرئەوەیە موهەندیس سەیحوون بەو شێوە بڵاوی کردووەتەوە. تەواوی قوتابیانیش وەک من و تۆ لەو ڕووەوە خۆشحاڵن و شانازی پێوە دەکەن. یەڵڵا! یەڵڵا! هەڵسە، درەنگە، ساردیشە. بمگەیەنەوە ماڵ.

– بەسەرچاو دەتگەیەنمە حەوت نهۆمی ئاسمانیش.. ئەی پاداشت؟

– با بڕۆین، شتێک هەر دەکەینە بەشت.

هەور و تەم و مژ شاری گرتبووە خۆ. بۆنی باران کەپووی پڕ دەکرد. پۆل پۆل قوتابیان لە دەروازەکەی زانکۆوە دەردەچوون. کزە بایەکی

سارد هەواڵی سەهۆڵبەندان و شەوێکی ڕچاوی دەدا. یاسەمین بازووی فەلامەرزی گرتبوو، ویستیان لە شەقام بپەڕنەوە یاسی ئاماژەی بۆ دوور کرد و وتی:

– ئەوە ژیلا بوو سواری ئەو ماشینە ڕەشە بوو. میهران ماشینی ڕەشی هەیە؟

– ڕەنگە خزمی بێت یا ناسراویەتی.

– بێ شک هەر وایە؛ بەڵام ڕەفتاری ئەمڕۆییم پێ سەیر بوو. هەرگیز وام نەدیوە.

– چییە ئەم نەخۆشی ژیلایەت بۆ لا بووە بەمەسەلەیەکی گرنگ و سەرسووڕێنەر؛ نەخۆشە و تەواو؟

– منت گەیاندە ماڵ، بۆ کوێ دەڕۆیت.

– یانی بەرەڵام دەکەی!

– هەڵیگرە بۆ کاتێکی دی. فرە ساردە، دوایی تووشی ئنفلۆنزە و هەلامەت دەبین؟

– بێ گاڵتە هەڵیگرە بۆ کاتێکی دی.

گەیشتبونە پانسیۆنەکەی یاسەمین.

فەلامەرز وتی:

– با منیش دابەزم. چش لە ماچ و مۆچ و موزد یادداشت هەر نەبێت قاوەیەکت لەگەڵ بخۆمەوە، زۆری تێناچێت.

– نا شەوە و. دابەزینەکەت بۆم دەکرێنە بەزم و گرانم بۆ تەواو دەبێت.

– کوڕە ئەمە وەزع نییە.. با کۆتایی بەم بەزمە بهێنین ناشوکری خوا

نەبێت ئەوەندەمان نەماوە ببین بەئەندازیار.

– شەوخۆش! گوێی مەدەرێ شت نییە خوا چاکی نەکا.. دوعا بۆ شاهەنشای زرتە زەلام بکە. سارەشەو وڵات دەکاتە بەهەشتی بەرین.

یاسەمین دابەزی، فەلامەرزیش بەرەو ماڵ بوویەوە. ئاوڕی لە هاتوچۆکەرانی سەرشەقام دەدایەوە خۆزگەی پێ دەخواستن، لە تووڕەبوونا پای نا بەبانزینی ماشیندا. کۆترێکی سەرما لێدراوی ئاوارە و برسی خۆی ماڵی بەشووشەی ماشینەکەیدا. فەلامەرز لە ماشین دابەزی. دەستی بۆ سەر بۆنیتی ماشین برد و کۆتری بەدەستەوە گرت. خوێن لە دەنووکی دەهات و ملی بەلادا هاتبوو.

# فەرهەنگۆک

شایی: تەختەیەکی لە کاغەز گیراوە نەخشەی ڕەنگی بەسەرەوە دەکێشرێت.
کاسێت: نەوار، بەکرە، شریت.
دەنگەوەرە: سەماعە.
عەهدیە: گۆرانیبێژێکی ساڵانیحەفتاکان بوو.
شەمایل: شکڵ و شێوە.
سیخورمە: پیوەژەندن.
ژوژمان: لە کۆلێژی میعماریدا کاری تێکڕایی بۆ کلاسیک پۆلێک تەرخان دەکرێت و لە پایانی هەفتەدا لە لایەن چەند ماموستاوە نمرە و پلەی بۆ کارەکانی دادەنرێت.
سەیحون: یەکێک بوو لە گەورە ئەندازیارە میعماریەکانی ئێران لە ساڵانی حەفتادا هەروەها سەرۆکی کۆلێژی هونەرە جوانەکانیش بوو.
عولیاحەزرەت: بە شابانوی ئێران شاژن فەرەح دەوترا.
یاسی: نێوی ناز و کچکەی یاسەمینە.
کارەکەر: ئەو ئافرەتانەی لە نێو ماڵاندا ئیش دەکەن.
بیدارکردن: لە خەو هەڵساندن.
ڕادیۆستی: سینەمایەک بوو بەو ناوە لە تاراندا.
دڵواپەس: نیگەران.
کەیهان: یەکێک بوو لە گەورە ڕۆژنامەکانی سەردەمی شا.
جزوە: بەرگێکە کاغەزی تیا دەپارێزرێت.
تروریست: تۆقێنەر، ئرهابی.
تیمسار: بە پلەی لە سەرهەنگ گەورەتر دەوترێت، یانی لە "عمید"ەوە.
فەرسیو: سەرۆکی دادگای سوپا بوو لە لەلایەن ڕێخکراوێکی دژ بەشا تیرۆر کرا.
تیرۆر: کوشتن.
مارکە: پەنجەمۆری کارخانەیەک.

سوزوکی گروپ: کارخانەیەکی ماشین ئالآت سازی ژاپۆنییە مۆتۆر سایکلەکانی گەلێک بەناوبانگە.
گروپ: کۆمەڵەیەک.
شلکە: نەرمە.
چاوچڵیس: چاوئەنداز، چاوحیز.
هۆرێن: ناوچەیەکە لە قەزای خانەقی.
دربەند: دۆڵێکی تەنگەبەرە لە گۆڕەپانی "تەجریش"ی شەمرانی تارانەوە دەست پێی دەکا هەڵدەکشێتە نێو دامێنی ئەلبورزدا.
ڕامسەر: شارێکە بەسەر دەریای خەزەرەوەیە.
نیلوفەر: گوڵێکە بەسەر ئاوەوە دەڕوێت.
تابلۆ: لەوحە.
چاوەقلیچکە: چاوهەڵتەکاندن، لەرزۆک نواڕین.
تەجریش: گورەپانێکە لە شەمراندا.
چەکەرە: ترس.
توچاڵ: جێگەیەکە کەوتوەتە سنگی ئەلبورزەوە دەنواڕێتە شاری تاراندا.
جەک: ئەو ئالەتە دەدرێتە ژێر ماشین و ماشین بەرز دەکاتەوە.
پارک: باخچە.
نیاوەران: گەڕەکێکە لە دامێنی چیای ئەلبورزدا.
پوزە: دەم و لوت زۆرتر بو ئاژیڵ بەکار دەبرێت.
کونەباجە: کراوەیەکی کچکە.
دەست و پا: پێش خزمەت.
شپرزە: پەشۆکاو.
حەوسەلە: سەبر، تامولْ.
ئەمیر: شازادە.
هەلاوردە: جنێوە وەک "قوزەل قورد"
سیستەم: کورسی خەو.
کافەتریا: جێگەی دانیشتن بۆ چای و قاوە خواردنەوە.
ناسک نارنجی: نازپەروەردە.
گازی پشت: بڕبڕاکەی پشت.
کەوانە: بە گوللەیەک دەوترێ لە زەوی کەوێ و دووبارە بەرز بێتەوە.

هەڵەفە: گرێ.

گەرد: تۆز.

بلووری: جۆرێکە لە پارچەی سپی.

خام: قوماشێکی سپی نەختەکێک بۆر.

دیمەودەر: کونی سەرتاسەری.

فیزاع: هاوار.

بوەرەی: بیبە.

مەردانەگی: ئازایەتی، پیاوەتی.

زیتەڵ: چاپک و چالاک.

دەفر: دەورێ، ماعون.

ڕایەڵ: ئاماژە.

چە توای: چیت دەوێ.

مڵاڵ: منداڵ.

مەکوشەی: مەیکوژە.

خەوەر: خەبەر.

مەزەنە: بۆچوون.

مەنم: دەمێنمەوە.

کل کەیت: دەینێرێت.

مەرافە: شەڕ.

وەی چەشنە: بەم جۆرە.

نێتوات: نایەوێ.

حەققانی: حەق گۆ.

با بچم: با بڕۆم.

دەری بارم: دەریبهێنم.

دیو: ژووری خەو.

لاکێش: قاڵی.. بەڕە..

فەرمایش؟: چ دەفەرمووی؟

گوش: گوێچکە.

بوزرگەواری: گەورەیی.

خەجاڵەت: شەرم.

لەتر دان: سەرسم دان.
خۆراک: خواردن.
دەستەگوڵ وەئاو دای؟: چ دەستەگوڵێک بوو داتە ئاوا؟
ئەرا: بۆ.
مەردحساوی؟: پیاوی پیاوانە؟
چەپاو: تالآن.
مەنییە: ماوە.
تیکەپارە: پارچە پارچە.
یە عیدە: جەماعەتیک، برێک.
هاوەلیا: لەگەڵیا.
خانەبگیر: لە مالآ دەست بگیرکردن.
نەفام: گەوج.
شەڕواڵ: ڕانەک.
خەربازی: کەریەت.
حەتم دیرم: دڵنیام.
داشتم: هەمبوو.
ئیجازە: مۆڵەت.
دایە: داویە.
بنکە: مەقەڕ.
ئەنگیزە: تاٌفکرین.
خواستی: ویستوتە.
بنچەک: بنەڕەت.
بەیلولە: دەربەندێکە لە پاینی چیای بەمۆوەیە هەمیشە هەوارگە و بنکەی پێشمەرگەی تیا بووە.
مارکسیەت: پەیڕەوانی بیروڕای چەپگەرای کارل مارکس.
ڕەپەی: قەبەی، ڕاستەی.
پەرچ و پەیوەند: تیکەلآوکردن.
گوڵی گلاویل: گوڵێکی گەورەی ڕەنگاوڕەنگی بێبوونە لە بنەماڵەی زەنبەقە.
تەنورە: دامێن.
گۆبکە: بەرجەستەگی.

تیلماسک: نمایان بوونی تاڵ لە ژێر پارچەوە.
شۆرت: دەرپای کورت و تەنگ و چەسپاو.
پەرەستیژ: مەقام و هەبیەت و کەرەکتەر.
شایستە: پەسەند.
سەوداگەری: مامەڵە.
تالاری بلیارد: ئەو هۆڵەی بلیاردی تیا یاری دەکەن.
ماکێت ساز: ئەوانەی نموونەی گچکەی ساختمان دروست دەکەن.
مۆبل: قەنەفە.
لوئی چواردەهەم: شای پێش شۆڕشی میللەتی فەرانسە بڕێک لە مۆبلیاتی ناوماڵە بەناوی ئەوە نراوە و باوی پەیدا کردووە.
نم نمەک: نەرمەمژ.
جیڤارا: شۆڕشگێڕی بەناوبانگی ئەمریکای لاتینی.
ماوسی تونگ: کەڵەپیاوی شۆڕشی کۆمەنیستی میللەتی چین.
گروپ: برگە، کۆمەڵ.
دراکولا: گیانلەبەرێکی ئەفسانەییە تەنها بەشەواندا دەکەوێتە جموجۆڵ و زیندەگی بەسەر خوێن مژینەوەیە تیشکی هەتاو دەی سوتێنێت.. گوایە ئەمیرێکی شۆڕشگێری ولاتی ڕۆمانیا بووە و دژ بەدەسەڵاتی عوسمانیەکان لە شەڕدا بووە و سەرئەنجام بەو شێوە ئەفسانەیەی لێ هاتووە.
میهرئاباد: فڕوکەخانەی شاری تاران.
ئروستوکرات: چینی دەوڵەمەند و خوا پێداوان.
جێن: پارچەیەکە کە کەمێک ئەستوور وەک "Lee" وایە بۆ پانتۆل بەکاردەبرێت.
جومەی دێت: قەرەباڵخیەکی زۆر.
تالار: دالانێ پانوپۆڕ و بەرین.
مینگ: پێستی جانەوەرێکە نەرم و نیان و گرانە ڕەنگی ڕەشە ژنانی دەوڵەمەند پاڵتاوی لێی دەکەن.
ستراخان: پێستی ئاژێلە نەرمە و ناسک ژنان پالتاوی لێ دەدورن ولاتی ڕووسیا بەوە بەناوبانگە.
پلنگی کۆنگۆ: کۆنگۆ ولاتێکە لە ناوەڕاستی ئەفریقایە پلنگی جۆراوجۆری تیادا دەژی.
یاقوت: جەواهیراتێکە گرانە و ڕەنگی سوورە.

چروت: جگەرەیەکی ئەستوورە.. لە گەڵای توتن دەیسازن.
کەرەوات: بۆین باخ.
لانڤن: کارخانەیەکی بەناوبانگی جل دورینی وڵاتی فەرانسەیە.
کریستین دۆبەر: کارخانەیەکی دی جل دورین و بۆن و شتی تازە بابەتە لە پاریس دا.
پیرگاردن: دیسان کارخانەی جلوبەرگ و بۆن و شتی تازە و نوێیە لە وڵاتی فەرەنسەدا.
ئەمیر ئینتیزام: خان زادەیەکی گۆرانە لە ناوچەی کرماشاندا لە کوردستانی ڕۆژهەڵاتدا.
موفت: بە خۆڕایی، بەلاش.
گوپ: ڕوومەت.
کار: بەچکە بزن.
پەرجەستە: تۆبز، بەرزەوەبوو.
قەزات لێم کەفێت: دەردت لێم کەوێت.
کەڤش: قونەرە، کەوش، کڵاش.
مەنیمە؟: ماوم؟
چتە؟: چیتە؟
ماران گەزستە: ئەوانەی مار پێوە داون.
گیرم: هاتوو.
توانستی: توانیت.
بلبل زمانی: چەنەبازی.
بپوڕیت: پیەی کەوی.
بیوسینە: بگەینە.
بابایەک: کابرایەک.
خود خودا: بۆ خۆی خوا.
ئەرا مەحاڵە؟: بۆچی ناوێت؟
بازکەم: دەیکەمەوە.
جومکە: مەفاسڵ.
قایمقام: فەرماندار.
قوەی سەیار: هێزی پۆلیس.

مەلیک فەیسەڵ: پاشای عێراق لە شۆڕشی چواردەی تەممووزی ساڵی ١٩٥٨ دا لەلایەن شۆڕشگێڕانەوە تیرباران کرا.
حەکیم باشی: دکتۆری کوردەواری.
توخنی ناکەوێ: ناچێتە لایدا.
باسەن: گوپکەی قنگ.
شاگەشکە: لە حاڵ چوون.
ئەشکەوتی پاشا: ئەشکەوتێکە بەچیای زمناکۆوە کاتێک مەحموود پاشای جاف لە دەوڵەتی عوسمانی یاخی دەبێت پەنا دەباتە ئەو ئەشکەوتە.
ڕابە: ڕابعە.
سەواددارە: خوێندەوارە.
خمسە خمسە: تۆپێکە گوللەکەی بازنەئاسا دەڕواتە ئاسماندا و بەر دەبێتەوە.
نیەکرت: ناکرێت.
نیەتوای: ناتەوێ.
بام: بێم.
زڵ زڵ: زاق زاق.
هۆڕ: لە خوری دەیچنن دوتایە بۆ سەر پشتی وڵاخ.
تفاق: ئامادەگی.
دیو، دیو: پیەچ پیەچ.
درختچە: دارێک لە دووگەزی شا بەرزتر نەبێت.
گەز: درەختێکە لە دەشت و دەردا بەرگەی بێ ئاویی دەگرێت.
بەڵک: درەختچەیەکە لە ناو خڕ و نزیک ڕووبارەکاندا دەڕوێ.
کەفەسمە: باڵندەیەکی ڕەنگاوڕەنگە لە چۆلەکە گەورەترە و دەنووکی درێژە.
مەوج: ڕوکەشێکە لە مووی بزن دەیسازێن .
داو: تەڵە.
فیت دان: هان دان.
گورگانە شەوی: بەیت و بالورەیە بۆ منداڵ دەوترێت تا خەوی لێکەوێ.
ژن و زا: ژن و منداڵ.
تاقەبەرد: بەردێ پان و ساف، تاکە سەنگ.
کلکە: پیەچ.
وشکی بەخت: بونەهات.

چیکلە: دار و درەختی وشکەوە بوو گلیرکردنەوە.
ئاوروڕێزی: کاری ناپەسەند و نەشیاو.
دیرم: هەمە.
جەدوئابادت: باو و باپیرت.
دوینمت: دەتبینم.
هۆش: ئەقڵ.
دیمەودەر: گردە کۆن.
ئەبلەق: واق وڕمان. سەرسڕمان.
مەیشە: مەلا.
من مرم: من دەمرم.
تویشە: تەوشی.
ڕەستە: دەگا.
ڕیشەم: ڕیشۆم.
نەیرم: نیمە.
خەمەی: دەیخەم.
بە پیم: بمدەیە.
ڕەسنتە: دەی گەیەنێتە.
بەقیەی وەمن: ئەوانەی لە سەر من.
تەرەف: لا.
غولامیت کەم: خزمەکاریت دەکەم.
هەمرامت: لەگەڵتا.
گڵمەگڵم: هەرا و هوریا.
سەدا: دەنگ.
چقە: پۆپەی تاجی شا.
قەڕان: پولێکی کەم نرخە.
شەقامی شاڕەزا: شەقامێکە لە ڕۆژهەڵاتی تارانەوە دەست پێدەکا تا ڕۆژئاوا زانکۆی تاران بەسەر ئەو شەقامەوەیە.
جمشید ئاباد: گەرکێکە لە نێو تاراندا.
بسڤور: کارناس، لێزان.
کونفدراسیۆن: کۆمەڵە ڕێکخراوێکی سیاسی دژ بەشای هاوپەیمان لە دەرەوەی

وڵاتی ئێراندا لە تەقالاو ململاندا بوون.

عەلاحەزرەت: ناوی شای ئێرانە، شاهەنشا، شایشاکان.

دڵ واپەس: نیگران.

مەنسوری: ناوی بەڕێوەبەرێکی گەورەی نێو دەستگای ساواکە.

میهرداد: یەکێکە لە دەست و پای خوێناوی دەستگای ساواک.

ئەوژەنگ: ئالەتێکی بکوژوببڕی سازمانی ئەمینیەتی ئێران بوو.

خاقان: ناوێک بوو بە"فتح علی شای قاجار"یان دەوت کە سێ چوار هەزار ئافرەت لە ئەندەرونیدا دەژیان.

تاکیواکی: دەستگایەکی بێسیمە دە دوانزە کیلۆمەتر توانای پەیوەندکردنی پێ دەکرێت.

سیمرخ: باڵندەیەکی ئەفسانەییە.

ڕیشۆلە: ناوی باڵندەیە.

پرۆژە: بەرنامەیەکی داڕێژراو.

ڕێچکە: شوێن پا، ڕچە.

کلک زلەکان: پیاوەگەورەکان، دەسەڵات دارەکان.

پاداشت: خەڵات.

ڕاپۆرت: نامەیەکی نووسراو، لێنووسین.

تالاری کار: هوڵی کاروبار.

ئەلەجەوبەلەجە: تیکەڵ و پێکەڵ.

شەوەساری: شارێکە لە بەشی سەرەوەی ئێرانە.

شەڕی ڤیتنام: شەڕێکی چەند ساڵەی نێوان ئەمریکا و ڤێتنامە.

کلک زل: پیاوی گەورە و، تەماحکار و، بودەڵە.

پارتیبازی: واسیتە.

ئاوگوشت: خۆراکێکە لە گۆشت و پێو و نۆک، بەنانەوە دەخورێت خۆراکی چینی کرێکار و هەژارانە.

چایخانەی تەقیخان: چایخانەیەک بوو هەوارگەی وەستا و عەمەلە و کرێکاران بوو.

بایاش: مامۆستای پرسیبکتوی کۆلێژی هونەرە جوانەکانی زانکۆی تاران بوو بەپیەنار لە وڵاتی فەرانسەوە هاتبوو.

سەوزە مەیدان: مەیدانێکە لە خوارەوەی شاری تاراندا.

خەربزە: جۆرێکە لە کاڵەک یەکجار شرینە و لە خاک و بومی ساردا دێتە بەرهەم
هورِا: بژی.
مەن: مەن جۆرێکە لە کەیل و کێشانە .
قەران: پوول و پارەیەکی کەمە.
ئیرەج: گۆرانیبێژێکی ناسراوی ئێرانییە.
برِێک: کۆمەڵێک.
ولاّخ: بەرزە ئاژیل.
پاگاز: ئەوی خێرایی ماشینی پێ زۆر دەکرێت.
نەهاوندی: سەردەمێک سەرۆکی زانکۆی تاران بوو لەم دوا دوایەدا بوو بەسەرۆکی نووسینگەی فەرەج پەهلەوی.
کۆشکی نیاوەران: کۆشکی هاوێنەهەواری شا بوو.
ئەتیکت: ئاداب و نەریتی سەردەمانە.
فستیڤال: کۆبوونەوەیەکی دووسێ رِۆژەی خۆپیشاندان سا هونەری بێت یا ئەدەبی.
گالری: ئەو هۆڵەی وا جۆری جیاوازی هونەری تیا دەخرێتە بەرچاو.
خاتەمکاری: وردە پیشە بەکاربردن لە دار و تەختە و دەرک و مێز و بەردەستیدا پرِە لە وردەکاری.
مودیرن: تازە، نوێ.
کۆنفراس: دانیشتنێکی تێکرِایی.
دیبا: بنەماڵەیەکی ئێرانییە فەرەج پەهلەوی لەوانە.
ئەفخەمی: بنەماڵەیەکی ناسراوی ئێرانییە.
ژاکوپە: ناوێکی لاتینییە.
کەرخ دەنکی: دەنگی گرِدار، دەنگی نێرانەی ئافرەت.
کاپشن: قەمسەڵەیەکی خاکییە گەنجەکان لەبەری دەکەن.
رِادیۆستی: سینەمایەکی ناسراوی شاری تاران بوو.. لە حەفتاکاندا.
پەیکان: ماشینێک بوو لە ئێراندا لە لایەن کۆمپانیای ئێران ناسیونالەوە کۆ دەکرایەوە.
کلکەئەسپی: ئەو ئافرەتانەی وا لە پشتەوە لە بندا پرچیان دەبەستنەوە و شۆرِی دەکەنەوە.
دڵواپەس: نیگەران.

چ ماڵیکە؟: چ پارچەیەکە؟

ئوتوبان: ئەو جادانەی یەک سەرەن و پان و بەرینن و دولاگیراو لە نێوان تاران و کەرەج دا ئوتوبان هەبوو تەنها هەر ئەویش بوو لە سەرتاسەری ئێرانا لە هەفتاکاندا.

یەرەق کردو: بۆ ولاخ زۆرتر دەوترێت، ئەو ولاخانەی ئالەتیان هەڵساوە.

شەوال بلین: خانم باز، چاو لە دەر.

سیغە: ئافرەتێک بۆ ماوەیەکی بڕیار لەسەر دراو لەگەڵ پیاوێکدا تێکەڵ بێت لەسەر مەزهەوی شیعە.

شاری نەو: جندەخانەی شاری تاران.

سوسەنەک: نەخۆشییەکی جنسییە پیاو و ژن دەیگرێت.

دبلۆم: لە ناوندی بەرزیز.

کونکوژ: تاقیکردنەوەیەکی تێکڕاییە لە ئێراندا.

خانەی خاقان: ئەو جێگانەی لە لایەن ساواکەوە دابین کرابوو بۆ بێ سیرەت کردن و ڕابوارد.

ڤیلا: خانوویەکی چوار دەور ئاوکەی مودیرن.

سەگی پوینتەر: جۆرێکە لە سەگی ڕاو.

سەریری دووکەسە: سیستەمی نووستن.

ڕۆژی لێو: بویاخی لێو سوورکردن.

ڕیمێل: ئەو دەرمانەیە وا برژانگی پێ ڕەش دەکەن.

سویت: جێگایەکی گەورە و بەرینە لە هۆتیلە گەورەکاندا.

کونتوار: پێشخوان.

ڤۆدکا: خواردنەوەیەکە هی ولاتی ڕووسە و ئێستا جیهان گیرە و لە تەواوی ولاتاندا دەیخونەوە و دروستی دەکەن.

نیلە: ئەو بازنەیە دەخرێتە ملی هێستر و گا بۆ جووت کردن.

مەخمەڵ: جۆرێکە لە قوماشی ئەستوور.

مولەق: لەرزۆک.

کەوش: قۆنەرە، پێڵاو.

سوڤاژ: دەستگای گەرم کردنەوەی ناوماڵە.

مۆنەمۆز: بۆ سەگ دەوترێ لە کاتی دیلەوبادا بەدەورا هاتوچۆکردن لە دەورگەڕان

چەرچەف: متیل.

لیوان: پەرداخ، گڵاس.
مۆنتاژ: بەیەکەوەنان، ڕێکخستن.
ئەلکول: کحول، خواردنەوەی سەرخۆش کەر.
هستیریانە: شێتانە.
ئەژنۆ: چۆک.
سەریر: کورسی خەو، هی نووستن.
چەنەچەن: چەقەچەق.
پری دایە: هەڵمەتی بۆ برد، پەلاماری دایە.
بلوز: کراسی سەرتەنە.
شیلای بوزرا قوزاق زادە: قوزاق چەند تیپێکی سەربازگەی سەردەمی قاجاریەکان بوون ڕەزاشا باوەک ڕەزا قوزاق لەو تیپانە بوو.
کۆمەنیست مەئابە: ڕفتاری شیوعییانە.
رعیەت: چینی ژێردەستە.
مەدهوش: مەنگ.
دروشم: شیعار.
فرەیە: زۆرە.
میکانیزە: زەویەک بەتراکتۆر و کومیابن وردکرێ و درەو کرێت.
پاریس: پایتەختی فەرانسە.
مەلول: غەمگین، داماو.
ئابیدی کلیسا: خزمەت گوزاری کلیسا.
چەرخ چەمەر دەویت؟: دونیا بەئاخر دەگا؟
هوکارە: فێرە.
خولیا: خەو و خولیا، ئارەزوو.
ئەمیر علیخان: یەکێک بوو لە خەوانینی تیرەی زەنگەنەی دانیشتووی شاری کرماشان.
سویسرا: وڵاتێکی ئەوروپاییە.
سیاچاڵ: زیندان، بەندیخانە.
کلکەوانە: ئەنگوشتەر، ئەنگوسیلە.
کلکەوانەی حەزرەتی سیلمان: ئەو کلکەوانەیە نیشانەی دەسەڵاتی حەزرەتی سولەیمان بوو کە لێی بزربوو دەسەڵاتیشی لە دەست دا.

حەمەڕەزاشا: محەمد ڕەزاشای پەهلەوی دووهەمین و ئاخرین شای زنجیرەی پەهلەوی.
فەلسەفەبافی: خۆ بەزانیار نیشان دان یاری بەوشە کردن.
خووە خسلەت: ڕفتار و کردار.
قەڵای سەنگ باران: قەڵایەکی ئەفسانەییە هەر کەسێکی توخنی کەوتبا بەردی لێ دەباراند.
مەسنەوی: شاکاری هەتاهەتایی مەولانا جەلالەدینی ڕومی.
ئەسفەندیار: یەکێکە لە قارەمانەکانی نێو شانامەی فیردەوسی لەلایەن ڕوستەمەوە کوێر دەکرێت.
ورِک: سووربوون لەسەر شت.
ئەمیر ئەقدەم: یەکێک بوو لە خەوانینی تیرەی کولیایی ئوستانی کرماشان.
قایلی بڕیارە: شایستەی بڕیار لەسەردانە.
تاجی: نازناوی ئالەمتاج.
ڕوتەڵە: هەژار و کەم نمو.
ئەتیکت زان: ئاداب و نەریەتی مۆدێرنانە.
خاقان زادە: کوڕە شازادە.
زولفەقار: شمشێرەکەی حەزرەتی عەلی.
جیفارا: شۆڕشگێری بەناوبانگی ئەمریکای لاتین و هاوالی خەباتی کاسترۆ شۆڕشگێرانی مللەتی کۆبا.
جیفەومیغە: بۆ تەماحی ناڕەوا و ناحەق بەکار دەبرێت.
مورەخەسی: ئیجازە، مۆڵەت.
سەلتەنەت ئاباد: یەکێکە لە گەڕەکەکانی دەوڵەمەندنشینی شاری تاران.
بانکی ملی کستکانفد: گەورەترین بانگی دەوڵەتی ئێران.
تروریسمە: ئیرهابییە.
مەستانە: سەرخۆشانە.
حەوق قەڵەم ئارایش: ئارایشی خەست و خۆڵ.
کۆشکی سعد ئاباد: کۆشکی فامیلیایی محەمەد ڕەزاشا.
قوپچە: دوگمە.
سوخمە: سوخمەی مەمک، مەمک دان.
دەست خۆش: ئافەرین.

مەگەر شوخیە: مەگەر گاڵتەیە؟

ڕچنیت: دەی ڕچێنێت.

یەخ کردیە: بەستویەتی.

برەسنین: بیگەیەنین.

خەیلێ زەمانە: کاتێکی زۆرە.

ئەی جور: بەم چەشنە.

نەدیمە: نەمدیوە.

کۆترەدار: ڕیشوی دار و درەختی وشکەوە بوو.

چنچکە: لەسەر دوو پێ دانیشتن.

لوکس: چرای تۆردار.

سەروان عەزیزی: ئەفسەری سێ ستارە بەناوی عەزیزی.

کوێخائەلماس: کوێخای ئەهلی حەق.

دارکاری: لێدان، تێهەڵدان.

مەویش: مەڵێ.

مەردمەو: خەڵکی.

خاس خاس: چاک چاک.

کوتابەسەی: لێی داوە.

وا بچت: وا بڕوا.

شەرواڵ: دەرپا.

وەپای: وەپێی.

ژنیەل: ژنان.

کەنت: دای دەکەنێت.

مەرەخەسی: بەرەڵا.

قەی نەیرت: قەیناکە.

زەهاو: ناوچەی زەهاو لە فەرمانداری قەسری شیرین.

خەسانیە: خەسیاو.. گون دەرهاتوو.

ئیشم: دەڵێم.

ناموس: شەرەف، حەیسیەت، ئاوڕو.

دەنگ فرە نازداری دیرت: دەنگی گەلێک خۆشە هەیەتی.

هورە: گۆرانییەکی کۆنە، ستایشە بۆ ئاهورامزدا بەناوبانگە بەهورەی جاف.

چرت: گۆرانی دەڵێت، بانگ دەکا.
تەمورەش: ئامێرێکی مۆسیقایە.
خاسی ژەنت: چاکی لێی دەدا.
دەمی بچڕە: تاوێک گۆرانی بڵێ.
دیوانە: شێت، مەجزوب.
چوڵ: چۆڵەوانی.
وەک داڵەهو: بە ئەندازەی داڵەهۆ.
نیشتیە وە کوڵم : کەوتوەتە سەر شانما، هاوە قلاندوشانمەوە.
یەچ دەردی بی : ئەمە چی دەرد و ئازارێک بوو.
دوچارم کردی: توشت کردم.
کە داشتم: هەرچیم هەبوو.
وەیەغما بردی: بەتالان بردن، چەپاوت کرد.
بوکروزی: بۆن و دوکەڵی گۆشتی سوتاو.
چوارمشقی: لەسەر زەوی دانیشتن.
سەی سایەق: شارۆچکەیەکە لە دۆڵکی شارەزوردا.
تورەهات: نا ئەسل و چروک.
شریس: ئاوێکی چەسپەندەیە لە لەشی دار و درەخت دەچوڕێت.
نم: نیمچە تەڕ.
دەپەنەما: دەئاوسا.
ملیمتر بەملیمتر: ڕیزە بەڕیزە.
جواناوی ژان: نمی عەرەق لە تاوی ئازاردا دەنیشێتە سەر ڕوو و ڕووخسار.
خرتە بووم: دەنگی دوپێشەی لەیەک تەرازاو.
ڕەشکە کا: لە مووی بزن دروست دەکرێت.
زانم: دەزانم.
وەلی خاسە نا: بەلام باش نا.
قەتاریک: زەوارێک.
قارک: نیوی گچکەی قارەمانە.
دەڵەشیر: دۆڵێکە لە پشتی چیای "بەموو"ە.
ئەرا: بۆچی.
نیم.. نیم نەوت؟: پەنجا.. پەنجا.

دەلاڵکینەوە: دەپارێنەوە.
ئیشی: دەڵێی.
نەسیب: قسمەت.
نەفروشنەی: نەیفرۆشن.
ئاوی کە: لە ناوی دە.
باج: خاوە.
توام: دەمەوێ.
کوینەییە: خەڵکی کوێیە.
چکارەس: ئیشی چییە.
بنکورەیە: ناوچەیەکە بەرانبەر قەڵای شیروانە بەوبەری ڕووباری سیروانەوە.
چەتە: یاخی، گەردەنەگڕ.
توای: دەتەوێ.
بکوشمەی: بیکوژم.
وەی خەوەرانە: لەم هەواڵانە.
بایەت: دەبێتە.
برەسینە: بیگەیەنینە.
شەوەکی: سبەینا.
تاریکەو لیڵەکە: دەمەو شەفەق.
نەکەفینە: نەکەوینە.
نارەسین: ناگەین.
ڕاه: ڕێگە.
پاهەڵگرین: زووکەین.
ڕەسین: دەگەین.
توکە: تویەک.
وەلمانا: لە گەڵمانا.
نیەتیت: نایەیت.
بکوشنەم: بمکوژن.
لەلی بپرس: لێی بپرسە.
تیەم: دێم.
تۆف: بەفر و باران و کڕیوە.

بچو: بڕۆ.

نیگای: سەیری.

شەوسو: سبەینێ.

وەیرا: لەیرا.

منیت: دەمێنێتەوە.

تیمنەو: دێینەوە.

یە: ئەمە.

نیگای: سەیر.

چە ئیشت: چی دەڵێت؟

نایشی: ناڵێیت.

چەتە: چیتە.

چمانە: دەڵێی.

کوهـ: کەژ، چیا.

کۆڵ: پشت.

دەرد: ژان، ئێش، ئازار.

زەخمی: بریندار.

بچنە ڕیوە: بڕۆینە ڕێگەوە، بگەڕێنەوە

جاکەیتەی؟: جا دەیکەی؟

یەتیم: هەتیو.

دق: مەراق.

قەومیایە: قەوماوە.

نەمەنیمە: نەماوم، فەوتاوم.

سوزیامە: سوتاوم.

هەی داد: هەی هاوار.

نەڕەسی: نەگەی.

بڕەس پیم: پیاما بگە.

دوێت: کچ.

کوشیەسەم: کوشتەمی.

قەقنەس: باڵندەیەکی ئەفسانەیە لە عشقدا دەسوتێت و دەتەقیقەوە و هەر پرشێکی دووبارە دەبنەوە باڵندەیەکی دی.

سەیە: ناو گچکەی سەبری.
دەرد فرەیگە: ئێشێکی زۆرە، ژانێکی فرەیە.
ئاسانی وت: بە ئاسانی دەبن.
فرە مەرافە دیرت: گەلێک گرفتاری هەیە، دەردەسەری زۆرە.
مەزهەو: مەزهەب، ئاین.
وەدەست بارم: بیهێنمە دەست.
بخەفینم: بیخەوێنم.
پەیدا: دیارە.
خەمە: دەیخەمە.
باخەڵت: باوشت.
تا مرم: تا دەمرم.
خاک: خۆڵ.
نەوکەر: خزمەتکار، پێش خزمەت.
پابخە: زووکە، گورج بە، خێراکە.
برەسینە: بگەینە.
شەنگ خانە: فیشەک دان، ڕەزانی فیشەک.
شەنگ: فیشە.
جەنگ: شەڕ.
ئەکبەرخان والی: علی ئەکبەرخانی سنجاوی سەرۆکی خەوانینی تیرەی سنجاوی و هۆزەکانی تریش.
بەگزادەخان: میرەکانی هۆزی جاف، جافی ئێران و عێراق.
سنجاوی: تیرەیەکە لە کوردستانی ڕۆژهەڵاتدا.
وەل: لەگەڵ.
فەرق دیرت: جیاواز نییە.
شوخیە؟: گاڵتەیە؟
قەیرغە: لای لەش، لاپەراسو.
کۆزەوە: کۆزە بۆ بەرخ و کارە.
شێ: ئەسپێک سوربێ و ناوچەوان و چوارپەلی سپی بێت.
مەلاس: خۆشارەوەیەکی ئامادەی پەلامار.
تاش تاش: ڕکە ڕکە، دان دان.

دەی بان: دەی وەرن.
چەق: ناوەڕاست.
کەلپوز: نشین گای سوار لە زین دا.
قەرەوەل کردن: نیشان گرتن.
بەلەپیتکە: ئەو زمانە بچکۆلەیە کە پەنچەی پیادێت و تفەنگ و دەمانجەی پێ دەتەقێتەوە.
ڕمی کرد: ڕمی کرد.
نێتواین: نامانەوی.
بانەدەر: وەرنەدەشت.
لە لیتان: لێتان.
باوەیادگار: ئیهامی مەزهەوی ئەهلی حەق.
دیرت: هەیەتی.
توان: دەیانەوێ.
نەسەری سیر: بۆ شتێکی بێ نرخ و بێبایی دەهێنرێتەوە.
نەقنجکی پیاز: شتێکی بێ سوود.
چارەوەدارین: ولاخ دار.
پچنە ڕیتانەو: بڕۆنە ڕێگاتانەوە.
مەیێکە: جەنازە، مردو.
بەحەیانەتی حەی قەسەم: بەو خوایە هەتا هەتایە.
کەردەنەگیر: چەتە.
دادەپڵوسن: پەلاماردان و لێدان.
ئەوکە شامار: ناو و ناتوری چەقەیەکە.
بەڵمە برنج: گیایەکی بێ سودە هیچ ئاژیل و بەرزەولاخێک نای خوات.
کارە کۆرپە: بەچکەی بزن.
دەستیەیلت: دەستەکانت.
ملهوڕی: زورەملی.
حەوسەڵەم: تاقەت، سەور.
نەمەنییە: نەماوە.
یاروتر چە؟: ئەوی تر چی؟
مەگەر نیەتوات: مەگەر نایەوێت؟

نەفەس: هەناسە.
بکێشت: بیرا.
بانە نوا: وەرنە بەرەوە.
وەهەوای: بە ئومێدی.
یا بایەت: یا دەبێ.
ئەمان دیریت: ئەمانتان هەیە.
تەمامە: تەواوە.
وەی جورە: بەم چەشنە.
ئەرا؟: بوو؟
جوانخاسیت: گەنجێتیت.
مەردمەردانە: پیاوانە.
دەربەندیخان: شارێکە لە بەسەر سیروانەوەیە.
سفارش: تایبەتی، مەخسوس.
ئەرا خۆیەتی: بۆ خۆیەتی.
باوەجانی: تیرەیەکی گەورەی جافە لە کوردوستانی ڕۆژهەڵاتدا.
باریەل: بارەکان.
سەرد: سارد.
دارماڵکە: ئەو دار و کوترانەی سەیل و لافاو دای دەماڵن.
نسترم: جێگەیەکی چەپی پێ با.
قالم قەورە: بمرم ئەگەر.
داڵک: دایک.
ماڵ و ئەحوال: سەرمایە و دارایی.
توێشو: نان هاورا بۆ ڕێگە.
بەو بوینمەی: وەرە با بیبینم.
ئالک: خواردنی ئاژێل.
مەبادا: نەکا.
ئەرات باسی کەم: بۆت باس دەکەم.
چەس: چییە.
بخسوس: بەتایبەت.
کار خەیریگە: کاری خەیرە.

ئەرا ئەیە: بۆ ئەوە.
دریخ نەفەرماین: قسور مەفەرموو، کۆتایی نەکردن.
ڕای ئیمە: ڕێگەیی ئێمە.
میمکینە: ڕەنگە.
ئەی یەتیمە: ئەم هەتیوە.
وەنەزەرم: لام وایە.
کار ناجوری نەوت: کارێکی باش بێت.
فرە بییە: زۆر بووە.
پورت: ئەشیەت، دەگونجێت.
هەگبەکەی: تورەکەی گەورە یا نیمە هورێکی یەکتایی.
خراو: خراپ.
جولەکە: پاساری.
بچکتم: خزمەکارتم.
تەتەر: ئەو کەسانەی بەپیان نامە دەگەیەنن و لە تەکان دانا گورج و گۆڵن.
خولە: مەحموو.
حەمە تاڵی بانە: کابرایەکی یاخی بوو لە دەوڵەتی ئێران و عێراق.
هاورتین: تیرەیەکە لە نێو هۆزی "جاف"دا.
پوزە: دەم و لوت و کاجیرە.. زۆرتر بۆ وڵاخ دەوترین.
جوانەمەرد: ئازا، کەڵەمێرد.
میراز: لێدان.
کرۆ کروشکە: هەزار بار سوپاس.
بنۆڕ: سەیرکە.
بکەفیتە: بکەوێنە.
کوریەل: کوڕەکان.
شیرین وت: قسەی جوانی کرد.
بشیونت: تێکی دا.
باتە ڕامان: بێت بۆمان.
سەفا دیرت: زۆر خۆشە.
کلکە لەقی: مامە حەمەیی، بەدەوردا هاتن.
تکا: ڕجا، پاڕانەوە.

نزا: لاڵكانەوە.
وردە بزمار: ڕەخنە، پەلار.
گوانەكانت: مەمكەكانت.
مەرەخەس: بەرەڵا.
منەیكەن: بە دوایدا دەگەڕێن.
تەدارەك: ئامادەكردن.
سایە: سێوەر.
گەواهی: شەهادەت.
چواركڵاو: دێیەكە لە بندەست چیای ترشاوەدا لە نزیكەی چیای "بەموو"دا.
پەزەكان: مەڕەكان.
ئوتاق: ژوور، ئۆدە.
ترانسستۆر: ڕادیۆی بچووك.
قۆنگ: درێژەی پشت كۆماوە.
گردەلە: تێك سمراو، چوارشانەی كورتەباڵا.
كولاژدم: دوپشك.
كلكت هەڵدەكەنم: دەرت دەكەم، دوورت دەخەمەوە.
خودسەرانە: لە خۆوە، بێپرس كردن.
پشتمالە: ئەوانەی لە دەوروبەری ماڵە گەورەن.
نەنگ: عەیب، شورەیی.
لاتەرازكە: كەنار گرتن.
بیمەعریفەت: بێنەزاكەت، سەرپل و تیژڕەو.
پەژموردە: بێتاقەت، ژاكاو.
سەندویچ: خواردنی سووك و سۆڵ.
تەڕەماش: تەڕەماش و تەڕەساز بۆ پێی بایی كردن دەوترێت.
لامەزەو: بێدین.
كەلەڤیش: باكردو، فشەباز، فیشاڵ كەر.
چش: نەویستن.